## تەنها چیاکان دۆستی گەلی کوردستانن

# بە یەکڕیزی نەتەوەییمان دەتوانین پیلانەکان تێکبشکێنین

هێرشی درندانەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لە بەرەبەیانی رۆژی ٢٠١٧/١٠/١٦ بۆ سەر کەرکووك و توزخورماتوو و خانەقین و شنگاڵ و مەخموور بە جۆرەها چەکی پێشکەوتووی ئەمریکی، جگە لەوەی بووە هۆی ئاوارەبوون و دەربەدەربوونی هەزاران هاووڵاتی سڤیل، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق چەندین تاوانیان دژ بە هاووڵاتییان لەو شارو شارۆچکانە ئەنجامدا، هەر لە دەربەدەرکردنی هاووڵاتیانی سڤیل تا دەگاتە کوشتن و ماڵ سووتاندن و تاڵانکردنی ماڵ و سامانی خەڵك، بێگومان ئەمەش ئەوە وەدەردەخات کەوا دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق دەیانەوێ هەمان سیاسەتی هەڵەی حکومەتەکانی پێشووی عێراق دووبارە بکەنەوە، ئەو راستییەشیان سەلماند کەوا روانینی دەسەڵاتی ئێستای عێراق هەمان روانینی دەسەڵاتەکانی پێشووە، ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت کەوا عەقڵییەتی دەسەڵاتداری عێراق چەقبەستووەو ناگۆڕێت. روانینی حەیدەر عەبادی و سەددام حوسین بۆ چارەسەری پرسی کورد هەمان روانینە! هەردوو لۆژیکی سەربازی دەخەنە پێش لۆژیکی دیالۆگ و لەیەکتر گەیشتن، ئەم روانین و هێرش و پەلامارانە پەیامێکن بۆ هەموو لایەك کەوا تائێستاش گەلی کوردستان هەڕەشەی لەسەرە و پێویستی بە پاراستن هەیە.

ئەم پیلان و هەڕەشانەی لەسەر گەلی کوردستان و ئەزموونەکەی بەڕێوەدەچێت، پیلانێکی ناوچەیی بەرنامە بۆ داڕێژراوی گەورەیە دژ بە گەلی کوردستان، ئەم پیلانانە دەمێکە کاری لەسەر دەکرێت و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرێت، هەموو لایەك باش دەمانزانی دوای شەڕی داعش هێزە عێراقییەکان رووی چەکەکانیان لە کوردستان دەکەن، ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ رێگرتن بوو لەو پیلانانە، واتە ئەو پیلانانە بەر لە ریفراندۆم هەبوون، لەوانەیە ریفراندۆم تەنیا کاریگەری لەسەر کاتی جێبەجێکردنی پیلانەکان هەبووبێت، عێراقییەکان ئازادکردنی حەویجەیان دواخست بۆ ئەوەی زۆرترین هێز بەو بیانووە بهێننە دەوروبەری کەرکووك، دوای حەویجە هەل بقۆزنەوە بۆ داگیرکردنی کەرکووك و دەوروبەری، پێش شەڕی داعشیش چەندین جار و لە چەندین بۆنەدا هەڕەشەی داگیرکردنەوەی کەرکووکیان دەکرد، کاتی خۆیشی بۆ ئەم مەبەستە (فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی دجلە)یان پێکهێنا.

واتە ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان و ناوچەکە دەگوزەرێ پیلانێکی پێشوەختە بووەو

**ئەم هێرش و پەلامارانەی حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان و هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بە خاڵە سنوورییەکان بۆ لاوازکردنی پێگەی باشووری کوردستان و داخستنی دەرگا لەسەر رۆژئاوای کوردستان و لێدانی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەمەش ئەو راستییەمان پێدەڵێت کەوا پیلانەکە زۆر لەوە گەورەترە کەوا هەندێ لایەنی ناوخۆ ئەم پیلان و هێرشانە تەنیا بە ریفراندۆم دەبەستنەوە**



**غەفوور مەخمووری**

**سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان** YNDK

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**

سەرکردایەتیی گەلی کوردستان درکی بەو پیلانە کردووە، بۆیە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی داوە، پێشووتریش هێزەکانی هاوپەیمانان لەو مەترسییانە ئاگادارکراونەتەوە، بەڵام بێهەڵوێست بوون، بێهەڵوێستیی هێزەکانی هاوپەیمانان لەو مەترسییانەی لەسەر گەلی کوردستان هەبوون، وای لەسەرکردایەتیی گەلی کوردستان کرد، کەوا پشت بە گەلی کوردستان ببەستێت، ئەوەش راستییەکەو نکۆڵی لێناکرێت، بێدەنگیی ئێستای وڵاتانی (هاوپەیمان لەشەڕی دژی داعش) بەرامبەر بە لەشکرکێشی عێراق بۆ سەر کوردستان ئەو راستییە دەسەلمێنێت، بەتایبەت بێهەڵوێستیی ئەمریکا لەم کارەساتەدا ئەوەمان وەبیردێنێتەوە کەوا ئەمریکا هەمیشە گەلانی چەوساوەی کردۆتە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی خۆی، ئەمریکا ئەوە چەندین جارە زوڵم لە گەلی کوردستان دەکات، بێگومان دەبوو ئێمە هەموو کات ئەو زوڵمەی ئەمریکامان لەبیربێت کەوا لە ساڵی ١٩٧٥ لە گەلی کوردستانی کرد و رووی کردە بەرژەوەندییەکانی خۆی و پشتی کردە گەلی کوردستان، ئەوەتا لە ٢٠١٧ هەمان شتی دووبارە کردەوە، دیسان گەلی کوردستانی کردە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆی، ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت کەوا ئەمریکا تەنیا دۆستی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی.

ئەنجامدانی ریفراندۆم لەلایەن گەلی کوردستان وەکو پرۆسەیەکی دیموکراسییانە بەپێی پرەنسیپەکانی (مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین و بنەما دیموکراتییەکان) ئەنجامدراوە، واتە گەلی کوردستان پرۆسەیەکی دیموکراسییانەی ئەنجامداوەو تاوانێکی نەکردووە، تاکو سزا بدرێت و پشتی تێبکرێت. نەدەبوو رێ بە عێراق و وڵاتانی ناوچەکە بدرێ کەوا گەلەکۆمەکی لە گەلی کوردستان بکەن و سزای بە کۆمەڵی بەسەردا بسەپێنن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بێهەڵوێست بمێنێتەوە.

بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتانی زلهێز لە ئاست تاوان و دەستدرێژییەکانی حەشدی شیعی و سوپای عێراق بەرامبەر بە گەلی کوردستان لە ١٦ / ١٠ / ٢٠١٧، باوەڕبوونی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و خودی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN بە پرەنسیپەکانی (مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین و بنەما دیموکراتییەکان) دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

**ئەو هاوسۆزییە نەتەوەییەی لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن بەرامبەر رەوشی باشووری کوردستان هەیە، هەنگاوێکی گرنگە بە ئاراستەی هاتنەدی یەکێتییەکی نەتەوەیی، پێویستە سوود لەم دەرفەتە وەربگرین و بەزووترین کات کار بۆ بەستنی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) بکەین**

**هیچ حکومەتێکی عێراق چ لە ئێستا و چ لە داهاتوودا ئامادە نین مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بسەلمێنن، بۆیە کارکردن بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەنجامی ریفراندۆمی گەلی کوردستان ئەرکێکی بەپەلەی ئەم قۆناخەی کار و خەباتی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانە**

**نەبوونی عەدالەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەراوێزخستنی بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییەکان لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاروەرگرتن لە کوردستان، ببووە هۆی دووبەرەکی و لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان**

**تەواوی مێژووی کوردستان بەرخۆدان و کەوتن و هەڵسانەوە و تێهەڵچوونەوەیە، گەلی کوردستان هەمیشە لە نائومێدییەوە مەزنترین ئومێدی بۆ داهاتوو بینا کردۆتەوە، بۆیە ئەم حاڵەتەی ئێستاش بەرامبەر ویستی هەقخوازانەی گەلی کوردستان دەپووکێتەوەو کۆتایی پێدێت**

بێدەنگیی ئەو لایەنانە بەرامبەر بەو زوڵمەی لە گەلی کوردستان دەکرێت، ئەوەمان پێدەڵێن کەوا پرەنسیپەکانی (مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین و بنەما دیموکراتییەکان) لەلایەن ئەو وڵات و لایەنانەی بانگەشەی بۆ دەکەن، تەنیا دروشمەو هیچی دیکە!!

ئەو بێهەڵوێستییەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جارێکی دیکە ئەو راستییەی سەلماندەوە کەوا ئێمەی گەلی کوردستان بێدۆستین و تەنیا چیاکان دۆستمانن، ئەم واقیعە تاڵە لەسەر سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و هەموو لایەکمان فەرز دەکات، کەوا وردبینانەتر لەجاران بیر بکەینەوەو بە مامەڵەو سیاسەتی خۆمان بەرامبەر بە هەموو لایەکدا بچینەوە، کارنامەیەکی نوێتر بۆ کارو خەباتی داهاتوومان دابڕێژین و مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ ئەم واقیعە بکەین و بۆ کاری داهاتوومان سوودی لێوەربگرین.

ئەو رووداوانەی ئێستا کاتین و تێدەپەڕن، لە رابردووشدا چەندین کارەسات و رووداوی لەوەش ناخۆشترمان بینیوە، داگیرکردنی کەرکووکیش نابێتە ئەمری واقیع، وەك هەموو لایەکمان دەزانین ساڵی ١٩٩١ هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەرکووکی ئازاد کرد، دواتر بە چرای سەوزی وڵاتە بەرژەوەندیخوازەکان عێراق کەرکووکی داگیرکردەوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ دا جارێکی دیکە کەرکووك لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئازاد کرایەوەو پاشان هاوپەیمانان وایانکرد بکەوێتەوە دەست عێراق، لە ٢٠١٤ دا جارێکی دیکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەرکووکی ئازاد کردەوە، تا لە رۆژی ١٦ / ١٠ / ٢٠١٧ جارێکی دیکە بەپێی پیلانێکی ناوچەیی و بە چرای سەوزی هاوپەیمانان لەلایەن حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان داگیرکرایەوە، ئەو راستییانە ئەوەمان پێدەڵێن کەوا گەلی کوردستان هیچ کاتێك دەستبەرداری کەرکووك نابێت و ئەم حاڵەتەی ئێستاش نابێتە ئەمری واقیع.

تەواوی مێژووی کوردستان بەرخۆدان و کەوتن و هەڵسانەوە و تێهەڵچوونەوەیە، گەلی کوردستان هەمیشە لە نائومێدییەوە مەزنترین ئومێدی بۆ داهاتوو بینا کردۆتەوە، بۆیە ئەم حاڵەتەی ئێستاش بەرامبەر ویستی هەقخوازانەی گەلی کوردستان دەپووکێتەوەو کۆتایی پێدێت، بەڵام لێرەدا پێویستە لەخۆمان بپرسین: بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو پیلان و هەڕەشانە و دەربازکردنی ئەم رەوشە چی بکەین؟ لە وەڵامدا پێویستە:

- بۆ وەستانەوە بە رووی ئەو پیلان و هەڕەشانە لەسەر هەموو لایەکمانە یەکدەنگ و یەکڕیز بین و ناوماڵی کوردستان بە زووترین کات رێکبخەینەوە، ئەمەش ئەرکی بەپەلەی نەتەوەیی و نیشتمانی هەموو لایەکمانە و پێویستە بە جددی کاری بۆ بکەین، لەم پێناوەدا پێویستە بە زووترین کات چەترێکی هاوبەش بۆ تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکبهێنرێت و هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەژێر ئەم چەترەدا کۆببنەوە و هیچ لایەك پەراوێز نەخرێت، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ رێکخستنەوەی ناوماڵی کوردستان و هێنانە کایەی یەکڕیزی و یەکدەنگی و، لە هەمان کاتدا دڵنیاییەك بە گەلی کوردستان دەدات بۆ داهاتوو.

- رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن بکەینە بنەمایەکی پتەو بۆ کاری داهاتوومان، لەبەر ئەوەی رەخنە میکانیزمی پێشکەوتنی هەر دامەزراوەو کۆمەڵگەیەکە، لە رێگەی رەخنەوە ئیمە ناتەواوی و هەڵەکانی خۆمان دەبینین، بێگومان دۆزینەوەی هەڵە و ناتەواوییەکان وامان لێدەکات بەدوای چارەسەردا بگەڕێین، لەم روانگەیەوە پێویستە لەسەر هەموو ئاستەکان بەخۆدابچینەوەو دان بەوە دابنێین کەوا شێوازی کارکردنمان لە رابردوودا کەموکوڕیی زۆری تێدابووە، لە رووی سیاسی و لە رووی دیپلۆماسی و لە رووی ئیداری و بازرگانی و تەواوی کایەکانی ژیان، حیزب هێندە باڵادەست بووە، شکۆی بۆ دامەزراوەکانی کوردستان نەهێشتۆتەوە، ئەم شێوازە کارکردنە کاریگەری نێگەتیفی هەبووەو لەناوخۆ و لەدەرەوەش رووبەڕووی رەخنە بۆتەوە، بۆیە پێویستە لەم رووەوە هەوڵی سیسماتیککردن و تەکنۆکراتکردنی دەزگاو دامەزراوەکانی کوردستان بدەین.

- نەبوونی عەدالەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەراوێزخستنی بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییەکان لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاروەرگرتن لە کوردستان، ببووە هۆی دووبەرەکی و لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان، پێویستە ئەم خاڵە بەهەند وەربگیرێت و چارەسەر بکرێت، چارەسەرکردنی ئەم گرفتە کلیلی کردنەوەی زۆربەی دەرگا داخراوەکانەو فاکتەرێکی بەهێزیشە بۆ رێکخستنەوەی ناوەندی سیاسی کوردستان، بۆ

ئەمەش پێویستیمان بە بڕیاری سیاسی بوێرانە و خۆنەویستانە هەیە.

- ئەم پەلامارو هێرشانە ئێستای هێزە عێراقییەکان بۆ سەر گەلی کوردستان ئەو راستییە دەسەلمێنن کەوا هیچ حکومەتێکی عێراق چ لە ئێستا و چ لە داهاتوودا ئامادە نین مافە رەواکانی گەلی کوردستان بسەلمێنن، بۆیە کارکردن بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەنجامی ریفراندۆمی گەلی کوردستان ئەرکێکی بەپەلەی ئەم قۆناخەی کار و خەباتی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانە، بۆ ئەمەش پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان) پێکبهێنێت، بۆ ئەوەی ئەم بۆردە بتوانێت کارنامەیەکی گشتگیر دابڕێژێت بۆ چۆنیەتی کارکردن و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان، بێگومان بۆ ئەمەش دەکرێ سوود لە ئەزموونی زۆر لە میللەتان و وڵاتان وەربگیرێت، کەوا چۆن کاریان کردووە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی خۆیان، پێویستە پێکهاتەی (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان)؛ بریتی بێت لە کەسانی شارەزا لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و کەسانی ناسراو و کاریگەریی کورد و بیانی کەوا ناسراو بن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؛ بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر ئاستی جیهان و لە ناوەندە بڕیاربەدەستەکان لوبی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەن، کەسایەتی وابن کەوا خودان ئەزموون و بەدەسەڵات بن بۆ ئەوەی گوێیان لێبگیرێت، لەم رووەوە پێویستە خۆمان لە کەسانی بازرگانی سیاسی بەدوور بگرین.

- ئەو هاوسۆزییە نەتەوەییەی لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن بەرامبەر رەوشی باشووری کوردستان هەیە، هەنگاوێکی گرنگە بە ئاراستەی هاتنەدی یەکێتییەکی نەتەوەیی، پێویستە سوود لەم دەرفەتە وەربگرین و بەزووترین کات کار بۆ بەستنی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە نەکەوینە ژێر کاریگەریی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و بڕیاری بوێرانەی خۆمان هەبێت، لە ئێستادا هەموو داگیرکەرانی کوردستان لە دژی گەلی کوردستان یەکیان گرتووە و کوردستانیان گەمارۆداوە، ئەوەی هەیە تەنیا گەلی کوردستانە لە تەواوی بەشەکانی کوردستان پشتیوانی لە باشووری کوردستان دەکەن، ئەم واقیعە لە هەموو لایەکمان دەخوازێت بەرەو یەکێتیی نەتەوەیی هەنگاو بنێین و (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) ببەستین، ئەمەش دەبێتە باشترین وەڵام بۆ داگیرکەرانی کوردستان.

- ئەم هێرش و پەلامارانەی حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان و هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بە خاڵە سنوورییەکان بۆ لاوازکردنی پێگەی باشووری کوردستان و داخستنی دەرگا لەسەر رۆژئاوای کوردستان و لێدانی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەمەش ئەو راستییەمان پێدەڵێت کەوا پیلانەکە زۆر لەوە گەورەترە کە هەندێ لایەنی ناوخۆ ئەم پیلان و هێرشانە تەنیا بە ریفراندۆم دەبەستنەوە، بێگومان ئەو رەوشەی ئێستا ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ رێگرتن بووە لەم پیلانە گەورەیە، ئەم واقیعەش ئەوە دەخوازێت کەوا بەزووترین کات کاربکرێت بۆ پێکهێنانی (هێزی بەرگری نەتەوەیی کوردستان)، بۆ ئەمەش پێویستە کار بۆ پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی هاوبەشی تەواوی هێزە سەربازییە کوردستانییەکان بکرێت، ئەمەش وادەکات باڵانسی هێز لە ناوچەکەدا بگۆڕێت.

- گەیاندنی راستییەکان و پیلان و هەڕەشەکان بە ناوەندە نێودەوڵەتی و دەزگا نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان پێویستی بە کاری دیپلۆماسیەتی نەتەوەیی هەیە، بۆ ئەمەش پێویستیمان بەوە هەیە کە (کۆمیتەی نەتەوەیی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان) دابمەزرێنین و لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی جیهان بکەوینە کارکردن و، دەنگمان بە هەموو لایەك بگەیەنین، بۆ پشتیوانی کاری ئەم کۆمیتەیە رێکخستنی رەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات لە دامەزراوەیەکی نەتەوەیی بەهەند وەربگیرێت و بەردەوام هەوڵبدرێت لە کارو چالاکی جۆراوجۆردا بن بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ بخەنە سەر ناوەندەکانی بڕیار لەسەرتاسەری جیهان.

ئەگەر ئێمە توانیمان لە ماوەیەکی کەمدا بەم شێوەیەی کە باسمانکرد خۆمان رێکبخەینەوەو بکەوینە کارو خەبات، بە دڵنیاییەوە بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاو دەنێین و لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانین ئەو پیلان و گەمارۆیانەی سەر کوردستان تێکبشکێنین، بۆ ئەمەش پێویستیمان بەوەیە رەچاوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی بکەین و دەستبەرداری بەرژەوەندییە کەسی و حزبییەکان بین.

**دەبوو ئێمە هەموو کات ئەو زوڵمەی ئەمریکامان لەبیربێت کەوا لە ساڵی ١٩٧٥ لە گەلی کوردستانی کرد و رووی کردە بەرژەوەندییەکانی خۆی و پشتی کردە گەلی کوردستان، ئەوەتا لە ٢٠١٧ هەمان شتی دووبارە کردەوە، دیسان گەلی کوردستانی کردە قوربانی بەرژەوندییەکانی خۆی**

**ئەم پیلان و هەڕەشانەی لەسەر گەلی کوردستان و ئەزموونەکەی بەڕێوەدەچێت، پیلانێکی ناوچەیی بەرنامە بۆ داڕێژراوی گەورەیە دژ بە گەلی کوردستان، ئەم پیلانانە دەمێکە کاری لەسەر دەکرێت و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرێت**

**عەقڵییەتی دەسەڵاتداری عێراق چەقبەستووەو ناگۆڕێت. روانینی حەیدەر عەبادی و سەددام حوسین بۆ چارەسەری پرسی کورد هەمان روانینە! هەردوو لۆژیکی سەربازی دەخەنە پێش لۆژیکی دیالۆگ و لەیەکتر گەیشتن، ئەم روانین و هێرش و پەلامارانە پەیامێکن بۆ هەموو لایەک کەوا تائێستاش گەلی کوردستان هەڕەشەی لەسەرە و پێویستی بە پاراستن هەیە**




# عەبادی هاوپەیمانی ئەمریکایە یان ئەندامێکی سوپای قودسی پاسدارانە؟



رۆژی ١٣ی ئۆکتۆبەری 2017 دۆناڵد ترەمپ-ی سەرۆکی ئەمریکا ستراتیژێکی بۆ رووبەڕووبوونەوەی چالاکییە ناسەقامگیرییە ئیقلیمەکانی هێزەکانی سوپای پاسداران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست راگەیاند، لە رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودسی سوپای پاسداران بە رێککەوتنی لەگەڵ چەند کادرێکی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دانانی هێزی دژە تیرۆری سەر بە یەکێتی، وەك پێش لەشکری میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی، توانی زۆر بە ئاسانی کەرکووك داگیربکاتەوە. ئامانجی قاسم سولەیمانی ئەگەر لە رووکاردا کاردانەوەیەك بێت بۆ ستراتیژەکەی ترەمپ کە سوپای پاسدارانی وەك تۆڕێکی میلیشیایی و تێکدەری سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێناسەکردووە، لە هەمانکاتدا ئامانجی شاراوەی ئەو پیلانەی قاسم سولەیمانی بە هێرشکردنە سەر کوردستان بۆ ئەوە بوو کە باشترین و پشت پێ بەستووترین هاوپەیمانی ئەمریکاو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش تێکبشکێنێت و سوپای پاسداران و تۆڕی ملیشیا وەکیلەکانی بکاتە تەنیا براوەی شەڕی دژی داعش لە عێراقدا بەتەواوی و تا رادەیەکی زۆریش لە سووریادا.

حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق کە هەتا ئێستاش لەسەر شانۆی رووداوەکان دەیەوێت وەك سەرۆك وەزیرانێکی بەهێز و براوەی شەڕی دژی داعش و پارێزەری یەکپارچەیی عێراق خۆی نمایش بکات، بێجگە لە سەربازێکی بەردەستی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودسی سەر بە سوپای پاسداران شتێکی دیکە نییە، سەبارەت بەم بۆچوونە کازم سەیاد پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسای سەر بە نوری مالیکی و فەرماندەیەکی حەشدی شەعبی، لە میانەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی سوێندی بە عەباس خوارد، ئەو کەسەی کە رۆڵی سەرەکی هەبووە لە داگیرکردنەوەی کەرکووك، قاسم سولەیمانی بووە، نەك حەیدەر عەبادی. پێشکەشکاری بەرنامەکە لێی پرسی: ئەگەر ئێستا پەیوەندی بە ئەحمەد ئەسەدی وتەبێژی هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە بکەین و بڵێت عەبادی کەرکووکی داگیرکردۆتەوە، ئەو کات چی دەڵێت؟ لە وەڵامدا کازم سەیادی پێی گوت: «بە عەباس پێی دەڵێم درۆ دەکەی.» هەر بۆیە لەناو بەرنامەکە کازم سەیاد تەلەفۆنی بۆ ئەحمەد ئەسەدی کردو پێی سەلماند کە دارێژەی پیلانی داگیرکردنەوەی کەرکووك و رێککەوتن لەگەڵ چەند کادرێك و هێزی دژە تیرۆری یەکێتی، قاسم سولەیمانی بووە و دوای ئەم رێککەوتنە قاسمی سولەیمانی فەرمانی بە حەیدەر عەبادی کردووە کە هێزەکانی بەرەو کەرکووك جوولە پێ بکات.

لەدوای کۆچی دوایی شا عەبدوڵا و بوونی شا سەلمان بە پادشای شانشینی سعودیە، ئەمریکا پشتگیریی تەواوی سعودیە و دەوڵەتانی عەرەبی کردووە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ئێران لەسەر ناوچەکە، خاڵی دەستپێکی سعودیەش بۆ لغاوگیرکردنی هەڕەشەکانی ئێران لە حوسییەکانەوە دەستی پێکرد، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چەکدارە حوسییەکانی یەمەن وەك چەکدارەکانی حزبوڵای لوبنانی پاشکۆ و وەکیلی سوپای پاسداران نین و لەمەش زیاتر چەکدارە حوسییەکان زەیدین و بڕوایان بە ویلایەتی فقهی نییە، یان راشکاوانەتر بڕوایان بەوە نییە کە لە یەمەن کۆمارێکی ئیسلامی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی دابمەزرێنن، بەڵام کاتێك سوپای پاسداران کەوتە هەناردەکردنی چەك بە رێگەی قاچاخ بۆ حوسییەکان و ناردنی راوێژکاری شارەزا بۆ پەرەپێدانی رۆکێتەکانیان بۆ ئەوەی سعودیە رۆکێتباران بکەن، سعودیە هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ ئەوەی ئەو دومەڵەی سوپای پاسداران لە یەمەن هەڵبکشێت و حوسییەکان ناچار بکات کە بێنە سەر مێزی گفتوگۆ و لە ئێران دوور بکەونەوە، بەڵام سوپای پاسدارانی ئێران هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ کە حوسییەکان لە جیهانی عەرەبی داببڕێت و بیانکاتە پاشکۆ و وەکیل لەو ناوچە گرنگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەیەك کاتدا ئاسایشی ئاوەکانی کەنداو و دەریای سوور بخاتە مەترسییەوە. ئەم ستراتیژەی سعودیەش ماناکەی ئەوەیە ئەو هێز و لایەنانەی بوونە هاوپەیمانی سوپای پاسداران و هێشتا نەبوونەتە پاشکۆ و وەکیلی سوپای

**میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی عێراق و لوبنان لە ساڵی ٢٠١٤وە جیهادی شیعەیان لە دیمەشقەوە راگەیاندووە، ئەم جیهادەش راستەوخۆ ئاراستەیە بۆ ئەمریکا و تەواوی هاوپەیمانەکانی لە هەموو جیهاندا، هەموو جیهانیش گوێی لە فەرماندە سەربازییەکانی ئێران بوو، کاتێک وەڵامی ستراتیژەکەی ترامپیان دایەوە و بە ئاشکرا گوتیان بە درێژایی ٢٠٠٠ کیلۆمەتر تەواوی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکەوێتە بەر هێرشی رۆکێتەکانمان، ئەگەر ئەمریکا سوپای پاسداران وەک تیرۆریست بناسێنێت**

**لە قۆناخی یەکەمدا چەکی ئەمریکی تیرۆریستانی داعشی کردە ئەفسانەیەک کە هەرگیز لە شکاندن نەیەت، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو ئەفسانەی هەڵوەشاندەوە، ئەمجارەشیان چەکی ئەمریکی حەشدی شەعبی و سوپا پاسداران خەریک بوو بکاتە ئەفسانەیەکی دیکەی لەشکان نەهاتوو، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تێکشکاندنی تانکی ئەبرامز و هامڤی ئەمریکی ئەفسانەی حەشدی شەعبیشی بەتاڵ کردەوە**

پاسداران لە ئێران دوور بخرێنەوە.

ئەوجا ئەگەر لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژەی ئەمریکا و سعودیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراقدا دۆخەکە بخوێنینەوە، ئەوا سعودیە لەو چوارچێوەیە مامەڵەی لەگەڵ حەیدەر عەبادی کردووە کە راستە حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی یەکێکە لە هاوپەیمانە نزیکەکانی سوپای پاسداران و ئێران، بەڵام ئەویش وەك حوسییەکان بڕوای بەوە نییە کە سیستمی سیاسیی عێراق لە دەوڵەتێکی مەدەنی و فیدراڵییەوە بگۆڕێت بۆ سیستمێکی کۆماری ئیسلامی بە هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەسەر ئەم بنەمایە و بە هاندانی ئەمریکا ماوەی یەك دوو ساڵە سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو هان دەدرێن کە حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی گرێبدرێتەوە بە دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بەگشتی و بەتایبەتیش گرێبدرێتەوە بە سعودیەو بەپێی ئەم پلانەی ئەمریکاو سعودیەش کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتەکەی عەبادی داڕێژدراوە، ئەوا عێراق وەك دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی و فیدڕاڵی لە ئێران دوور دەخرێتەوە و دەبێتە دۆست و هاوپەیمانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا، هەر بۆیە لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هاریکاری سعودیەو عێراق، کە ریکس تیلێرسۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش ئامادە بوو، راشکاوانە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و لایەنی سعودیەش ئەو پەیامەیان بە حەیدەر عەبادی راگەیاند، کە ئەم کۆبوونەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە عێراق لەژێر نفووز و باڵادەستیی ئێران رزگاری بێت و لەمەش زیاتر تەواوی ئەو پاسدار و راوێژکارە سەربازییانەی ئێران کە لە عێراقدا بوونیان هەیە، دەبێت لە عێراق بچنە دەرەوە، هەروەها دەبێت میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی-یش تەسریح بکرێن و تێکەڵی ژیانی مەدەنی بکرێنەوە و چەکدار نەبن، بەڵام یەکەم کاردانەوەی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ پەیامەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەوە بوو کە دەڵێت: (دەبێت هەموومان شانازی بە حەشدی شەعبییەوە بکەین لەبەر ئەوەی ئەم هێزە پارێزەری ئاسایشە بۆ عێراق و ناوچەکەش)، لەدوای ئەم وەڵامەی عەبادی، تیلێرسۆن بە شێوەیەکی کتوپڕ و بێ بەرنامە سەردانی بەغدای کردو لەگەڵ حەیدەر عەبادی کۆبۆوەو ئەمجارەیان زۆر راشکاوانە پێی راگەیاند کە ئەوەی پێی گوتراوە جددییە و نابێت میلیشیای پرۆ ئێرانی و پاسدار و راوێژکاری سەربازی ئێرانی لە عێراقدا بمێنێت، بەڵام پێدەچێت هێشتا عەبادی باش لە پەیامەکەی ئەمریکا و سعودیە تێنەگەیشتبێت، بۆیە بە پەلە خۆی گەیاندە ئێران و لەوێش پێیان راگەیاند، زۆر ئاگات لەخۆت بێت، ئەمریکا بەنیازە گورزێکت لێ بوەشێنێت، ئەم پەیامەی ئێران بۆ عەبادی مانای ئەوەیە، تۆ بێجگە لە یەك رێگە، رێگەی دووەمت لەبەردەمدا نییە، ئەمەش واتە ئەگەر بەنیازی ببیتە هاوپەیمانی ئەمریکا و سعودیە دژی ئێران، ئەوا ئەو کارە بەتۆ ناکرێت و ئەگەر بشتەوێت وەك سەرۆك وەزیران بمێنیتەوە، ئەوا دەبێت وەك مالیکی و هادی عامری فەرمانەکانی سوپای پاسداران و هێزەکانی قودس لە رێگەی قاسم سولەیمانییەوە جێبەجێ بکەیت.

**● ئەمجارەیان قاسم سولەیمانی بە ترەمپ دەڵێت:**

**هەر کەسێك سەرۆك وەزیرانی عێراق بێت ئەندامێکی سوپای پاسدارانە**

لە ساڵی ٢٠٠٧ و لەو کاتەی ژەنڕاڵ پەتریۆس داوای کردبوو کە باڵیۆزی ئێران ئەندامێکی هێزەکانی قودسە و پێویستە ئێران باڵیۆزەکەی بگۆڕێت و یەکێکی دیکە دابنێت، قاسم سولەیمانی نامەیەکی بۆ پەتریۆس ناردبوو کە تیایدا ئاماژەی بەوە کردبوو، ئەگەر بیانووی تۆ ئەوەیە ئەم باڵیۆزە ئەندامی هێزەکانی قودسە و نابێت نوێنەرایەتی دیپلۆماتییەتی ئێرانی لە عێراقدا بکات، ئەوا ئەو کەسەشی کە جێگەی ئەم باڵیۆزەی ئێستای ئێران لە عێراقدا دەگرێتەوە، هەر ئەندامی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانە.

لەساڵی ٢٠١٠ باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا پێداگیری لەسەر ئەوەکرد کە نابێت ئەیاد عەلاوی وەك براوەی هەڵبژاردنەکانی عێراق ببێتە سەرۆك وەزیران و کاندیدی پەسەندکراوی ئەمریکا بۆ ئەو پۆستە نوری مالیکی بوو، بۆ ئەمەش قاسمی سولەیمانی نەك هەر دژایەتی

**ئەگەر جیهان لە مەترسیی جیهادی شیعە و تۆڕی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی سەر بە سوپای پاسداران وەک خۆی تێنەگات و ئەمجارەش وەک ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٧ پشتگیری کوردستان نەکات، ئەوا ئەگەر داعش لە پاکستانەوە هەتا نەیجیریا هەڕەشە بوو بێت بۆ سەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا، ئەوا میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی هاوشێوەی حزبوڵای لوبنانی لە ئەمریکای لاتینەوە تا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئوسترالیا و لە ئەفریقیاوە تا دەگاتەوە ئەوروپا، مەترسی لەسەر ڕۆژئاوا و هاوپەیمانەکانی لە جیهاندا دروست دەکەن**

**هێرشکردنە سەر کوردستان و داگیرکردنەوەی کەرکووک بەتایبەتی کە بە پیلانی قاسم سولەیمانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بۆتە هۆکاری ئەوەی نەک هەر هەموو میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ببنە هێزێکی یەکگرتوو لەژێر چەتری هێزی قودسی سوپای پاسداراندا، بەڵکو سەرۆک وەزیرانی عێراق و تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی شیعە خۆیان بە قەزرای سوپای پاسداران دەزانن و زیاتر خۆیان دەکەنە پاشکۆی ئێران و لە سعودیە و ئەمریکا دوور دەکەونەوە**

**ماکماستەر راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمریکا راشکاوانە ئاماچەی بەوە کردووە کە لە هەر شوێنێک کێشەیەک هەبێت و هێزە لۆکاڵەکان لەگەڵ یەکتری شەڕ بکەن، هەر لەو شوێنەش دەستی سوپای پاسداران دەبینرێت، لە ناو هەرێمی کوردستانیشدا، سوپای پاسداران سوودی لەو دابەشبوونەی ناو یەکێتی نیشتمانی وەگرت کە دوای مردنی جەلال تاڵەبانی دروست ببوو، بۆیە سوپای پاسداران هەوڵیدا لەسەر حیسابی ئاسایش و سەقامگیری عێراق ئەم بارودۆخە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت**

**ئێستا ئیدارەی ئەمریکی بە گشتی و ریکس تێلرسۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە جۆرێک زمانی خۆیان لەگەڵ عەبادی گۆڕیووە خەریکە ئەوەی پێ رادەگەیەنن ئەگەر وەک وتەبێژی قاسمی سولەیمانی و سوپای پاسداران لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکی قسە دەکەیت، ئەوا ئەمریکاش وەک سوپای پاسداران مامەڵە لەگەڵ حکومەتی عێراقی دەکات**

نەکرد، بەڵکو کارئاسانی زیاتری بۆ کردو گوشاری خستە سەر موقتەدا سەدر و تەیاری سەدری کردە بەشێك لەو هاوپەیمانییەی کە نوری مالیکی دەبوو بە کاندیدی بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق، بەڵام لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٤ دیسان باراك ئۆباما پێداگیری لەسەر ئەوە کرد، ئەگەر نوری مالیکی ببێتەوە بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەوا ئەمریکا هیچ هاوکارییەکی سەربازی پێشکەشی عێراق ناکات لە شەڕی دژی تیرۆردا، ئەمجارەشیان قاسم سولەیمانی نەك هەر دژایەتی ئەمریکای نەکرد، بەڵکو گوشاری خستە سەر مالیکی کە واز لە پۆستی سەرۆك وەزیران بێنێت و لە جێگەی ئەو حەیدەر عەبادی ببێتە ئەو کاندیدە پەسندەی کە ئەمریکا داوای دەکات.

ئەمریکا لەماوەی سێ ساڵی رابردوو کاری زۆری لەسەر ئەوە کردووە بەوەی حەیدەر عەبادی دەوڵەتمەدارێکی سەربەخۆیە و نەبۆتە پاشکۆ و وەکیلی سوپای پاسداران و ئەو کەسەیە کە دەتوانێت نفووز و باڵادەستیی ئەمریکا لە عێراقدا سنووردار بکات، هەر بۆیە ئەمریکا بۆ ئەوەی پێگەی عەبادی بە بەهێزی بمێنێتەوە و هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق بباتەوە و خولێکی دیکەش سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق وەربگرێتەوە، زۆر بە توندی پشتگیری عەبادی کردو دژی ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستان وەستایەوە، لەمەش زیاتر دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم، ئەمریکا بە جۆرێك هەڵوێستی خۆی دژی ریفراندۆم و ئاکامەکەی پیشاندا کە زۆر لە پسپۆڕان بەو جۆرە ئەو هەڵوێستەیان خویندەوە کە ئەوە هەڵکردنی تیشکی سەوزە لەلایەن ئەمریکاوە بۆ عەبادی بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەك سزای کوردستان بدات، بەڵام ئەم پشتگیرییەی ئەمریکا بۆ عەبادی نەبووە هۆکاری ئەوەی عەبادی خۆی بتوانێت هێز بەرامبەر کوردستان بجووڵێنێت، بەڵکو ئەوە قاسمی سولەیمانی بوو پیلانی هێرشکردنە سەر کوردستانی داڕشت و فەرمانی بە عەبادی کرد هێز بجووڵێنێت، لەمەش خراپتر دوای ئەوەی بە فەرمانی قاسمی سولەیمانی، عەبادی هێزی حەشدی شەعبی بەرامبەر کوردستان جووڵاند و کەرکووکی داگیرکردەوەو پاشانیش تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی بە پێچەوانەی دەستووری عێراق داگیرکردەوە، ئەمجارەیان سەرۆك ترەمپ زۆر راشکاوانە رایگەیاند کە ئەمریکا لەم شەڕەدا بێلایەن دەبێت و لایەنگیری کوردستان و عێراق ناکات. ئەم گۆڕانکارییانەش واتە سەرکەوتنە سەربازییەکانی پیلانەکەی قاسم سولەیمانی و هەڵوێستی ئیدارە و سەرۆکی ئەمریکا بۆ پشتگیری حەیدەر عەبادی، بە جۆرێك حەیدەر عەبادییان تووشی غرووری و سەرخۆشی کردووە کە راشکاوانە بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بڵێت: «دەبێت داوای لێبووردن بکەیت، کاتێك داوا دەکەیت هێزەکانی حەشدی شەعبی تەسریح بکرێن و تێکەڵی ژیانی مەدەنی بکرێتەوە، هەروەها کاتێك داوا دەکەیت پاسدار و راوێژکارە سەربازییەکانی ئێران لە عێراق بکشێنەوە.» ئەم پەیامەی عەبادی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای کردووە، پەیامی عەبادی نییە بۆ ئەمریکا، بەڵکو ئەمە لەلایەن قاسم سولەیمانییەوە پێی راگەیەنراوە کە بەوجۆرە بەرامبەر ئەمریکا هەڵوێست دەرببڕێت، بەدیوێکی دیکەدا قاسم سولەیمانی دەیەوێت پەیامەکەی خۆی ئەمجارەیان بە عەبادیدا بۆ تیلرسۆن و ترەمپ بنێرێت و پیان دەڵێت: ئێوە داواتان کرد مالیکی لە جێگەی خۆی بمێنێتەوە، پشتگیریمان کردن، پاشان داواتان کرد مالیکی بگۆڕێت بۆ عەبادی هەر پشتگیریمان کرد، ئێستا ئەوەتا راست و راست پێتان دەڵێن، سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی بێت، یان حەیدەر عەبادی، یاخود هەر کەسێکی دیکە، ئەندامێکی هێزی قودسی سوپای پاسدارانە و قاسم سولەیمانی ئاراستەی دەکات، ئەوجا دەیگۆڕن پشتگیریتان دەکەین، دەیهێڵنەوە، هەر پشتگیریتان دەکەین، چونکە بۆ سوپای پاسداران هیچ جیاوازیەکی نییە و هەر کەسێکی دیکەش پەسند بکەن بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق، هەر ئەندامێکی هێزەکانی قودس دەبێت.

پێدەچێت دوای ئەم پەیامەی قاسمی سولەیمانی کە لە رێگەی عەبادییەوە ئاراستەی ئیدارەی ترەمپ کراوە، ئێستا ریکس تیلێرسۆنی

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا باش تێگەیشتبێت و دەزانێت کە حەیدەر عەبادی بێجگە لە سەربازێکی بەر دەستی قاسم سولەیمانی هەرگیز سەرۆك وەزیرانی ئەو عێراقە نابێت کە ئەمریکا دەیەوێت هاوپەیمانێکی بەهێزی بێت، هەر بۆیە ئێستا ئیدارەی ئەمریکی بە گشتی و ریکس تیلرسۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە جۆرێك زمانی خۆیان لەگەڵ عەبادی گۆڕیوەو خەریکە ئەوەی پێ رادەگەیەنن ئەگەر وەك وتەبێژی قاسمی سولەیمانی و سوپای پاسداران لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکی قسە دەکەیت، ئەوا ئەمریکاش وەك سوپای پاسداران مامەڵە لەگەڵ حکومەتی عێراقی دەکات و ئەگەر دەتەوێت وەك حکومەتی عێراق مامەڵەت لەگەڵ بکەین، ئەوا دەبێت بیسەلمێنی کە حکومەتی عێراق هاوپەیمانی ئەمریکا و دژی نفووز و باڵادەستیی ئێرانە لە عێراقدا.

ئەو پسپۆڕ و توێژەرانەی کار لەسەر نفووز و باڵادەستیی ئێران لە عێراقدا دەکەن، راشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق پێگەو دەسەڵاتی لە عێراقدا لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێت رووبەڕووی نفووز و باڵادەستیی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی و رۆڵی کاریگەریی هێزی قودس لە عێراقدا ببێتەوە، هەر بۆیە هاوکات لەگەڵ ئەو پەیامانەی هێزەکانی قودس لەلایەن حەیدەر عەبادییەوە بە ئەمریکا دەدرێت، لە هەمانکاتدا فەرماندەکانی حەشدی شەعبییش وەك هادی عامری و قەیس غەزعلی و ئەوانی دیکەش پەیامی توندتر بۆ ئەمریکا دەنێرن و راشکاوانە دەڵێن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێت پێناسەی حەشدی شەعبی بکات، لەمەش زیاتر هەر ئەو سەرکردانەی حەشدی شەعبی بە جۆرێك بەرامبەر عەبادی قسە دەکەن کە بواری ئەوەیان بۆ نەهێشتۆتەوە کە نمایشێکی دیپلۆماتیش بکات، بۆیە راشکاوانە پێی دەڵێن، ئەو سەرکەوتنانەی لە هێزەکانی حەشدی شەعبی دژی کوردستان بەدەستیهناوە، رۆڵی سەرەکی بۆ قاسم سولەیمانی دەگەڕێتەوە، نەك حەیدەر عەبادی، بە دیوێکی دیکەدا بە ئەمریکا دەڵێن، حەیدەر عەبادی ئەو سەرکردە بەهێزە نییە کە تۆ پشتت پێ بەستووە، بەڵکو بێجگە لە پاسدارێك لە بەر دەستی قاسم سولەیمانیدا شتێکی دیکە نییە. واتە ئەوەی بە کردەوە حوکمڕانی عێراق دەکات و فەرمان بە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق دەکات کە دەتوانێت هێز بجووڵێنێت، ئەویش تەنیا (حاجی قاسمی سولەیمانی)یە.

**● کوردستان کرایە کارتێك**

**بۆ ئاشکرا کردنی گەورەیی نفووزی ئێران لە عێراقدا**

ماکماستەر راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمریکا راشکاوانە دەڵێت: «ئێمە دەمانەوێت عێراق بەهێز بێت، بەڵام لە بەرامبەردا دەشمانەوێت کوردستانیش بەهێز بێت.» ئەمەش وەڵامێکی ناڕاستەوخۆی ئیدارەکەیەتی کە لە پێناوی پیشاندانی عێراقێکی بەهێزدا ئەوەی لەبیرچوو کە پێویستە کوردستانیش بەهێز بێت، ئەم راوێژکارە لە دیمانەیەکی لەگەڵ کەناڵی (الحرة) ئاماژە بەوە دەکات، دەستی سوپای پاسداران گەیشتۆتە هەموو دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئامانجی ئەوەیە کە ئەو وڵاتانە کاول بکات و خۆی تێدا باڵادەست بکات، هەر بۆیە لە هەر شوێنێك کێشەیەك هەبێت و هێزە لۆکاڵەکان لەگەڵ یەکتری شەڕ بکەن، هەر لەو شوێنەش دەستی سوپای پاسداران دەبینرێت، لە ناو هەرێمی کوردستانیشدا، سوپای پاسداران سوودی لەو دابەشبوونەی ناو یەکێتی نیشتمانی وەرگرت کە دوای مردنی جەلال تاڵەبانی دروست ببوو، بۆیە سوپای پاسداران هەوڵیدا لەسەر حیسابی ئاسایش و سەقامگیری عێراق ئەم بارودۆخە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت.

ئەم ئاماژە پێدانە راشکاوانەیەی ماکماستەر بە رۆڵی تێکدەرانەی قاسم سولەیمانی و سوپای پاسداران، ئاماژەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی ئەمریکا لە باڵادەستی و نفووزی ئێران لە ناو عێراقدا، هەر بۆیە لەوانەیە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا پێش دەرکەوتنی ئەم رۆڵە گەورەیەی سوپای پاسداران لە عێراقدا، لەو بڕوایەدا بووبێت کە بە پشتگیریکردنیان لە عەبادی بۆ پاریزگاریکردن لە یەکپارچەیی عێراق و دژایەتی ئەمریکا بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی

**لە ساڵی ٢٠٠٧ و لەو کاتەی ژەنڕاڵ پەتریۆس داوای کردبوو کە باڵیۆزی ئێران ئەندامێکی هێزەکانی قودسە و پێویستە ئێران باڵیۆزەکەی بگۆڕێت و یەکێکی دیکە دابنێت، قاسم سولەیمانی نامەیەکی بۆ پەتریۆس ناردبوو کە تیایدا ئاماژەی بەوە کردبوو، ئەگەر بیانووی تۆ ئەوەیە ئەم باڵیۆزە ئەندامی هێزەکانی قودسە و نابێت نوێنەرایەتی دیپلۆماتیەتی ئێرانی لە عێراقدا بکات، ئەوا ئەو کەسەشی کە جێگەی ئەم باڵیۆزەی ئێستای ئێران لە عێراقدا دەگرێتەوە، هەر ئەندامی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانە**

**کاتێک سوپای پاسداران کەوتە هەناردەکردنی چەک بە رێگەی قاچاخ بۆ حوسییەکان و ناردنی راوێژکاری شارەزا بۆ پەرەپێدانی رۆکێتەکانیان بۆ ئەوەی سعودیە رۆکێتباران بکەن، سعودیە هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ ئەوەی ئەو دومەڵەی سوپای پاسداران لە یەمەن هەڵبکشێت و حوسییەکان ناچار بکات کە بێنە سەر مێزی گفتوگۆ و لە ئێران دوور بکەونەوە**

**کازم سەیاد پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاساى سەر بە نوری مالیکی و فەرماندەیەکی حەشدی شەعبی، لە میانەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی سوێندی بە عەباس خوارد، ئەو کەسەی کە رۆڵی سەرەکی هەبووە لە داگیرکردنەوەی کەرکووک، قاسم سولەیمانی بووە، نەک حەیدەر عەبادی. پێشکەشکاری بەرنامەکە لێی پرسی: ئەگەر ئێستا پەیوەندی بە ئەحمەد ئەسەدی وتەبێژی هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە بکەین و بڵێت عەبادی کەرکووکی داگیرکردۆتەوە، ئەو کات چی دەڵێت؟ لە وەڵامدا کازم سەیادی پێی گوت: «بە عەباس پێی دەڵێم درۆ دەکەی»**

**ئامانجی شاراوەی ئەو پیلانەی قاسم سولەیمانی بە هێرشکردنە سەر کوردستان بۆ ئەوە بوو کە باشترین و پشت پێ بەستووترین هاوپەیمانی ئەمریکاو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش تێکبشکێنێت و سوپای پاسداران و تۆری ملیشیا وەکیلەکانی بکاتە تەنیا براوەی شەڕی دژی داعش لە عێراقدا بەتەواوی و تا رادەیەکی زۆریش لە سووریادا**

کوردستان، دەبێتە فاکتەرێك بۆ بەهێزبوونی گیانی قەومی عەرەبی لە عێراقدا و هەروەها بەهێزبوونی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە لە چوارچێوەی فەتواکەی سیستانی بوونە حەشد و باڵادەست دەبن بەسەر میلیشیا پرۆ ئیرانییەکانی ناو حەشد، بەڵام ئەم بۆچوونە پێچەوانە شکایەوە، هێرشکردنە سەر کوردستان و داگیرکردنەوەی کەرکووك بەتایبەتی کە بە پیلانی قاسم سولەیمانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بۆتە هۆکاری ئەوەی نەك هەر هەموو میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ببنە هێزێکی یەکگرتوو لەژێر چەتری هێزی قودسی سوپای پاسداراندا، بەڵکو سەرۆك وەزیرانی عێراق و تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی شیعە خۆیان بە قەزرای سوپای پاسداران دەزانن و زیاتر خۆیان دەکەنە پاشکۆی ئێران و لە سعودیە و ئەمریکا دوور دەکەونەوە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا دوای ئەو هەڵەیەی ئێدارەی ئەمریکا لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی عێراق و هەڵسەنگاندیان بۆ کەسایەتی و پێگەی حەیدەر عەبادی کردیان، ئایا بە تەواوەتی پشت لە کوردستان دەکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە گۆڕانکارییەکانی ئەم چەند رۆژی رابردوو دەیداتەوە، ئەمەش لەلایەك لە پەلەپەل کردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان بە فەرمانی راستەوخۆی قاسم سولەیمانی و بە چاودێری راستەوخۆی مەهدی موهەندیس و هادی عامری، کە دەیانەوێت پێش ئەوەی ئەمریکا کاردانەوەی توندو یەکلاکەرەوەی بەسەر ئەم واقیعە سەپاوەی قاسمی سولەیمانیدا هەبێت، هەموو ئامانجەکانی خۆیان بپێکن و کوردستان بە ئاستێك لاواز بکەن کە نەتوانێت بە ئاسانی خۆی راست بکاتەوە، بەڵام پێدەچێت ئەمریکا و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش لەم ئامانجە ئاشکرایەی سوپای پاسداران لە عێراقدا تێگەیشتبن، بۆیە جیا لەوەی ئەنجومەنی ئاسایش بە فەرمی دوای کردووە شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و حەشدی شەعبی رابوەستێت، لە هەمانکاتیشدا رۆژ لەدوای رۆژ پشتگیرییەکان بۆ هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زیادبووندایە کە داوای کردووە دەست بەجێ شەڕ رابوەستێت و دەست بە دیالۆگێکی کراوە بکرێت. بەڵام گرنگ لێرەدا هەڵوەستە کردنە لەسەر هەڵوێستی حکومەتی عێراق بەرامبەر هەڵوێستی هەرێمی کوردستان و پرسیار ئەوەیە ئایا حەیدەر عەبادی وەڵامی بۆ ئەو داواکارییەی هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت؟ بێگومان وەك هەتا ئێستا گوێمان لە هەڵوێستی حکومەتی عێراق بووە، هەڵوێستەکەیان بەو جۆرە بووە کە مەرجی پێشوەختەو نادروست بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان دادەنێن، ئەم رەتکردنەوە ناڕاستەوخۆیەی عێراق بۆ دیالۆگ لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەوە پیشاندەدات کە حکومەتی عێراق ناتوانێت تاسەر دژی داواکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی رابوەستێت، بەڵام مەبەستێتی لە ژێر پەردەی مەرج و مەرجکاری کاتی زیاتری بەدەستەوە بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت گورزێکی دیکەی سەربازی لە کوردستان بوەشێنێت و پێگەی کوردستان لە سەر مێزی گفتۆگۆ و دانوستاندن لاواز بکات، بەڵام ئایا لاوازیی کوردستان لەسەر مێزی گفتۆگۆ فاکتەرێکی باشە بۆ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و ئەمریکا، یان بە دیوەکەی دیکەدا ئایا ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی عێراق ببێتە هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە واقیعی ئێستای عێراق دەیداتەوە کە پێمان دەڵێت لاوازیی کوردستان دەبێتە زیاتر باڵادەستی و نفووزی ئێران و دەوڵەتی عێراق دەکاتە حزبوڵایەکی هاوشێوەی حزبوڵای باشووری لوبنان و تەواوی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە دەخاتە مەترسییەوە.

لە ئێستاوە تا ئەو کاتەی حکومەتی عێراق ناچار دەکەن مل بۆ دانوستاندن و وتووێژێکی ئاشکرا بدات، هەموو ئەگەرەکان کراوە دەبن بۆ ئەوەی سوپای پاسداران و حەشدی شەعبی ئاستی هەڕەشە و توندوتیژییەکانیان بە رێگەی حەیدەر عەبادی زیاتر روو لە هەڵکشان بکات، بەڵام بەرگری قارەمانەی پێشمەرگە و هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەڕەشە و توندوتیژییانەی سوپای پاسداران و حەشدی شەعبی مەبەستیانە ئامانجەکانی خۆیان تێدا



بپێکن، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سنوورێك بۆ ئەو هەڕەشانە دابنێت و هیچ دوور نییە کە بڕیارێکیش بدەن، بە هاوشێوەی ئەو بڕیارەی دژی تیرۆریستانی داعش درا، بۆ ئەوەی ئەمجارەشیان کوردستان لە هەڕەشە و مەترسییەکانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبیی سەر بە سوپای پاسداران بپارێزن.

ئەوەی لەم شەڕەی سوپای پاسداران دژ بە هەرێمی کوردستان بۆ هەموو جیهان ئاشکرابوو، ئەوەیە کە بۆیان دەرکەوت تەنیا هێزێك بتوانێت بەرامبەر میلیشای توندڕۆی داعش و میلیشیای توندڕۆی حەشدی شەعبیی سەر بە سوپای پاسداران رابوەستێت، هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی گرووپێکی خۆفرۆش بە رێگەی سوپای پاسداران لە خشتە بران و ویستان هێزی پێشمەرگە پەرت و بڵاوە پێبکەن، بەڵام لە چەند رۆژی رابردوو هێزی پێشمەرگە کوردستان جارێکی دیکە بۆ هەموو جیهانی سەلماندەوە، لە قۆناخی یەکەمدا چەکی ئەمریکی تیرۆریستانی داعشی کردە ئەفسانەیەك کە هەرگیز لە شکاندن نەیەت، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو ئەفسانەی هەڵوەشاندەوە، ئەمجارەشیان چەکی ئەمریکی حەشدی شەعبی و سوپای پاسداران خەریك بوو بکاتە ئەفسانەیەکی دیکەی لەشکان نەهاتوو، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تێکشکاندنی تانکی ئەبرامز و هامڤی ئەمریکی ئەفسانەی حەشدی شەعبیشی بەتاڵ کردەوە.

نەبەردی و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگە لە ئابی ٢٠١٤ جیهانی ناچار کرد بێنە ناو شەڕی

دژی داعش و لەچوارچێوەی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی نەخشە و پلان بۆ رووخاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش دابنرێت، بەڵام هەر لەگەڵ رووخاندنی خەلافەتەکەی داعش، خەریکە سوپای پاسدارانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران، هەڕەشەیەکی دیکە لەسەر کوردستان و تەواوی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست دەکاتەوە، بۆیە ئەمجارەش بارودۆخەکە پێویستی بەوەیە کە دیسان کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستیان بەوە هەیە پشتگیری بکرێن بۆ ئەوەی مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور بخرێتەوە.

## ● چۆن رۆژهەڵاتی ئاسیا پێویستی بە تایوانە
## رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش پێویستی بە کوردستانە

تایوان تا ساڵی ١٩٧١ دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، بەڵام پاش ئەوەی کیسنجەر لەگەڵ چوانلای سەرۆك وەزیرانی چین رێککەوت و کۆماری چینی میللی بووە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، ئیدی کۆماری چینی نیشتمانی (تایوان) وەك ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان نەمایەوە، بەڵام رێگەش بۆ چین خۆش نەکرا بۆ ئەوەی تایوان بگەڕێنێتەوە ژێر حوکمڕانی حزبی کۆمونیستی چینی، بەڵکو تایوان وەك دوورگەیەکی دیموکراتی بۆ پارسەنگی دژە کۆمونیستی و پەرەپێدانی دیموکراتی هێڵرایەوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، تایوان نەبووەوە بە بەشێك لە کۆماری چینی میللی.

گرنگیی تایوان بۆ رۆژهەڵاتی ئاسیا، پیشاندانی ئیرادەی بەشێکی خەڵکی چینە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و حوکمڕانی کۆمۆنیستی چین، هەر بۆیە ئێستا ئەمریکاش گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە جیهان کارێکی باشی کرد کە رێگەی نەدا بە زەبری هێز تایوان ببێتەوە بە بەشێك لە چین.

بۆ ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کە پێشتر تیرۆریستانی داعش تەواوی ئاسایش و سەقامگیری ئەم ناوچەیەی خستبووە مەترسییەوە و کوردستان بە ئەمری واقیع لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی عێراق هاتبووە دەرەوە، کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەمری واقیع توانی نەخشەیەکی رێگە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و سنوورێك بۆ فراوانخوازیی ئێران لە عێراقدا دابنێت، بەڵام لە دوای ئەوەی کوردستان پرۆسەی ریفراندۆمی ئەنجامداو کەوتە بەر شاڵاوی گەلەکۆمەکیی دەوڵەتانی عێراق و تورکیا و ئێران، پاش ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر هێرشی سەربازی کرایە سەر کوردستان و بەشێکی فراوانی داگیرکرا، بەمەش پێگەی کوردستان بە بەهێزی وەك قۆناخی شەڕی دژی داعش نەمایەوە، ئەوا تەنیا لە ماوەی دوو هەفتەدا دەرکەوت کە سوپای پاسدارانی ئێران بەنیازە چ مەترسییەك لەسەر تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا دروست بکات، لەسەر ئەو هەڕەشانەی سوپای پاسداران و تۆڕی میلیشیاکانی ئێستا لە سەرانسەری ناوچەکە دروستی کردووە، رۆبەرت فۆرد باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ لە سووریا، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (باشترین بژارەی خراپ ئەوەیە ئەمریکا لە سووریا دەربچێت) لەو وتارەیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئێستا بە جۆرێك ئێران لە سووریا و عێراقدا باڵادەست بووە کە میلیشیاکانی حەرەکاتی کەتائیبی حزبوڵای نوجەبا کە میلیشیایەکی حەشدی شەعبی پرۆ ئێرانییە لە عێراقدا، ئێستا لە نزیك بەرزاییەکانی جۆلان لە سنووری ئیسرائیل بنکەیەکیان دروست کردووە و بەنیازن هێرش بۆسەر سوپای ئیسرائیل بکەن، هەروەها حەسەن نەسروڵای سەرۆکی حزبوڵای لوبنانی لە دوایین گوتاریدا گوتوویەتی، هەموو ئەو میلیشیایانەی کە سوپای پاسداران لە ناوچەکەدا دروستی کردوون، هاوشانی هێزەکانی حزبوڵای لوبنانی لە شەڕی داهاتووی حزبوڵا لەگەڵ ئیسرائیل بەشدار دەبن، هەر هەفتەیەك دوای ئەم لێدوانە سەرۆکی چەکداری حوسییەکان لەیەمەن هەمان قسەکانی حەسەن نەسروڵای دووبارە کردۆتەوە، هەموو ئەم لێدوانە ترسناکانەش لە دوای هێرشەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ سەر کوردستان

**حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق کە هەتا ئێستاش لەسەر شانۆی رووداوەکان دەیەوێت وەك سەرۆك وەزیرانێکی بەهێز و براوەی شەڕی دژی داعش و پارێزەری یەکپارچەیی عێراق خۆی نمایش بکات، بێجگە لە سەربازێکی بەردەستی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودسی سەر بە سوپای پاسداران شتێکی دیکە نییە**

دەرکەوتـوون و زۆر راشـکاوانەش لـە لێدوانەکانـی فەرماندەکانـی حەشـدی شـەعبی بەرامبـەر بـە لێدوانەکانـی وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا رەنگـی داوەتـەوە.

خوێندنـەوەی سیاسـەت و ستراتیژیەتی ئاسایش و سـەقامگیری لـەم ئاراسـتەیەوە ئەوەمـان بـۆ ئاشکرا دەکات کە تەنیـا لـە مـاوەی دوو هەفتـەدا دەرکـەوت، لاوازیـی کوردسـتان، واتـە لاوازیـی ئەمریـکا و هاوپەیمانەکانـی لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بەرامبـەر هەرەشـەکانی تـۆڕی میلیشـیا وەکیلەکانـی سـوپای پاسـداران لـە تـەواوی ناوچەکـەدا، ئـەم راسـتییە بـەر لـە هـەر لایەکـی دیکـە بنیامیـن نەتانیاهـۆی سـەرۆك وەزیرانـی ئیسـرائیل لێـی تێگەیشـت، کـە ئەگـەر کوردسـتان لاواز بێـت، ئـەوا راسـتەوخۆ ئیسـرائیل دەبێتـە دراوسـێی تـەواوی ئـەو تـۆڕە میلیشـیایەی سوپای پاسداران کـە وەك وەکیلی ئێران غـەزە بـە تارانـەوە گرێدەداتـەوە و بـە یەکجارەکـی ئاسایشـی نەتەوەیی ئیسـرائیل دەخەنـە مەترسییەوە، هەروەها سـعودیە هـەر لـە هەفتـەی رابـردوو ئـەوەی بـۆ دەرکـەوت کـە ئەنجومەنـی هاریـکاری سـعودیەو عێراق، نابێتـە فاکتـەری دوورخسـتنەوەی عەبادی لـە ئێران، ئـەوا ئەویـش گەیشـتۆتە ئـەو راسـتییەی کـە میلیشـیاکانی عەسـائبی ئەهلـی حـەق کـە قەیس عەزلـی سـەرۆکایەتی دەکات و پاسدارێکی هێزەکانـی قودسـە، کاری سـەرەکی ئەوەیـە مەشـق و راهێنـان بـە میلیشـیا شـیعەکانی بەحرێـن بـکات و لـە بەحرێنـەوە گرووپـی تیرۆریسـتی دروسـت دەکـەن بـۆ ئـەوەی هێـرش بکەنـە سـەر سـعودیە، هـەر ئـەو میلیشـیایانەش لـە عێراقـدا دەسـەڵاتداری کردەییـن، بۆیـە سـعودیەش لەگـەڵ ئـەوەی پێـش ١٦ی ئۆکتۆبـەر زۆر موغازەلـەی عەبادی و حکومەتـی عێراقی دەکرد و دژایەتـی ریفرانـدۆم و ئاکامەکـەی دەکـرد، لـە ئێسـتا بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان هەڵوێسـتی گـۆڕاو پشـتگیری لـە پەیامەکـەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکات و ئەویـش گەیشـتۆتە ئـەو قەناعەتـەی ئەگـەر کوردسـتان لاواز بێـت، ئـەوا گرووپـە تیرۆریسـتییەکانی سـەر بـە سـوپای پاسـداران لـە ڕێگـەی میلیشـیا پـرۆ ئێرانییەکانـی حەشـدی شـەعبییەوە بـە ئاوەکانـی شـەتولعەرەبدا دەگەیەنرێنـە بەحرێـن و لەوێـوە بـەرەو ریـازی پایتەختـی سـعودیە دەگوازرێتـەوە.

لێـرەوە جارێکـی دی قارەمانیەتـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بەرامبـەر سـوپای پاسـداران و چەکدارەکانـی حزبـوڵای لوبنانـی و میلیشـیا پـرۆ ئێرانییەکانـی حەشـدی شـەعبی، راسـتییەکی دیکـەی پیشـانی جیهـان دایـەوە، کـە ئەویـش ئەوەیـە: بەهێزیـی کوردسـتان و بوونـی کوردسـتان بـە دەوڵـەت، فاکتەرێکـە بـۆ رێگرتـن لـە گەشـەکردنی فیکـری رادیکاڵـی ئیسـلامی (سوننە و شیعە) و هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانـی رادیکاڵیەتـی جیهـادی قیتالـی سـوننە رابگرێت و تێکی بشـکێنێت، بـەڵام ئەگـەر جیهان لـە مەترسـی جیهـادی شـیعە و تـۆڕی میلیشـیا پرۆ ئیرانییەکانی سـەر بـە سـوپای پاسداران وەك خۆی تێنـەگات و ئەمجارەش وەك ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٧ پشـتگیری کوردسـتان نـەکات، ئـەوا ئەگـەر داعـش لـە پاکسـتانەوە هەتـا نەیجیریـا هەڕەشـە بووبێـت بـۆ سـەر هاوپەیمانەکانـی ئەمریـکا، ئـەوا میلیشـیا پـرۆ ئێرانییەکانـی هاوشـێوەی حزبـوڵای لوبنانـی لـە ئەمریـکای لاتینـەوە تـا دەگاتـە رۆژهەڵاتـی ئاسـیا و ئوسـترالیا و لـە ئەفریقیـاوە تـا دەگاتـەوە ئەوروپـا، مەترسـی لەسـەر رۆژئـاوا و هاوپەیمانەکانـی لـە جیهانـدا دروسـت دەکـەن، هـەروەك لەسـاڵی ١٩٩٤ تیرۆریسـتانی حزبـوڵای لوبنانی ناوەندێکیـان لـە بوێنـس ئایرسـی پایەختی ئەرجەنتیـن تەقانـدەوە و لـە ئاکامـدا ٨٥ کـەس بوونـە قوربانـی و زیاتـر لـە ٣٠٠ کەسـیش برینـدار بـوون، جێگـەی وەبیـر هێنانەوەیـە ئـەو کاتـی تیرۆریسـتانی حزبـوڵا ئـەم کارە تیرۆریسـتیەیان ئەنجامـدا، سـوپای پاسـداران بـڕوای بـەوە نەبـووە کە دەبێت شیعەش وەك سوننە جیهاد رابگەیەنێ، بـەڵام ئێسـتا میلیشـیا پـرۆ ئێرانییەکانـی عێـراق و لوبنـان لـە سـاڵی ٢٠١٤وە جیهـادی شـیعەیان لـە دیمەشقەوە راگەیاندووە، ئـەم جیهادەش راسـتەوخۆ ئاراسـتەیە بۆ ئەمریـکا و تـەواوی هاوپەیمانەکانـی لـە هەمـوو جیهانـدا، هەمـوو جیهانیـش گوێـی لـە فەرماندە سـەربازییەکانی ئێـران بـوو، کاتێـك وەڵامـی سـتراتیژەکەی ترامپیـان دایـەوە و بـە ئاشـکرا گوتیـان بـە درێژایـی ٢٠٠٠ کیلۆمەتـر تـەواوی بەرژەوەندییەکانـی ئەمریکا دەکەوێتـە بـەر هێرشـی رۆکێتەکانمـان، ئەگـەر ئەمریـکا سـوپای پاسـداران وەك تیرۆریسـت بناسـێنێت.

**لە رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودسی سوپای پاسداران بە رێککەوتنی لەگەڵ چەند کادرێکی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دانانی هێزی دژە تیرۆری سەر بە یەکێتی، وەک پێش لەشکری میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی، توانی زۆر بە ئاسانی کەرکووک داگیربکاتەوە**


# لە کەرکووک چ شتێک بە هەڵە ڕۆیشت؟

## پێشبینیم نەدەکرد عێراق هێزی سەربازی لە دژی کورد بەکار بهێنێت باوەڕم وا بوو ئەمریکا بهاتایەتە سەرخەت

ڕۆژی ١٦ی تشرینی یەکەم، هێزەکانی حکومەتی عێراقی- بە هاوکاری یەکەکانی حەشدی شەعبیی هاوپەیمان لەگەڵ ئێراندا- دەستیان بەسەر شاری کەرکووکدا گرت. لەم هەوڵ و هەنگاوەیاندا سوودیان لە هاوکاری پەنهانی بەشێك لەو هێزە سەربازییە کوردییانەی- کە بە پێشمەرگە ناسراون- وەرگرت کە سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانن.

ئاشکرایە، هەرێمی کوردستان هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەرە لە عێراقدا، بەڵام گەلی ئەو هەرێمە خوازیاری بەدەستهێنانی زیاترن. لە ٢٥ی مانگی ئەیلوولدا، هەرێمی کوردستان ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامدا کە تێیدا لە سەدا ٩٣ی دەنگدەران خواستی خۆیان دووپات کردەوە بۆ جیابوونەوە لە عێراق. ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی بەغدا بەشێك بوون لە هەوڵەکانی پووچەڵکردنەوەی ئەو دەرئەنجامە، بەتایبەتی کە پێشتر کەرکووك بەشێك نەبوو لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە دوای ئەوەی داعش خەلافەتەکەی خۆی راگەیاند و چەند بەشێکی باکووری عێراقی داگیرکرد لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤، ئەم شارە بەتەواوەتی کەوتە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە.

بەڵام لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا لە دوای راگەیاندنی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی کەرکووك لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراق، حەیدەر ئەل عەبادییەوە،( بەهۆی هاوکاری بەشێك لە هێزەکانی یەکێتی ) پێشمەرگە ناچار بە پاشەکشە کران، بۆ ئەوەی دەستبەرداری شارەکە و، بنکەیەکی ئاسمانی و کێڵگە نەوتییەکانی ناوچەکە ببن. ئەمە سەرکەوتن بوو بۆ عەبادی و شکستێکی گەورە بوو بۆ کوردستان، ئێستاش کە حکومەتی مەرکەزی کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی کردووەتەوە کە پێش داگیرکارییەکەی داعش لە ئارادا بوون، رایدەگەیەنێت کە کاتی ئەنجامدانی گفتوگۆیە لە نێوان بەغدا و سەرکردایەتی کورد



نووسینی: ستێڤن کووک

**((ئەم وتارەی ستیف کوك گەورە تۆژەری ئامۆژگای ئەنجوومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە، بۆچوونی چاودێرێکە بۆ ئەو بارودۆخە نالەبارەی لە ئاکامی هێرشەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بەسەر کەرکوك و کوردستان هات، هەروەها پیشاندانی ئەو رووداوە مەزندە نەکراوەن کە لەدوای ریفراندۆم لە ناوخۆی کوردستان و عێراق و هەڵوێستی ئەمریکا روویانداوە، لەبەر گرنگی ئەم وتارە بۆ پیشاندانی واقیعەکە بە پێویستمان زانی بۆ خوێنەرانی گوڵانی بکەین بە کوردی)).**

لە هەولێر. بەڵام هێشتا روون نییە کە چۆن و کەی ئەو گفتوگۆیە روودەدات، چونکە ئێستا پێگەی کوردستان لاواز بووە و سیاسەتیش لە کوردستاندا بۆتە گێژاوی یەکتر تۆمەتبارکردن و یەکتر تاوانبارکردن بە ئەنجامدانی ناپاکی.

لە راستیدا دەتوانین بڵێین ئەمە لە چەند روویەکەوە ساتەوەختێکی باش نەبوو بۆ واشنتۆن، هەروەها ساتەوەختێکی باشیش نەبوو بۆ ئەو شرۆڤەکارانەی کە پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد رەوتی رووداوەکان بەم شێوەیە وەرچەرخێت، بەتایبەتی ئەم رووداوەی ئێستا.

لەبەر ئەوەی من ناتوانم لە بری هیچ کەسێکی دیکە قسە بکەم، من تەنیا گوزارشت لە بۆچوونی خۆم دەکەم و رایدەگەیەنم کە ئەمە ساتەوەختێکی شەرمەزارییە. چونکە من دڵنیابووم لەوەی عەبادی پەنا ناباتەبەر، یان ناتوانێت پەنا بباتەبەر گرتنەبەری رووبەڕووبوونەوەی سەربازی و قەناعەتم وابوو کە هەڕەشەکانی تەنیا بۆ باشترکردنی پێگەی خۆی بوو لە گفتوگۆکاندا، بەڵام ئێستا کاتی پێداچوونەوە و پرسیارکردنە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ پێشبینیم هەبوون، راست دەرچوون. بۆ نموونە، من دەمزانی، کە بارزانی داوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی کرد و رۆژێکی بۆ دیاری کرد، ئەوا هیچ رێگەیەك نەبوو بۆ قەناعەتپێهێنانی بە دواخستنی. بە بۆچوونی من ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی رێگایەکی ژیرانە بوو بۆ ئەوەی بارزانی هەڵبستێت بە چارەسەرکردنی کێشەکان. پارتی دیموکراتی کوردستان لە ململانێیەکی سەختدایە لەگەڵ (رکابەر و شەریکەکەی) کە ئەویش یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، هەروەها لەگەڵ باڵێکی جیابووەوەی ئەو حزبەش کە گۆڕانە. بەڵام هەم یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەم بزووتنەوەی گۆڕان پشتیوانییان لە سەربەخۆیی دەکرد، بەڵام بە دڵگەرمییەوە نا، لەبەر ئەوەی ئەوان خوازیاری کوردستانێك نین کە پارتی دیموکراتی

**باوەڕم وابوو کە ئەمریکا هەڵەکانی ڕابردوو دووبارە ناکاتەوەو هێز و متمانەی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەکی باشتر لە نێو هێزە سیاسییەکانی عێراقدا. من هەڵە بووم**

**سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان هەر هەڵەیەکی کردبێت، ئەوا هێشتا بەردەوامە لە پشتیوانیکردنی ئەمریکا لە شەڕەکەیدا دژ بە داعش. بە پێچەوانەوە، سیاسییەکانی عێراق هەمیشە هاوپەیمانێکی دژوار بوون بۆ ئەمریکا، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی سرووشتی ئاڵۆزی سیاسەتی عێراق و ڕۆڵی بەرچاوی ئێران لە بەغدا**

**هیچ مانایەکی نییە بوترێت ئەوە لە بەرژەوەندی ئەمریکایە کە تەماشاکار بێت کاتێک عێراقییەکان کەلوپەلی وڵاتەکەی بەکار دەهێنن لە دژی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان. چونکە بەلای منەوە ئەمە تەنیا دەبێتە هۆی هێنانەئارای ئەو بارودۆخەی کە داڕێژەرانی سیاسەت هەوڵی بەرپێگرتنی دەدەن**

کوردستان بەسەریدا باڵادەست بێت.

بارزانی تەحەددای ڕکابەرەکانی دەکرد بۆ بەرهەڵستیکردنی سەربەخۆیی، واتە حیسابی ئەوەی کردبوو کە زۆرینەی زۆری کورد دەنگ بە جیابوونەوە لە عێراق دەدات، ئەو کاتەش دەیتوانی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکان بگۆڕێت بە پرسی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق و تورکیا و ئێراندا، کە خۆی و ڕاوێژکارەکانی باوەڕیان وابوو دەتوانن ئیدارەی ئەم حکومەتانە بکەن، ئەویش بە پشتیوانی ئەمریکا، کە بۆ چەندین ساڵە ئەمریکا کاری لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کردووە و پشتیوانی لێکردووە و لە هەمان کاتدا پێداگیری لەسەر سیاسەتی «یەک عێراق» کردۆتەوە.

من باوەڕم وابوو کە تورکیا سەربەخۆیی لەسەر دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان قبووڵ دەکات، کە ئەمەش ناڕاست بوو. هەروەها من مشتومڕی ئەوەم دەکرد، ئەگەر بێتو ئەنقەرە بەرهەڵستی ئەو ڕێگایە بکات کە بارزانی گرتوویەتەبەر- کە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا پەرەی بە پەیوەندی زۆر باش دابوو لەگەڵ سەرۆکی تورکیا ڕەجەب تەییب ئەردۆغان و پارتەکەی (پارتی داد و گەشەپێدان)، ئەوا تورکیا چەند بژاردەیەکی کەمیان دەبێت بۆ ڕێگریکردن لە ریفراندۆمەکە، یان لەبەردەم هەر هەوڵێکدا کە کورد بیخاتەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی دەرئەنجامەکانی ریفراندۆمەکە. ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر ڕاست بوو. چونکە لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕۆژی ریفراندۆمەکەدا، گوتاری ئەردۆغانیش توندتر بوو، کاتێکیش ئەنجامی ریفراندۆمەکە ڕاگەیەنرا، هەڕەشەی داخستنی سنوور و ڕاگرتنی بازرگانی (لە نێویاندا نەوت) و تەنانەت هەڕەشەی داگیرکاریشی کرد، بەڵام هیچ یەکێک لەمانە ڕوویاندا، ئەگەرچی تورکیا بەشداری نەکردووە لە هیچ یەکێک لەو ئابڵوقانەی خراونەتەسەر کوردستان، بەڵام گەشتی ئاسمانی بازرگانی بۆ دوو فڕۆکەخانە مەدەنییە نێودەوڵەتییەکەی هەرێمی کوردستان ڕاگرت.

من نیگەران بووم لەبارەی ئەگەری ڕوودانی توندوتیژی لە ناو کەرکووک و لە دەوروبەری ئەو شارەدا، بەڵام کێ نیگەران نەبوو؟ چونکە زۆر شت هەیە لە ناو کەرکووک و لە دەوروبەری کە پەیوەستن بە ناسنامەی کوردبوون و بوونی نەوتێکی زۆرەوە. کەواتە ئەگەر توندوتیژی ڕووی بدایە، ئەوا لە کەرکووک ڕوویدەدا.

ئەمانە هەموو ئەو شتانە بوون کە پێشبینییەکانم لەبارەیانەوە ڕاست دەرچوون.

بەڵام ئەوەی کە بەسەرمدا تێپەڕی و زۆر گرنگترە بەلای منەوە بە بەراورد بە پێشبینییە ڕاستەکانمان. بەتایبەتی کە کاری من ئەوەیە هاوکاری داڕێژەرانی سیاسەت و خەڵکی بە گشتی بکەم، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشتریان لەبارەی جیهانەوە هەبێت. بەڵام لە پرسی پەیوەست بە ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و دۆخی دواتردا، من هاوکار نەبووم. پێش هەموو شتێک، من بەرهەڵستی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم بۆ ستراتیژیەتەکەی بارزانی بۆ ریفراندۆم بە کەم وەرگرت. ڕاستە ئەوان ساردوسڕ بوون لە ئاست بیرۆکەکەدا، بەڵام من گریمانەی ئەوەم کرد کە هەر کاتێک دەنگدانەکە تەواو بوو، دەرئەنجامەکەی ڕاگەیەنرا، ئەوا یەکێتی نیشتمانی کوردستان هیچ بژاردەیەکی نابێت جگە لە پشتیوانیکردنی بارزانی. ئاشکرایە ئەوەی ڕوویدا ئەوە بوو کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان-بە بەراورد بە پارتی دیموکراتی کوردستان- کە پەیوەندیی باشتری هەبوو لەگەڵ بەغدا و بە ملکەچکردنی بۆ عەبادی دەسەڵاتی بارزانی ڕەتکردەوە، بەوەش بژارەکانی بە کراوەیی هێشتەوە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی و ئێرانییەکاندا.

لە ساڵی ٢٠١٤دا من وتارێکم لە هەولێرەوە نووسی و باسم لەوە کرد پێویستە کورد باری سیاسیی خۆیان ڕاست بکەنەوە، پێش ئەوەی خەونی سەربەخۆیی بەدەست بهێنن. من ئەمجارەیان ئەو لایەنەم فەرامۆش کرد، پێموابوو بارزانی تا ڕادەیەک ئەو بارەی ڕاست کردۆتەوە لە ڕێی ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە، کە دەبێتە هۆی یەکخستنی کورد لە دەوری کێشەیەکی باڵا کە بڕیاردانی چارەنووسە.

بە دڵنیاییەوە من ئەو ڕاستییە دەزانم کە چەندین پارت و لایەنی جیاواز هەن کە نوێنەرایەتی بیروبۆچوونی جیاواز دەکەن لە نێو سیاسەتی کوردیدا. هەر لەبەر ئەوەش هەر کاتێک یەکێک لە هاوەڵەکانم ئاگاداری کردمایەتەوە

کە هەموو کورد یەك بۆچوونیان نییە، من تێدەگەیشتم لەوەی مەبەستیان چییە.

دووەم، ئەگەرچی من دەمزانی عەبادی پێویستی بەوەیە وەك کەسێکی سەرسەخت دەرکەوێت لە پێش ریفراندۆمەکە و دواتریش، بەڵام من باوەڕم وابوو ئەمە تاکتیکی گفتوگۆکردنە، بەڵام دەرچوو کە وا نەبوو. چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەروەختە، ئەوا کاتی دەنگدانەکەی کورد بۆ سەربەخۆیی بۆ عەبادی زۆر خراپ بوو، واتە لە سەروەختێکدا بوو کە عەبادی سواری شەپۆلی هەواڵە خۆشەکانی داڕووخانی داعش بوو. ئەو کار و هەنگاوەی بارزانی کە بریتی بوو لە ئەنجامدانی ریفراندۆم دەبووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی زۆرێك لەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە عەبادی بە رەوتێکی لەسەرخۆ و لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە لە ساڵی ٢٠١٤دا کەڵەکەی کردبوو. کەواتە دەبوو عەبادی دەست لە هەموو ئەوانە هەڵبگرێت و خۆی رووبەڕووی رکابەرەکانی بکاتەوە، ئەگەر بهاتایە کەرکووك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکەی بدایەتەدەست بارزانی، لە دەرئەنجامدا ئەو پەنای بردە بەر بەکارهێنانی هێز.

سەرەڕای ئەو هێز و دەسەڵاتەی کۆیکردۆتەوە، هێشتا عەبادی شەرێکی هەیە لە ئێراندا، کە بریتییە لە سوپای پاسداران و میلیشیاکانی پەیوەست بە تارانەوە. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە ئەوەی لە کەرکووك روویدا تەنیا و تەنیا بەهۆی دەستڕۆیشتوویی ئێرانییەوە بووە بەسەر بڕیاری عێراقییەوە. چونکە عەبادی هۆکار و پاڵنەری خۆی هەبوو بۆ وەشاندنی گورزێك لە کوردستان، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێران فاکتەرێك بوو بۆ ئەوەی شەڕەکە بەو دەستوبردییە لە کەرکووك تەواو بێت. من باوەڕم وابوو کە ئێران فاکتەرێکە و دەکرێت بەکار بهێنرێت و دۆستە کوردەکانم نیگەران بوون لەبارەی هاوپەیمانێتی حەشدی شەعبی لەگەڵ ئێراندا، بەڵام من پێموابوو سوپای پاسداران زۆر سەرقاڵەو هەڕەشەکانی تەنیا بۆ مەبەستی ترساندنی بارزانی-یە لە گفتوگۆکاندا.

لە کۆتاییدا، من بە هەڵە سیاسەتی ئەمریکام لێکدایەوە. ئەمە ئەرکی ئیدارەی ترەمپ نییە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی کۆشکی سپی هەمان سیاسەتی ئیدارەی پێش خۆی گرتۆتەبەر، کە ئەو کەسەی بە رەسمی بەرپرسی ئەنجامدانی ئەو کارەیە بریتییە لە برێت ماکگۆرك. مشتومڕێك هەیە کە دەڵێت هەوڵە ئاشکراکانی ئیدارەی ئەمریکا بۆ فشار دروستکردن لەسەر کورد بۆ پاشگەزبوونەوە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم رێگاچارەیەکی راست بوو، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەمریکا پابەندە بە یەکێتی عێراقەوە. من هاوڕا نەبووم لەگەڵ ئەو رێگاچارەیەدا و پێموابوو تەنیا دەبێتەهۆی بەهێزکردنی پێگەی عێراق و ئێران، بەڵام لە هەمانکاتدا پێموایە ئەگەر ئەمریکا پشتیوانی کوردیش نەکات، بەڵام بەلای کەمەوە جڵەوی بەغدا دەکات.

بە تێڕوانینی من هیچ مانایەکی نییە بوترێت ئەوە لە بەرژەوەندی ئەمریکایە کە تەماشاکار بێت کاتێك عێراقییەکان کەلوپەلی وڵاتەکەی بەکار دەهێنن لە دژی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان. چونکە بەلای منەوە ئەمە تەنیا دەبێتە هۆی هێنانەئارای ئەو بارودۆخەی کە داڕێژەرانی سیاسەت هەوڵی بەرپێگرتنی دەدەن- ئیدی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی عێراق بێت، یان زیاتربوونی دەستڕۆیشتوویی ئێرانی بێت لە بەغدا، کە لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی دوورەپەرێزخستنی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان.

سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان هەر هەڵەیەکی کردبێت، ئەوا هێشتا بەردەوامە لە پشتیوانیکردنی ئەمریکا لە شەڕەکەیدا دژ بە داعش. بە پێچەوانەوە، سیاسییەکانی عێراق هەمیشە هاوپەیمانێکی دژوار بوون بۆ ئەمریکا، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی سرووشتی ئاڵۆزی سیاسەتی عێراق و رۆڵی بەرچاوی ئێران لە بەغدا. رەنگە عەبادی کەسێکی جیاواز بێت و رێگای خۆی هەبێت بۆ ئیدارەدانی خواست و بەرژەوەندییە ناکۆك بە یەکەکان کە بەشێکن لە سیستمی غەنیمەی سیاسی لە عێراقدا. هەرچۆنێك بێت، من باوەڕم وابوو کە ئەمریکا هەڵەکانی رابردو دووبارە ناکاتەوەو هێز و متمانەی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەکی باشتر لە نێو هێزە سیاسییەکانی عێراقدا. من هەڵە بووم.

**لەگەڵ نزیکبوونەوەی رۆژی ریفراندۆمەکەدا، گوتاری ئەرۆدغانیش توندتر بوو، کاتێکیش ئەنجامی ریفراندۆمەکە راگەیەنرا، هەڕەشەی داخستنی سنوور و راگرتنی بازرگانی (لە نێویاندا نەوت) و تەنانەت هەڕەشەی داگیرکاریشی کرد، بەڵام هیچ یەکێک لەمانە روویننەدا، ئەگەرچی تورکیا بەشداری نەکردووە لە هیچ یەکێک لەو ئابڵوقانەی خراونەتەسەر کوردستان، بەڵام گەشتی ئاسمانی بازرگانی بۆ دوو فڕۆکەخانە مەدەنییە نێودەوڵەتییەکەی هەرێمی کوردستان راگرت**

**هەم یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەم بزووتنەوەی گۆڕان پشتیوانییان لە سەربەخۆیی دەکرد، بەڵام بە دڵگەرمییەوە نا، لەبەر ئەوەی ئەوان خوازیاری کوردستانێک نین کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەریدا باڵادەست بێت**

**لە ٢٥ی مانگی ئەیلوولدا، هەرێمی کوردستان ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامدا کە تێیدا لە سەدا ٩٣ی دەنگدەران خواستی خۆیان دووپات کردەوە بۆ جیابوونەوە لە عێراق. ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی بەغدا بەشێک بوون لە هەوڵەکانی پووچەڵکردنەوەی ئەو دەرئەنجامە**



رەشات کەسابە

تایبەتمەند لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئێران ڕۆڵێکی توندی لەناوچەکەدا هەیە و بەرژەوەندیش لەوەدایە سنووردار بکرێت

**ڕەشات کەسابە پرۆفیسۆرە لە زانکۆی واشنتۆن و بەڕێوەبەری قوتابخانەی جاکسۆن بۆ دیراساتی نێودەوڵەتییە لە هەمان زانکۆ، شارەزای مێژوو و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك مێژووی ئابووری، پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە، مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی جیهان. بۆ قسەکردنی لەسەر کاریگەریی ستراتیژیەتی نوێی ئەمریکا لە بەرامبەر ئێران و ڕۆڵ و کاریگەری تورکیا لە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ناوچەکە و چەند پرس و بابەتێکی دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بەم دواییە ئەمریکا ستراتیژیەتی خۆی لە بەرامبەر ئێراندا ڕاگەیاند، باس لەوە دەکرێت ئەمە هەواڵێکی خۆشە بۆ هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمریکا و پێویستە ئێرانیش بەخۆیدا بچێتەوە، ڕاوبۆچوونی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا من پێم خۆشە باس لە کاریگەرییەکەی بکەم لەسەر ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، چونکە ئەوە ڕێککەوتنێکی گرنگە، کە نەك تەنیا لە نێوان ئێران و ئەمریکادا ئەنجام دراوە، بەڵکو وڵاتانی دیکەش هەن کە ئەندامن تێیدا، لە ئێستاشدا ئەمریکا لە پێگەیەکدا نییە کە مەرجی دیکە زیاتر بکات بۆ ئەم ڕێککەوتنەوە، خۆ ئەگەر بێتو ئەمریکا پەنا بۆ سەپاندنەوەی سزاکانیش بەسەر ئێراندا ببات، ئەوا ئەمە کاریگەرییەکی خراپی دەبێت لەسەر پرسی ڕێگەگرتن لە چەکی ناوکی، کە دەبێت ئەم ڕاستییە ڕەچاو بکرێت. لە ئێستادا پێناچێت ئەمریکا کار لەسەر گرتنەبەری ڕێچکەیەکی هەمەلایەن و گشتگیر بکات، کەواتە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین کە چی ڕوودەدات. لەلایەکی دیکەوە کارێکی خراپ نییە کە گفتوگۆ لەبارەی کێشە و پرسەکانی دیکەوە بکرێن، بەڵام دەبێت لە پرسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە جیا بکرێنەوە.

*** کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا تاکلایەنە لەم ڕێککەوتنە بکشێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا من پێموانییە، چونکە هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەمە پەیوەستە بە پرسی ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی، مەبەستم ئەوەیە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەری. هەروەها هەرچەندە ئەمریکا پەیوەندییەکی پڕ لە گرژی و ئاڵۆزی هەیە لەگەڵ ئێراندا، بەڵام پێموانییە بە تەواوەتی ئەم ڕێککەوتنە فەرامۆش بکات.

*** بەڵام تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەمریکا فشاری زیاتر بخاتەسەر ئێران، یاخود سزای زیاتر بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکات ڕازی بێت بە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان بۆ دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە؟**

- من پێموایە ئەگەر هەوڵێکی لەم چەشنەش هەبێت، ئەوا لایەنەکانی دیکە، وەك: -ڕووسیا و چین و یەکێتی ئەوروپا- پشتیوانی لێناکەن، واتە پێناچێت ئەو لایەنانەی دیکە بیانەوێت ئەم هەنگاوە هەڵبگیرێت، ئێمەش دەزانین کە ئەمە تەنیا ڕێککەوتنێکی دووقۆڵی نییە لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا، بەڵکو ڕێککەوتنێکی چەند قۆڵییە.

*** باشە با گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەمریکا هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، ئایا بەم کشانەوەیەی ئەمریکا ئەو ڕێککەوتنە هەڵدەوەشێتەوە؟ ئایا ئاکامی ئەم کشانەوەیە چی دەبێت؟**

- پێموایە لەم حاڵەتەدا دوو ئەگەر هەن، یەکێکیان ئەوەیە لایەنەکانی دیکە بەردەوام بن لە پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە و دووبارە سزاکان بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، ئەوا زەحمەتە وڵاتە ئەوروپییەکان بتوانن وەبەرهێنان لە ئێراندا ئەنجام بدەن، هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە کە ئەوروپییەکان نیگەرانن و دەیانەوێت پارێزگاری لە ڕێککەوتنە بکرێت.

*** باشە ئێمە دەزانین کە ستراتیژیەتە نوێیەی**

**پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا بە خراپترین دۆخدا تێدەپەڕێت لە مێژووی هاوچەرخدا، چونکە چەندین پرس و بابەت هەن کە تورکیا و ئەمریکا ناکۆکن لەبارەیانەوە. وەک کێشەی گولەن، هەروەها پرسی هاوپەیمانێتی ئەمریکا لەگەڵ هێزە کوردییەکانی سووریا کە ئەمە بە بەهێزبوونی پەکەکە لێکدەدرێتەوە**

**ئەمریکا بە تەنیا پەیوەست نەبوو بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، بەڵکو باسی لە چەند لایەنێکی دیکەی کردەوەکانی ئێران کرد، وەك هەوڵە ناسەقامگیرکەرەکانی ئێران لە ناوچەکەدا، باشە پێتوایە ئێران تا چەند ئەم پەیامەی بە جددی وەرگرتووە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەو خاڵانە گرنگن و پێویستە لەبەرچاو بگیرێن، مەبەستم ئەوەیە دەبێت گفتوگۆ لە بارەی ئەو پرسانەی دیکەشەوە بکرێت و لەم ڕووەوە متمانە بێتەئاراوە، چونکە هەروەك دەزانن حاڵی حازر بێ متمانەییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا. من دووپاتی دەکەمەوە کە پێویستە ئەو مەسەلانە گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت، بەڵام نابێت باسکردن لەم بابەتانە پەیوەست بکرێت بە ڕێککەوتنەکەوە.

*** لەو باوەڕەدا نیت ئەگەر بێتو ئەمریکا بەردەوام بێت لە گرتنەبەری سیاسەتێکی توند لە ئاست ئێراندا، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی دۆخێك بخوڵقێت کە گرژییەکان بەرەو هەڵکشان ببات و ڕەنگە ئەو کاتە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیش بخولقێنێت؟**

- ئەوە ئەگەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێك هەن لە نێو ئیدارەی ئەمریکادا، وەك وەزیری بەرگری ئەمریکا و تەنانەت وەزیری دەرەوە و کەسانێکی دیکە لە نێو کۆنگرێس کە باس لە مەترسییەکانی دەرئەنجامێکی لەو چەشنەیان کردووە کە ئێوە ئاماژەتان پێکرد.

*** ئێوە دەزانن وەك بەشێك لەو ستراتیژیەتەی ئەمریکا لە بەرامبەر ئێراندا سوپای پاسدارانی ئەو وڵاتە خرایە خانەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە، لێکدانەوە و ڕاڤەی ئێوە بۆ ئەم بڕیار و هەنگاوەی ئەمریکا چییە؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت ئەمە وەك بەشێك لە هەوڵەکانی دۆناڵد ترەمپ لێکبدەیتەوە، بەتایبەتی کە لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا باسی ئەم بابەتانەی کرد، وەك ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە و ئێستاش دەیەوێت پیشانی بدات کە ئەو جددییە لەبارەیانەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەوە ڕاستە کە ئێران ڕۆڵێکی توندی هەیە لە هەندێ شوێندا وەك سووریا، بەرژەوەندیش لەوەدایە ئەم ڕۆڵەی سنووردار بکرێت.

*** باشە پێتوایە لەو حاڵەتەدا کاردانەوە و پەرچەکرداری ئێران چی دەبێت و ئایا لەو باوەڕەدایت کە ئێران هەڵبستێت بە گرتنەبەری کاری تۆڵەسەندنەوە لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا؟**

- من پێشبینی ئەوە ناکەم و پێموانییە ئەمە لە ئێستادا ڕوودات، چونکە بە تێڕوانینی من هێشتنەوە و درێژەدان بە ڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندی ئێرانە، هەروەها ئێران دەزانێت لە نێو ئەوروپادا پشتیوانییەکی زۆر هەیە بۆ ئەم ڕێککەوتنە، دواتر ڕاستە لە ئێراندا بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام بە باوەڕی من تێڕوانینێکی گشتیش هەیە لە نێوان حکومەتی ئێرانی و گەلی ئێرانی لەبارەی گرنگیی پارێزگاریکردن لە ڕێککەوتنەکە.

*** بە باوەڕی ئێوە تا چەند ئەم ستراتیژیەتە نوێیەی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا مایەی دڵنیایی و ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو بوو؟**

- من پێموایە ئەو دەرئەنجامەی هەبووە کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکردووە، من باوەڕم وایە ئیسرائیل و سعودیە پێشوازییان لەم ستراتیژیەتە کردووە. بەڵام هەرچۆنێك بێت، پێموایە هێشتا ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەی گوتاردا ماوەتەوەو بە تێڕوانینی من تاوەکو ڕێککەوتنەکە لە ئارادا بێت، ئەوا گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوونادات.

*** پێشتر دەوترا ئەمریکا وردە وردە لەم ناوچەیە دەکشێتەوە، بەڵام ئێستا و دوای ڕاگەیاندنی ئەم ستراتیژیەتە ئایا ئەمریکا پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا پتەو کردۆتەوە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە بۆشاییەکی زۆر هەیە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، کە دەبینیت وڵاتە ئیقلیمییە گەورەکان، وەك ئێران و سعودیە و تورکیا هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەدەن. هەروەها هێزە دەرەکییەکانی دیکەش هەوڵی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە دەدەن، وەك ڕووسیا، بە هەمان شێوە چینیش کە دەیەوێت لە ڕووی ئابوورییەوە ئەم کارە بکات. کەواتە ئەوە بە دڵنیاییەوە ڕاستە کە هێز و پێگەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بە چەشنی ڕابردوو نییە.

**ئێستادا تورکیا سەرقاڵی پێداچوونەوەیە بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا، لە ماوەی ڕابردوودا سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا سەردانی ئێرانی کرد**

**هەوڵی پوتین و ڕووسیا بۆ سنووردارکرنی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئەمریکایە، ئەمە بۆ کێشەی ئۆکرانیا و هەروەها بۆ کێشەی سووریاش ڕاستە، کە خۆی لە خۆیدا ئەمە ستراتیژیەتی پوتینە بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەت لەسەر ئاستی ناوخۆیی وڵاتەکەی**

*** ئێوە باسی رووسیاتان کرد، ئایا چۆن لە فراوانبوون و هەڵکشانی دەستڕۆیشتوویی رووسیا دەڕوانن بە تایبەتی لە وڵاتی سووریادا؟**

- لە راستیدا هەوڵی پوتین و رووسیا بۆ سنووردارکرنی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئەمریکایە، ئەمە بۆ کێشەی ئۆکرانیا و هەروەها بۆ کێشەی سووریاش راستە، کە خۆی لە خۆیدا ئەمە ستراتیژیەتی پوتینە بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەت لەسەر ئاستی ناوخۆیی وڵاتەکەی.

*** ئەی چۆن هەڵوێستی تورکیا لێکدەدەنەوە لەم رووەوە، بەتایبەتی لە رابردودا سەرۆکی تورکیا، رەجەب تەییب ئەردۆغان باس لە مەترسیی بەرفراوانبوونی فارسی کرد لە ناوچەکەدا؟**

- ئەمە راستە، بەڵام دەبێت ئەو راستییەش لەبەرچاو بگرین کە ئێران شەریکێکی گەورەی بازرگانی تورکیایە، واتە پەیوەندیی ئابووریی گرنگ هەن لە نێوان تورکیا و ئێراندا و ئێوە دەزانن بە شێوەیەکی گشتی لە ئێستادا تورکیا سەرقاڵی پێداچوونەوەیە بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا، لە ماوەی رابردوودا سەرۆك ئەرکانی سوپای تورکیا سەردانی ئێرانی کرد. ئێمە بینیمان کە تورکیا لە قەیرانی نێوان سعودیە و قەتەردا پشتیوانی ئەمەی دواییانی کرد. هەروەها ئێمە بینیمان کە بارودۆخی سووریاش بەو ئاراستەیەدا نەڕۆیشت کە تورکیا ئاواتی بۆ دەخواست. هەموو ئەمانە تورکیا ناچار دەکەن کە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بکات.

*** ئێوە دەزانن حاڵی حازر تورکیا راستەوخۆ و بە قورساییەکی زۆرەوە لە بارودۆخی سووریاوە تێوەگلاوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تورکیا لە توانایدا هەیە رەوتی رووداوەکان بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی دابڕێژێت، یاخود ئەم دەستتێوەرانەی تورکیا دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە بۆ ئەو وڵاتە؟**

- لە راستیدا ئەمە بەندە بەوەی چی لە سووریادا روودەدات، هەروەها پەیوەستە بەوەی چی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا روودەدات، چونکە ئێمە بینیمان کە دوای تێکشکاندنی داعش گرژی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دروست بوو. لەبەر ئەوە چەندین پەرەسەندن و پێشهات هەن کە ئێمە نازانین چۆن دەکەونەوە. لەبەر ئەوە من باوەڕم وانییە تورکیا لە پێگەیەکدا بێت کە بتوانێت رەوتی رووداوەکان بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا ببات، چونکە هەوڵیدا بەڵام دەرئەنجامەکە بەو شێوەیە نەبوو کە خۆی چاوەڕوانی دەکرد، لەبەر ئەوەش بوو کە پێشتر وتم تورکیا لە پرۆسەی دووبارە هەڵسەنگاندنەوە و پێداچوونەوەدایە بە سیاسەتەکانیدا.

*** باشە ئەی چۆن وەسفی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا دەکەیت؟ ئایا پێتوایە پەیوەندییەکانی ئاڵۆزن، یان دوو ئاراستەی پێچەوانە و دژ بە یەکیان وەرگرتووە؟**

- لە راستیدا پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا بە خراپترین دۆخدا تێدەپەڕێت لە مێژووی هاوچەرخدا، چونکە چەندین پرس و بابەت هەن کە تورکیا و ئەمریکا ناکۆکن لەبارەیانەوە. وەك کێشەی گولەن، هەروەها پرسی هاوپەیمانێتی ئەمریکا لەگەڵ هێزە کوردییەکانی سووریا کە ئەمە بە بەهێزبوونی پەکەکە لێکدەدرێتەوە. کەواتە کۆمەڵە پرس و کێشەیەك هەن کە بە تەواوەتی پێکەوە گرێدراو نین، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵیاندا زەحمەتە و پەیوەندییەکان بارگرژییان تێکەوتووە. سەرەڕای ئەوانەش ئەم دوو وڵاتە هاوپەیمانی گەورەی یەکترن و پەیوەندی گەورەی ئابووری هەیە لە نێوانیاندا، بەڵام لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەوا قۆناغێکی بارگاوییە بە بارگرژی.

*** لە کۆتاییدا چۆن لە ئایندەی نزیك و دوورمەودای ناوچەکە دەڕوانیت؟**

- زۆرێك لەو پێشهات و پەرەسەندنانەی لە ئێستادا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێن، مایەی نیگەرانین، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەزانین کە ژمارەیەکی زۆر گەنج هەن لەم ناوچەیەدا کە خوازیاری ئایندەیەکی باشترن و دەیانەوێت ژیانێکی بەرهەمدارتریان هەبێت کە هیوادارم بتوانن کاریگەرییان هەبێت. بەڵام هەرچۆنێك بێت کەسانێکی وەك ئێمە نیگەران دەبن کاتێك دەبینین لە سەر ئەرزی واقیع چی دەگوزەرێت.

**بۆشاییەکی زۆر هەیە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، کە دەبینیت وڵاتە ئیقلیمییە گەورەکان، وەک ئێران و سعودیە و تورکیا هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەدەن**

**راستە لە ئێراندا بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام بە باوەڕی من تێڕوانینێکی گشتیش هەیە لە نێوان حکومەتی ئێرانی و گەلی ئێرانی لەبارەی گرنگیی پارێزگاریکردن لە رێککەوتنەکە**

# کوردیش بە چەشنی فەلەستینییەکان شایستەی دەوڵەتن

لە رۆژگاری ئێستادا و لە نێو دیموکراسیەتە رۆژئاواییەکاندا، کەسانێکی کەم هەن بوونی پاساوی ئەخلاقی بۆ دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستینی رەتدەکەنەوە، بەڵام کاتێك باس دێتەسەر کوردی باکووری عێراق- کە تێیدا هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆی هەیە کە بە باشی کاروبارەکانی هەڵدەسووڕێنێت- ئەوا رۆژئاوا لە بری پاساوی ئەخلاقی، سیاسەتێکی عەمەلی دەگرێتەبەر، کە ئەمەش مایەی شەرمە.

لە ئێستادا، نزیکەی هەموو کەس هاوڕاییە لەگەڵ ئەوەدا کە فەلەستینییەکان شایستەی دەوڵەتن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نابێت گەلی فەلەستینی لە سایەی حوکمڕانی ئیسرائیلدا بمێنێتەوە. زۆربەی ئیسرائیلییەکان هاوڕان لەگەڵ ئەم تێڕوانینەدا، تەنانەت سەرۆك وەزیرانیش، بنیامین نەتنیاهۆ بە دوودڵییەوە رایگەیاند کە پابەندە بە بوونی دوو دەوڵەتەوە- دەوڵەتی فەلەستین لە پاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا-. هەروەها لە زۆرێك لە دیموکراسیەتە رۆژئاواییەکاندا، باڵی بەهێزی چەپڕەو بەردەوام خۆپیشاندان رێکدەخات بۆ پشتیوانیکردن لە سەربەخۆیی فەلەستین.

لە بنەڕەتدا بانگەشەی دەوڵەتی فەلەستینی لەسەر بنچینەی پاساوێکی ئەخلاقی دارێژدراوە بۆ مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی، بەڵام کاتێك مەسەلەکە دێتەسەر دەستەبەرکردنی هەمان ماف بۆ گەلی کورد، ئەوا رۆژئاوا بە چەشنێك بێدەنگە کە هەم مایەی شەرمەزاری و هەم مایەی سەرسوڕمانە.

دیموکراسیەتە رۆژئاواییەکان هیچ پشتیوانییەکیان لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان نەکرد- کە لە ئەیلوولی رابردوودا ئەنجامدرا-، هەروەها دەنگیان بڵند نەکرد لە دژی هەڕەشەکانی هەردوو حکومەتی عێراقی و تورکی بۆ تێکشکاندنی هەوڵی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی لە رێی بەکارهێنانی هێزەوە.

کاتێك بەرپرسانی یەکێتی ئەورووپا، یان ئەمریکا هۆکارێك دەخەنەڕوو بۆ بەرهەڵستیکردنی سەربەخۆیی کوردستان، ئەوا هەمیشە ئەمە وەك سیاسەتێکی عەمەلی لێکدەدرێتەوە. پێمان دەوترێت کە دەبێت یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزرێت و سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە هۆی ناسەقامگیرکردنی تورکیا و ئێران، لەبەر ئەوەی کەمینەیەکی گەورەی کورد هەن لەو وڵاتانەدا.

بەڵام ئەمە تەنیا پەردە لەسەر بوونی ئیزدواجییەت و دووپێوانەیی لا دەدات. بانگەشەی ئەخلاقی پەیوەست بە بڕیاردانی چارەنووسەوە و تەنیا لە کەیسی فەلەستیندا باس دەکرێت و بە هیچ شێوەیەك ئاماژەی پێناکرێت لە گوتاری نێودەوڵەتیی پەیوەست بە کوردستانەوە. لەوەش خراپتر، سەرکوتکردنی دڵڕەقانەی چەند ساڵە دژ بە کورد بە تەواوەتی فەرامۆش کراوە. لە سەردەمی سەددام حوسێندا، کورد رووبەڕووی هێرشی کۆمەڵکوژی و کیمیایی بوونەوە. لە تورکیاش سوپای ئەو وڵاتە بە سەدان گوندی تەخت و وێرانکردووە.

ئەوە دووروووانەترین و ناڕاستترین پاساوە کە بە ناوی بەرگریکردن لە یەکپارچەیی خاکی عێراقەوە رێگری لە کورد بکەیت مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بکات. کاتێك دەوڵەتدارانی بەریتانی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و تێکشکاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە عێراقیان وەك قەوارەیەکی جیاوازی سیاسی دروست کرد، ئەم کارەیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە ئیمپریالییەکانیان ئەنجامدا. بەو پێیە ئەوان مێژوو و جوگرافیا و دیموگرافیا و فرەیی ئیتنی و ئایینی

**ئەوە دووروووانەترین و ناڕاستترین پاساوە کە بە ناوی بەرگریکردن لە یەکپارچەیی خاکی عێراقەوە ڕێگری لە کورد بکەیت مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بکات**

**لە ماوەی مێژووی دوورو درێژ و کارەساتباری خۆیاندا، کورد جار لە دوای جار لەلایەن ڕۆژئاواوە پشتیان تێکراوە، کە ئەمەش مایەی شەرمەزارییەکی گەورەیە. پێویستە جارێکی دیکە ئەمە دووبارە نەبێتەوە**



نووسینی: شلۆمۆ ئاڤینەری

**لە سایتی** project syndicate **بڵاو کراوەتەوە**

ئەو خاکەیان نادیدە گرت.

واتە لەو کاتەدا پرس بە دانیشتووانی ئەم دەوڵەتە دەستکردە نەکرا، ئایا دەیانەوێت لە وڵاتێکدا بژین کە زۆرینە تێیدا شیعە بێت و کەمینەگەلێکی گەورەی وەك کورد و مەسیحیشی تێدا بێت. هەروەها بە دڵنیاییەوە پرسیان پێنەکرا کە ئایا دەیانەوێت لەلایەن خانەوادایەکی سوننەوە- کە بەریتانییەکان لە حیجازەوە، کە ئێستا بەشێکە لە سعودیە، هێنابوویان- حوکمڕانی بکرێن.

لە سەرەتادا و بە گوێرەی ڕێککەوتنامەی سیڤەر-کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی دۆڕاوی شەڕ لە ئابی ساڵی ١٩٢٠دا واژووی کرد- کوردیش بە چەشنی ئەرمەنییەکان بەڵێنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان پێدرا. بەڵام دواتر هێزە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان پشتیان لەم بەڵێنە کرد، لەو کاتەوە کورد لەژێر سایەی سەرکوتکارییەکی بەردەوامدا دەژی. کوردیش لەو ناوچەیەدا کە بووە باکووری عێراق، بە چەشنی مەسیحییە ئاشوورییەکان، بۆ چەندین دەیە نکۆڵی لە زمان و کەلتووری جیاوازی کرا لەلایەن حوکمڕانە عەرەبەکانی بەغداوە. لێرەدا و لەم سیاقەدا، چەمکی یەکپارچەیی خاك هیچ نییە، جگە لە پاساوێك بۆ سەرکوتکاری ئیتنی، یان ئایینی.

بە هەمان شێوە، دەیان ملیۆن کوردی تورکیا و ئێرانیش لە مافە مرۆیی و کەلتورییە بنەڕەتییەکانیان بێبەشکران. کەواتە مایەی تێگەیشتنە کە حکومەتەکانی تورکیا و ئێران دژ بە هەوڵەکانی سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان بوەستنەوە: چونکە لەوە دەترسن ئەگەر هاتوو سەرکەوتوو بوو، ئەوا بزووتنەوەی هاوشێوە لە نێو کوردی سەرکوتکراوی وڵاتەکیاندا سەرهەڵدەدات.

بەڵام هیچ کاتێك ئەگەری ناسەقامگیربوونی ئەردەن بەهۆی سەربەخۆبوونی فەلەستینەوە نەکراوەتە پاساوی دژایەتیکردنی دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستینی کە نابێت ئەم پاساوەش لە دژی کوردی عێراق بەکار بهێنرێت. لەوەش زیاتر، حاڵی حازر هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەیەکی تا ڕاددەیەك کراوە و فرەڕەنگی دروستکردووە. وەك هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ، کوردستانی عێراق سیستمێکی فرەحزبی هەیە، کە هاوشێوەی ئەم سیستمە لە نێو دەوڵەتە دراوسێ و عەرەبییەکاندا بەدی ناکرێت، ئەمە ئەگەر هەر باسی تورکیا و ئێران نەکەین، کە زیاتر و زیاتر بەرەو خۆسەپێنی دەچن.

مافی بڕیاردانی چارەنووس، مافێکی جیهانییە و نابێت ئەو گەلانەی لێ بێبەش بکرێت کە لە سایەی ڕژێمێکی نادیموکراتی سەرکوتکاردا دەژین. کەواتە پێویستە ئەو پاساوەی بۆ فەلەستین دەهێنرێتەوە بە هەمان ئەندازە بۆ کوردیش بهێنرێتەوە. ئەو چالاکوانانەی مافەکانی مرۆڤ کە خۆپیشاندان دەکەن بۆ پشتیوانیکردن لە دەوڵەتی فەلەستینی، پێویستە بە هەمان شێوە پشتگیری لە دەوڵەتی کوردیش بکەن. هەروەها پێویستە هەمیشە بانگەشەی مافەکانی مرۆڤ- جگە لەو کاتانەی وەك پەردە و پاساوێکی دووڕووانە بەکار دەهێنرێن- زاڵبن بەسەر گرتنبەری سیاسەتی عەمەلیدا.

لە ماوەی مێژووی دوورو درێژ و کارەساتباری خۆیاندا، کورد جار لە دوای جار لەلایەن ڕۆژئاواوە پشتیان تێکراوە، کە ئەمەش مایەی شەرمەزارییەکی گەورەیە. پێویستە جارێکی دیکە ئەمە دووبارە نەبێتەوە. پێشمەرگەی کوردستان دڵسۆزترین هاوپەیمانی دیموکراسیەتە ڕۆژئاواییەکان بوو لە شەڕی دژ بە داعشدا. گاڵتەجاڕییەکی تاڵە کە لە سەروەختی پێویستیدا کورد لە ژێر ڕەحمەتی حکومەتەکانی عێراق و تورکیا جێبهێڵرێت.

**مافی بڕیاردانی چارەنووس، مافێکی جیهانییە و نابێت ئەو گەلانەی لێ بێبەش بکرێت کە لە سایەی ڕژێمێکی نادیموکراتی سەرکوتکاردا دەژین**

**پێشمەرگەی کوردستان دڵسۆزترین هاوپەیمانی دیموکراسیەتە ڕۆژئاواییەکان بوو لە شەڕی دژ بە داعشدا. گاڵتەجاڕییەکی تاڵە کە لە سەروەختی پێویستیدا کورد لە ژێر ڕەحمەتی حکومەتەکانی عێراق و تورکیا جێبهێڵرێت**



# باشترین بژاردەی خراپ ئەوەیە ئەمریکا لە سووریا بکشێتەوە

**کاتێک ئەمریکا بەوە رازی بوو بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، دەرگای واڵا کرد بۆ ئەوەی نفووزی ئێرانی لە سووریادا باڵادەست بێت**



## نووسینی: ڕۆبەرت فۆرد*

**لە ماوەی ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ باڵیۆزی ئەمریكا بووە لە سووریا و ئێستا توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**«ئەم بابەتە كە لە ژمارەی مانگی نۆڤمبەر و دیسەمبەری گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاو كراوەتەوە، ڕوونكردنەوەی بارودۆخی ئێستای سووریا لە سایەی باڵادەستبوونی نفووزی ئێران و هەوڵەكانی ڕووسیاو ڕووبەڕووبوونەوەی بژارە خراپەكانی بەردەمی ئەمریكایە لە سووریادا، نووسەری ئەم بابەتە كە ساڵی ٢٠١١-٢٠١٤ باڵیوزی ئەمریكا بووە لە سووریا، دەستی لەكار كێشایەوە لەبەر ئەوەی ئەو كات پێیوابوو سیاسەتی ئەمریكا بەرامبەر سووریا هیچ ئاكامێكی نابێت و سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لە سووریا سەركەوتوو نییە، بەڵام لە ئێستاشدا و دوای ئەوەی لە كۆتاییهاتنی شەڕی داعش نزیك دەبینەوە، دیسان پێیوایە كە ئەمریكا ناتوانێت بۆ ماوەیەكی دوور و درێژ هێزەكانی لە سووریا بهێڵێتەوە و باشترە پشتگیری لە ستراتیژیەتی دیپلۆماتیەتی ڕووسیا لە سووریادا بكات. لەبەر گرنگیی ئەم بابەتە بە پێویستمان زانی بۆ خوێنەرانی گولانی بكەین بە كوردی.»**



شەڕی ناوخۆی سووریا پێدەنێتە قۆناخێكی نوێ، حكومەتی بەشار ئەسەد دەسەڵاتی خۆی بەسەر نیوەی ڕۆژئاوای وڵاتەكە سەپاندووە، ئەو هێزانەشی كە ئەمریكا پشتگیرییان دەكات، لەسەر پاشماوەی ئەو شوێنانەی داعشی لێ بووە، چۆتە پێشەوە، هەتا ئێستا هەردوو هەڵمەتی حكومەتی سووریا و ئەو هێزانەی ئەمریكا پشتگیرییان لێدەكات تا ڕادەیەكی زۆر لێكجیاوازن، بەڵام ئەم بارودۆخە دەگۆڕێت. ڕژێمی ئەسەد بە یارمەتی ئێران و ڕووسیا دەستی كردووە بە سەپاندنی دەسەڵاتی زیاتری خۆی لە ڕۆژهەڵاتی سووریادا، لەگەڵ كەمبوونەوەی ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی داعشدا بوون، ئەو هێزانەشی لەلایەن ئەمریكا پشتگیری دەكرێت لەو شارانە نزیك بوونەتەوە، پێش ئەوەی كاتێكی زۆری بەسەردا تێپەڕێت، دەبێت واشنتۆن بڕیار بدات، ئایا كەی و چۆن دەكشێتەوە؟

ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە سووریادا بژارەی باشی لەبەردەمدا نییە، لە ئێستا پرسی لابردنی بەشار ئەسەد و گۆڕانكاری لە حكومەتدا خەیاڵێكی دوور مەودایە، هەروەها مەسەلەی پشتگیری ئەو گرووپانەی دژی حكومەتی ئەسەدن، دوورە لەو دۆسیەی لەسەر مێزی دانوستانەكانە. حكومەتی بەشار ئەسەد سوورە

**ئەسەد و وتەبێژەکانی بە بەردەوامی باس لەوە دەکەن کە حکومەت دەسەڵاتی تەواوی خۆی بەسەر هەموو وڵاتەکەدا دەسەپێنێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە، ئایدیۆلۆژیەتی بەعس کە ئەم وڵاتەی پەروەردە کردووە، سیستمی لامەرکەزی ڕەتدەکاتەوە**

**خەڵکی سووریا بەدەست گەندەڵیی بەرپرسان و دڕندەیی حوکمڕان و خراپی بەڕێوەبردنی ئابوورییەوە دەناڵێنن، بۆیە هەڵوەشاندنەوەی سزاکانی سەر سووریا پرسێک نییە کە واشنتۆن و هاوپەیمانی دەیکەن، بەڵکو پرسیار ئەوەیە کە: چۆن سەرچاوەکانی هاریکاری ئەمریکا بۆ حکومەتی سووریا بە هەدەر نەدرێت**

**گەرەنتی تەنانەت لانیکەمی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پێوەرەکانی دیموکراتی و حوکمڕانییەکی باش بۆ ئێستای سووریا مەحاڵە، هەر بۆیە رووسیا ئومێد دەخوازێت کە رۆژئاوا سەرەنجام هاوکاری بۆ دووبارە بونیادنانەوەی ئەو بەشانەی سووریا پێشکەش بکات کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئەسەددایە**

لەسەر ئەوەی کە تەواوی وڵاتەکە بگێڕێتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، لەوانەشە ئەگەر ئەمە بکات، سەرکەوتوو بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمریکا دەبێت دەستبەرداری ئەو ئومێدە بێت کە بتوانێت پشتگیری هەرێمێکی جیابووەوەی کورد بکات، یان دڵنیایی بۆ ریزگرتن لە دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ گەرەنتی بکات.

ئەوجا لەبەر ئەوەی حکومەتی بەشار ئەسەد بە تەواوەتی گەندەڵ بووە، ئەوا ئەمریکا دەبێت لەوە دوور بکەوێتەوە کە هیچ هاوکارییەکی رژێمی ئەسەد بکات بۆ دووبارە بونیادنانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا تەنیا ڕێگەیەك کە ئەمریکا بتوانێت کارێکی باش بکات، ئەوەیە نەهامەتیی ملیۆنان پەنابەری سووری لە دەرەوەی وڵاتەکەیان کەم بکاتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو میحنەتەی تێی کەوتوون، واتە واشنتۆن دەتوانێت هاوکاریی گەڕانەوەی ئەو هاووڵاتییانەی سووریا بکات، بەمەش ئەرکی سەرشانی ئەو وڵاتانە کەم دەکاتەوە کە میوانداری ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکانی سووریایان کردووە، هەروەها ڕێگە لەو هەلانە دەگرێت کە بۆ جیهادییەکان لەناو کەمپەکانی پەنابەراندا دروست دەبێت.

## ● سەرکەوتنەکانی رۆژئاوای سووریا

حکومەتی ئەسەد بە درێژایی ساڵ و نیوی رابردوو زنجیرەیەك سەرکەوتنی سەربازیی بێوێنەی لە رۆژئاوای سووریا بەدەست هێناوە، لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦دوایین چەکداری یاخیبووان و خێزانەکانیانی ناچار کرد کە حەلەب (دووەم گەورە شاری سووریا) بەجێبهێڵن، هاوکات لە ئایاری هەمان ساڵدا توانی دوایین ناوچەی یاخیبووان لە حومس (سێیەم شاری گەورەی سووریا) داگیربکاتەوە، هەروەها هیزەکانی حکومەتی سووریا توانییان بە شێوەیەکی زۆر توند هێرش بکەنە سەر سەنگەرەکانی یاخیبووان لە دەوروبەری دیمەشق و لە مانگی ئابی ٢٠١٦ توانییان داریا داگیربکەنەوە، هەروەها لە بەهاری ٢٠١٧ ـەش ناوچەکانی بەرزە و قابون دەستی بەسەردا بگرنەوە.

دیارە زنجیرەیەك هەڵەی گەورە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، فاکتەری سەرەکی بوون بۆ ئەم سەرکەوتنانەی ئەسەد، کە ئەویش بریتی بوو لە ململانێ و رکابەریی نێوان سەرکردە شەڕکەرەکانی ئۆپۆزسیۆن کە بووە هۆکاری ئەوەی نەتەوانن بە یەکگرتوویی ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجام بدەن، هەروەها هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن نەیانتوانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو بنکە جەماوەرییە دروست بکەن کە پشتگیری حکومەتەکەی ئەسەد دەکەن، وەك گرووپە کەمینە ئایینییەکان، چینی بارزگان و ناوەند، لە کاتێکدا ئەمانە هاوسۆز بوون لەگەڵ ئامانجەکانی ئۆپۆزسیۆندا. لایەنێکی دیکەی کارە نابەجێیەکانی ئۆپۆزسیون ئەوە بوو کە نەیانتوانی کاردانەوەیان بۆ ئەو رێکخراوە توندڕۆیانە هەبێت کە لەناو ئۆپۆزسیۆندا کاریان دەکرد، بەتایبەتیش بەرەی نوسرە کە سەر بە رێکخراوی ئەلقاعیدەیە، هەروەها نەیانتوانی بەهیچ جۆرێك سزای چەکدارەکانی ئەو گرووپە یاخیبووانە بدەن کە کاری نامرۆڤایەتی و قێزەوەنیان ئەنجام دەدا. ئەم شکستانەی ئۆپۆزسیۆن بواری بۆ بەشار ئەسەد رەخساند بۆ ئەوەی پشتگیرییەکی تەواوی لە نێوان کەمینەکان و بزنسمانەکان بۆ دروست بێت، کە ئەوان لەوە دەترسان لە ژێر حوکمڕانیی ئیسلامیدا رووبەڕووی نەهامەتی ببنەوە، ئەوانەش بوون بە هێز و سەرچاوەی پێویست بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی بەشار ئەسەد، ئەمە بێجگە لەوەی کە حکومەتەکەی ئەسەد سوودێکی گەورەی لە هاوکاری دەرەکیش وەرگرت.

حکومەتی ئێران توانی هەزاران جەنگاوەری شیعە لە ئەفغانستان و ئێران و عێراق و لوبنان و تەنانەت پاکستانیش بۆ شەڕکردن لە پێناوی رژێمی ئەسەد کۆبکاتەوە، ئەم هێزانە لەگەڵ پشتگیری هێزی ئاسمانیی رووسیا بوونە هاوکارێکی زۆر باش بۆ ئەوەی هێزە زەمینییەکانی ئەسەد بتوانن ناوەندی شارەکانی سووریا بگرنەوە. لەمەش زیاتر ئەسەد یارمەتی و هاوکاری لە دەرەوەش پێدەگەیشت، ئەو ئۆپۆزسیۆنانەی لە دەرەوە هاوکاری دەکران، هاوکارییەکانیان لێ بڕا، لە ٢٠١٦ تورکیا و ئەمریکا نەیانتوانی هاوکاری ئەو کوردانە بکەن کە ئەمریکا پشتیگری دەکردن بۆ شەڕی دژی داعش، ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەك ناوچە کوردییەکانی سەرسنوور بەرەو سەربەخۆیی بچن، هەروەها هەڵمەتەکانیان دژی رژێمی ئەسەد کەم کردەوە و دووبارە هاوکاریی ئەو یاخیبووانەیان کرد کە شەڕیان لە دژی کورد دەکرد. دوای ئەوەش لە مانگی تەمموزی رابردوو

سەرۆک ترەمپ کۆتایی بەرنامەیەکی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی (CIA) هێنا کە ئامانج لەم پرۆگرامە ئەوە بوو هاوکاری ئەو گرووپە چەکدارە سکولارەی سووریا بکات کە دژی رژێمی ئەسەد دەجەنگان، بەڵام ئەم گرووپەش کە پشتگیری دەکرد بوونە هاوکاری بەرەی نوسرە.

**● ئاگربەس وەڵامدانەوە نییە**

لەگەڵ زیادبوونی ئاکامە سەربازییەکان، رووسیا هەوڵدەدات کە سوودی زیاتر لە دەستتێوەردانەکەی لە سووریا بکات، بۆ گەرەنتیکردنی ئەوەش دەیەوێت بە چارەسەرێکی سیاسی کۆتایی بە شەڕ بهێنێت و سووریاش لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئێستادا بهێڵێتەوە.

دوای کەوتنی حەلەب، رووسیا شاندێکی حکومەتی ئەسەد و چەندین گرووپی ئۆپۆزسیۆنی پێکەوە بردە ئەستانەی کازاخستان، هاوشان لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا و ئێران بەو ئومێدەی هەر وڵاتێک هاوپەیمانەکانی ناچار بکات، کۆتایی بە کاری دوژمنکارانە لەسەر زەوی بهێنن. لە مانگی ئایار ئێران و رووسیا و تورکیا چوار ناوچەیان راگەیاند کە نابێت هەڵکشانی توندوتیژی تێدا رووبدات، لەناویاندا چەند ناوچەیەک لە باکووری رۆژئاوا کە بە دەست یاخیبووانەوە بوو، لەوانە: ئەدلیب باکووری رۆژئاوا لەگەڵ شاری حومس، دەوروبەری رۆژهەڵاتی دیمەشق، گۆشەی باشووری رۆژئاوای سووریا نزیک سنووری ئەردەن و شاری دەرعە، ئەو شارەی لە ساڵی ٢٠١١ راپەرینەکانی تێدا هەڵگیرسا.

بەپێی ئەو رێککەوتنە دەبوو جەنگاوەرەکان هەموو هێرشەکانیان لەدژی هێزە ناتوندرۆکان لەو زۆنانە رابگرن، هەروەها حکومەتی سووریاش رێگە بدات هاوکاری مرۆڤایەتی بگەیەندرێتە هاووڵاتیانی سڤیلی ئەو ناوچانە، هەتا ئێرە هەوڵە دیبلۆماتییەکان هاوشانە بە سەرکەوتنە ناتەواوەکان، ئەمەش بە پلەی یەکەم لەبەر ئەوەی حکومەتی سووریا بە پشتگیری ئێران لە هەموو ئەو شوێنانە کاتێک زانیویەتی لە بەرژەوەندی خۆیەتی شکستی بە ئاگربەستەکە هێناوە، واتە ئەو چوار زۆنەی راگەیەندرابوون کە توندوتیژییەکانی تێدا کەم بکرێتەوە، تەنیا ئەدلیب لە سەرەتاوە کەمکردنەوەی توندوتیژییەکانی بەخۆیەوە بینی، هێزە ئاسمانی و زەمینییەکانی ئەسەد بەردەوام بوون لە هێرشکردنە سەر باکووری حومس و لە رۆژهەڵات و باشوور و رۆژئاوای دیمەشق، دواتر لە مانگی تەمووز رووسیا بە هاوکاری ئەردەن و ئەمریکا پشتگیریان لە یاخیبووانی باشوور کردو ئەمەش رێکەوتنێکی دیکەی ئاگربەستی هێنایەئاراوە و بارودۆخەکەی باشتر کرد. بەڵام هێزەکانی رژێمی ئەسەد بەردەوام بوون لە پێشڕەوی میل لە دوای میل، ئەمەش بە پابەندبوون و پێشێلکردنی رێککەوتنی ئاگربەستەکەوە، وەك تاکتیکی سەربازی. هەر ئەوەش رێزگرتنی ئەو زۆنانەی لێکەوتەوە کە جۆرێك لە ئاگربەستی تێدا راگەیەندرابوو، ئەوەش بووە دیارییەکی سەربازی بۆ حکومەتی سووریا، لە باشووری رۆژئاوا حکومەتی سووریا لەسەرخۆ بەرەو درعە پێشڕەوی کرد، ئەمەش بەبێ پشتگیری هێزی ئاسمانیی رووسیا کە هەموو کات دەبووە تەواوکاری هێرشە زەمینی و ئاسمانییەکانی سووریا، ئەمەش وایکرد دووبارە گرتنەوەی ئەدلیب قورس بێت، ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، سەرەنجامیش لە دەوروبەری مانگی ئاب، حکومەتی سووریا تا رادەیەکی زۆر رێزی لە ئاگربەستەکەی دەوروبەری درعە و ئەدلیب گرت و هێزەکانی بۆ سنووری باشووری رۆژئاواوە گواستەوە بۆ هێرشکردنە سەر دەوروبەری دیمەشق و شاری حومس لە باکوور. ئەم ستراتیژییەی کە رێز لە هەندێك لایەنی ئاگربەستەکە دەگرێت و ئەوانی دیکەی رەتدەکاتەوە، بواری ئەوەی رەخساند کە حکومەتی سووریا ئەو سەرکەوتنە سەربازییانە بەدەست بهێنێت و هیچ لایەکیش لەسەر ئەمە کێشەی نییە. بێگومان دیمەشق تا سەر رێزی لەو بەشەی مابوو لە ئاگربەستەکە نەگرت، لە باشووری سووریا، هاووڵاتیانی سڤیل حکومەتێکی لۆکاڵیان دامەزراند بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و بووژاندنەوەی ئابووری، لە هەندێك شاری دیکەش لە پارێزگای ئیدلیب دانیشتووانەکانیان هەڵبژاردنیان ئەنجامدا بۆ بەڕێوەبەری شارەکە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو حکومەتی سووریا بە بەردەوامی ئەو جۆرە کیانە سیاسییانەی رەتدەکردەوە و بە کارێکی نایاسایی لەناو سووریای دادەنا، هەر بۆیە هەوڵێکی زۆری خستەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم کیانانە رابگرێت، هەر بۆ نموونە لە ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ لە دیمەشق

**ستراتیژی و دیبلۆماسیی رووسی ئەو زۆنانەی دروستکردووە کە توندوتیژی تێدا هەڵنەکشێت، کە ئەمەش زەمینەیەکی باشتر بۆ حکومەتە لۆکاڵەکان و بووژانەوەی ئابووری لەو زۆنانە دروست دەکات**

**باشترین رێگە بۆ رێگرتن لە پەیوەندیکردن بە توندڕەوکان و تیرۆریستانەوە کە هەتا ئێستاش لەو ناوچانەن بوونیان هەیە کە لەژێر دەستی ئۆپۆزسیۆندان، ئەوەیە کە ئابووری لۆکاڵی ئەو ناوچانە ببووژێندرێتەوە، هەورەها لە رووی ئابورییەوە هاوکاری ئەو خەڵکە هەژارەی دانیشتووانی دەوروبەری حەلەب و دیمەشق و حومس بکرێت**

**ئەگەر شێوەیەکی نوێی قاعیدە لە سووریا سەرهەڵبداتەوە، ئەوا ئەوانیش لە بەرەی نوسرەوە داعشەوە فێردەبن و پەند وەردەگرن، بۆیە زۆر قورس دەبێت کە بتوانرێت، ناسنامەیان دیاری بکرێت، یان بتوانرێت کارەکانیان جڵەوگیر بکرێت.**

**راستە بوونی ئێران لە سووریا ئاسایشی ئیسرائیل ئاڵۆز دەكات، بەڵام هەڕەشە نابێت بۆ سەر وجوودی ئیسرائیل، هەڕەشەی لەمە خراپتر ئەوەیە كە جیهادییەكان جارێكی دیكە لە سووریا خاك داگیربكەنەوە و بیكەنە بنكەیەک بۆ هەناردەكردنی تیرۆر بۆ دەرەوە، ئەمەش مەترسی راستەقینەیە، لەبەر ئەوەی جیهادی تازە لەسەر پاشماوەی كۆنەكە دووبارە دروست دەبێتەوە**

**سیاسەتسازانی واشنتۆن و ئۆرشەلیم ئومێدی ئەوە دەخوازن كە رووسیا بتوانێت سنوورێک بۆ نفووزی ئێران لە سووریا دابنێت، كە پێویستی بە رووبەڕووبوونەوەی سەربازی نەبێت، ئەم ئومێدە روون نییە، لەبەر ئەوەی رووسیا پەیوەندییە سیاسی و بازرگانییەكانی ناخاتە مەترسییەوە، لەگەڵ ئێرانیش بەرژەوەندی هاوبەشیان لە قەوقاز و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست هەیە**

هەمــوو ئــەو ئیــدارە ســەربەخۆیانەی هەڵوەشــاندەوە كــە ئاشــتییان لەگــەڵ حكومــەت كردبــوو.

رەتكردنـەوەی حكومـەتی سـووریا بـە شـەرعیەتدان بـە گرووپـە سیاسـییەكانی دیكـەی سـووریا، بـووە ئاسـتەنگ لـە بـەردەم وتووێژەكانـی ژنێـف بـۆ ئاشـتی بـە سەرپەرشـتی نەتـەوە یەكگرتـووەكان، كـە نوێنـەری ئەسـەد رەتیكـردەوە وتووێـژ لەسـەر هیـچ چاكسـازییەكی سیاسـی بـكات، لەمـەش كەمتـر باسـكردنی راگواسـتنی دەسـەڵات لەدەسـتی ئەسـەد، لـە هەمانكاتـدا شـاندی ئۆپۆزسـیۆن كـە لەلایـەن قەتـەر و سعودیە و توركیا و رۆژئاواوە پشـتگیرییان لێدەكرا، سـووربوون لەسـەر ئـەوەی كـە دەبێـت ئەسـەد دەسـتبەرداری دەسـەڵات بێـت، وەك بەشـێك لـە رێككەوتنەكـە. بـۆ ئـەم بـە بنبەسـت گەیشـتنەش هیـچ ئاماژەیـەك نییـە كـە گـۆڕانكارییـەك روویـدا بێـت بـۆ پێشـوازی لـە خولەكانـی دیكـەی دانوسـتانەكان كـە بڕیـارە لـە تشـرینی یەكـەم، یـان تشـرینی دووەم ئەنجـام بدرێـت. لـە چەنـد هەفتـە و مانگـی داهاتووشـدا، هێزەكانـی ئەسـەد لـە میانـەی پابەندبـوون و شـكاندنی ئاگربەسـتەكە وەك تاكتیكـی سـەربازی بـەردەوام دەبـن.

لـە قۆناخێكـدا لەوانەیـە رژێمـی ئەسـەد لەسـەر داوای ئێـران و رووسـیا رازی بێـت بـە هەندێـك گـۆڕانكاریـی رووكەشـییانەی سیاسـی، لەوانەیـە رێگـە بـە سـەرۆك وەزیرانێكـی تـازە، یـان وەزیرێكـی تـازەی ئابـووری و رۆشـنبیری بـدات، بـەڵام هەرگیـز رێگـەی ئـەوە نـادات كـە بـە شـێوەیەكی شـەفافانە هەڵبژاردنێكـی ئـازاد و عادیلانـە ئەنجـام بدرێـت، بەمـەش گەوهـەری ئەمنـی دڕندانـەی دەوڵـەت كـە چەكـی كیمایـی لـە دژی میللەتـی خـۆی بـەكار هێنـا و بەرمیلـی بۆمبـای فڕێداوەتـە خـوارەوە، هەروەهـا هاوكاریكردنـی لەگـەڵ گرووپـە تیرۆریسـتییەكان وەك خـۆی دەمێنێتـەوەو بـەردەوام دەبێـت.

## ● كەوتنی داعش

لـە رۆژهەڵاتـی سـووریا كـە لـە رژێمـی ئەسـەد دابڕێندرابـوو بـۆ كۆششـكردن دژی ئۆپۆزسـیۆن لـە رۆژئـاوا، ئـەو هێزانـەی لەلایـەن ئەمریـكاوە پشـتیوانییان لێدەكرا، پێشـكەوتنی گەورەیان لـەدژی داعـش بەدەسـت هێنـا، لـە سـەروبەندی ئابـدا و دوای تێپەڕبوونـی سـێ سـاڵ بەسـەر دەسـتپێكردنی هەڵمەتەكانـی سـەرۆك ئۆبامـا دژی داعـش، ئـەو هاوپەیمانییـەی كـە ئەمریـكا سـەرۆكایەتی دەكات، توانـی ٦٠٪ی ئـەو خاكـە كۆنتـرۆڵ بكاتـە كـە پێشـتر داگیركرابـوو، باجـی ئـەم سـەركەوتنەش قوربانـی مرۆیـی و دیپلۆماتیـەت بـوو، شـاڵاوە ئاسـمانییەكانی ئەمریـكا بـە سـەدان هاووڵاتـی سـڤیلی كردۆتـە قوربانـی، هەروەهـا پشـتگیری ئەمریـكا بـۆ هێـزە كوردییەكانـی سـووریا بۆتـە هۆكاری ئەوەی زیانی بە پەیوەندیەكانی ئەمریكا و توركیـا داوە، لەمانگـی حوزەیـران وێـڕای ئـەو هەمـوو ناڕەزاییـەی توركیـا، ئیـدارەی ترەمـپ دەسـتی كـرد بـە دابینكردنـی چـەك بـۆ یەپەگـە، ئـەو میلیشـیا كوردانـەی كـە لـە سـووریا شـەڕی داعشـیان دەكـرد، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی یەپەگـە پەیوەنـدی راسـتەوخۆی بـە هێزەكانـی پەكەكـەوە هەیەو لـە باكووری عێراق بنكـە و بارەگای هەیـە. ئەمریـكا بۆ كەمكردنـەوەی مەترسییەكانی توركیـا، گرووپێـك چەكـداری عەرەبـی هێنـا بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ یەپەگـە هاوپەیمانییـەك لەژێـر نـاوی هێـزە دیموكراتییەكانـی سـووریا دروسـت بكـەن، بـەڵام یەپەگـە هێـزی سـەرەكی نـاو ئـەم هاوپەیمانییـە بـوو.

لـە هاوینـی ٢٠١٧ بـۆ یەكەمیـن جـار لەمـاوەی شـەڕی ناوخـۆی سـووریادا، داعـش رووبـەڕووی هێرشـێكی بەردەوام بـووەوە لەلایـەن ئەمریـكا لەلایـەك و ئێرانییـەكان و ئـەو سـوپایەی رووسـیا پشـتگیری دەكـرد لەلایەكـی دیكـەوە، هەتـا نووسـینی ئـەم دێڕانـە هیزەكانـی سـووریای دیموكراتـی بـە پشـتگیری هێـزی ئاسـمانیی ئەمریـكا توانیویانـە تـا رادەیەكـی زۆر شـاری رەققـە (پایتەختـی داعـش) بگێڕنـەوە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـان كـە دواییـن پەناگـەی تیرۆریسـتانی داعـش بـووە، هەروەهـا توانیویانـە دێـرزور بگرنـەوە لـە باشـووری رۆژهەڵاتـی سـووریا كـە ئـەم شـارە كێڵگـەی نەوتـی تێدایـە و سـەرچاوەیەك بـووە بـۆ داهاتـی داعـش. لـە هەمانكاتـدا و لـە سـەرەتای ئەیلـوول هێزەكانـی حكومەتـی سـووریا هێرشـی كـردە سـەر پایتەختـی پارێزگاكـە كـە ئەویـش هـەر پێـی دەگوترێـت دیـرە زور و دەكەوێتـە سـەر كەنـاری رووبـاری فـورات.

لەسـەر ئـەم ئاكامـە هـەردوولا (رووسـیا و ئەمریـكا) رازیبـوون كـە ئـاوی فـورات هـەردوو هێزەكـە لـە یەكتـری جیابكاتـەوە، ئەمـەش بـەو مانایـەی هێزەكانـی سـووریا لـە كەنـاری رۆژئـاوای فـورات دەمێننـەوەو هێزەكانـی سـووریای دیموكراتیـش

لە کەناری رۆژهەڵاتی فورات دەمێننەوە، لە هەمانکاتیشدا هێزەکانی حکومەتی سووریا بە پێشڕەوییان بۆ ناو شارەکە توانییان دووبارە تەواوی شاری دێرزور لە رۆژئاوای فورات داگیربکەنەوە و هێزەکانی سووریای دیموکراتیش بەشێکی لە پارێزگاکە لەلای رۆژهەڵاتەوە بەدەستەوە ماوە.

هەر بۆیە کاتێك هێزەکانی سووریای دیموکراتی کۆنترۆڵی رەققە بکەن، ئەوا هێزەکانی حکومەتی سووریا دەگەنە ئەبوکەمال کە دوایین شارە لە رۆژئاوای فورات پێش ئەوەی بگاتە سنووری عێراق، لەم ناوچانەشدا هیچ پێگەیەکی رێکخستنەکانی داعش بوونیان نییە، هەتا بگیرێتەوە، دوای ئەمانە دیمەشق بەدوای رێگەیەکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی دەست بگرێتەوە بە سەر کێڵگە نەوتییەکانی دێرزوردا کە بە فاکتەرێکی ژیاری دەزانێت بۆ دووبارە بونیادنانەوە، بەڵام ئەم کێڵگە نەوتییانە دەکەونە بەشی رۆژهەڵاتی کەناری فورات، هەروەها حکومەتی سووریا دیدێکی شاراوەشی لەسەر ئەو ئەنجومەنە مەدەنییە کاتییە هەیە کە هێزەکانی سووریای دیموکراتی دایانمەزراندووە بۆ حوکمڕانی ئەو بەشەی دێرزور کە لە ژێر دەستیاندایە، بۆ ئەمەش رژێمی ئەسەد چاوی لەوەیە کێشەی هۆزەکان هەڵگیرسێنی کە لەوانەیە هێزەکانی سووریای دیموکراتی لەدوای لەبەریەکهەڵوەشانی داعش لەیەك بترازێنێت و ئەمەش هەلێك بۆ حکومەتی سووریا دروست بکات بۆ ئەوەی هێزەکانی بەرەو رۆژهەڵاتی دێرزور پێشڕەوی بکات، لە هەمانکاتیشدا هەلێکی بۆ دێتە پێشەوە بۆ ئەوەی سوننەکان چەکدار بکات دژی هێزەکانی سووریای دیموکراتی.

حکومەتی سووریا بە کردەیی شەرعییەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردەکانی رەتکردۆتەوە کە بە (رۆژئاوا) ناسراوەو لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا دامەزراوە، لە مانگی ئابدا فەیسەڵ میقداد جێگری وەزیری دەرەوەی سووریا رایگەیاند کە حکومەت رێگە بە هیچ هەرێمێك نادات کە هەڕەشە لە یەکپارچەیی نیشتمانی بکات و ئەو هەڵبژاردنەشی کە کوردەکان لە رۆژئاوا رێکیانخستووە، بە «گاڵتەجاڕی» ناوی برد، لەلای خۆشیەوە ئەسەد زۆر بە توندی دووبارەی کردەوە کە حکومەتەکەی هەموو هەوڵێکی جیاخوازی شکست پێدەهێنێت و بە هیچ جۆرێك لەگەڵ هەرێمێکی سەربەخۆی کورددا نایێت.

بەڵام رژێمی ئەسەد و ئێرانییەکان لە ئێستادا ئارامگرن، لەوانەیە ئەو هێرشەی بەنیازن بیکەن بۆ سەر هەرێمی کوردان، دوای بخەن بۆ دوای جوولانیان دژی هێزەکانی سووریای دیموکراتی لە دێرزور، چونکە هەرگیز بە حکومەتی لۆکاڵ رازی نابێت کە نکۆڵی، یان گاڵتە بە دیمەشق بکات، دوای هەموو ئەمانە جارێکی دیکە شەڕی ناوخۆی سووریا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ٢٠١١، ئەمەش لەبەر ئەوەیە حکومەتی ئەسەد هەموو چاکسازییەك لە حکومەتە سەرکوتکارەکەی رەتدەکاتەوە.

**● بژارە خراپەکانی بەردەم واشنتۆن**

لە ئێستادا و دوای کۆتاییهاتنی هەڵمەتەکانی دژی داعش، دەبێت ئیدارەی ترەمپ بڕیار بدات بەوەی ئایا هەتاکەی هێزەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی سووریا دەمێننەوە. ئێستا نزیکەی دوو هەزار سەربازی ئەمریکی و ژمارەیەکی کەمی ئەمریکیی سڤیل لەو وڵاتە بڵاوکراونەتەوە، ئەرکەکانی ئەمریکا لە ناو سووریا لە پشتگیرکردنی هێزە کوردییەکان بۆ شەڕکردن دژی داعش دەستی پێکردووە، بەڵام ئەم ئەرکە زیادی کردووە و پاراستنی ئاشتی لەنێوان هێزەکانی حکومەت و یاخیبووانی عەرەب و تەنانەت سەربازانی تورکیاش لە شاری مونبیجی باکووری سووریاش لەخۆ دەگرێت، لەمەش زیاتر هاریکاری بۆ دووبارە بونیادنانەوەش لەخۆ دەگرێت.

دەبێت ئێستا ئەولەوییەتی ئەمریکا ئەوە بێت کە خۆی لە ئەرکی ناردنی نێردراوی دیکە دووربخاتەوە، هەروەها سوور بێت لەسەر ئەوەی کە خۆی لە هیچ شاڵاوێکی سەربازی و باجی قورس تێوەنەگلێنێتەوە. لەبەر ئەوەی هیچ شتێکی ماقووڵ نییە بۆ ئەوەی دەستتێوەردان بکات. حکومەتی سووریا و هێزە کوردییەکان حەتمەن دەبێتە شەڕیان لەسەر خۆبەڕێوەبەری کوردستان لە رۆژئاوا، هەورەها ئەگەر حکومەتی سووریا هێرشی کردە سەر هێزەکانی سووریای دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی دێرزور، ئەوا لەوانەیە ئەمریکا حەزبکات وەك هاوپەیمانێکی کۆنی ئەو هێزانە هەنگاوێك هەڵبگرێت، بەڵام ئەم هەنگاوە هەڵەیە، لەبەر ئەوەی نە کاراکتەری

**بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئێرانییەکان و حکومەتی سووریا جیهادییەکانیان کردووە بە سەرباز بۆ ئەوەی دژی هێزەکانی ئەمریکا شەڕ بکەن، لەمەشدا دەبێت ئەمریکا مەزندەی ئەوە بکات کە یارمەتییەکی ئەوتۆی لەلایەن تورکیاوە بۆ ناکرێت لە هەر کێشەیەکدا کە لەگەڵ ئێران بۆی دروست بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ کوردەکانی سووریا ئەگەری هاریکاری لە نێوان ئەنکەرە و تاران دروست کردووە**

**سیاسەتسازان لە واشنتۆن و ئۆرشەلیم نیگەرانن سەبارەت بە پێگە سەربازییەکانی ئێران لە سووریا و لە نزیک بەرزاییەکانی جۆلان، کە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل، ئەمەش نیگەرانییەکی مەشرووعە، لەبەر ئەوەی میلیشیاکانی حەرەکاتی حزبوڵای نوجەبا، گەورەترین میلیشیای عێراقی سەر بە ئێرانن لە سووریادا، بەڵێنیشیان داوە کە شەڕی داهاتوویان ئازادکردنەوەی بەرزاییەکانی جۆلان دەبێت، سووریاش لەو پێگەیەدا نییە کە بتوانێت رێگری لە فراوانخوازیی ئێران بکات**

**حکومەتی سووریا بە کردەیی شەرعییەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردەکانی رەتکردۆتەوە کە بە (رۆژئاوا) ناسراوەو لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا دامەزراوە، لە مانگی ئابدا فەیسەڵ میقداد جێگری وەزیری دەرەوەی سووریا رایگەیاند کە حکومەت رێگە بە هیچ هەرێمێک نادات کە هەرەشە لە یەکپارچەیی نیشتمانی بکات و ئەو هەڵبژاردنەشی کە کوردەکان لە رۆژئاوا رێکیانخستووە، بە «گاڵتەجاڕی» ناوی برد**

گەورە لە رۆژهەڵاتی سووریا، نە ئوردن، نە کوردەکانی عێراق، نە حکومەتی عێراق لە بەغدا ناتوانن هاوکاری کوردەکانی سووریا، یان هێزەکانی سوریای دیموکراتی لە دێرزور بکەن. حکومەتی تورکیا هانی رژێمی ئەسەد دەدات بۆ ئەوەی کوردەکانی تورکیا سەرکوت بکات، لەم حاڵەتەشدا تورکیا رێگەنادات هیچ هاوکارییەکی ئەمریکا بە خاکی تورکیادا بگاتە دەستی کوردەکان، لە هەمانکاتدا رووسیاش زۆر هەستیارە سەبارەت بە دەستتێوەردانی رۆژئاوا دژی حکومەتە سەرکوتکارەکان لە ناوچەکەدا، لەهەموو کەیسەکانیشدا هەڵوێستی رووسیا بەو جۆرە بووە. ئێران کە بە توندی رووبەڕووی کوردەکانی خۆی دەبێتەوە، دژی کوردەکانی سووریاش پشتگیری ئەسەد دەکات، سەرباری هەموو ئەمانەش، هیچ ئیرادەیەکی سیاسی لە ئەمریکا بوونی نییە کە لە بەرژەوەندیی کوردی سووریا بێت، یان چەکدارانی هۆزە عەرەبەکان لە دێرزور، یان رۆژهەڵاتی سووریا کە شەڕێکی بەوەکالەت بکات، لەبەر ئەوەی رۆژهەڵاتی سووریا هیچ بایەخێکی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا نییە.

سیاسەتسازان لە واشنتۆن و ئۆرشەلیم نیگەرانن سەبارەت بە پێگە سەربازییەکانی ئێران لە سووریا و لە نزیك بەرزاییەکانی جۆلان، کە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل، ئەمەش نیگەرانییەکی مەشرووعە، لەبەر ئەوەی میلیشیاکانی حەرەکاتی حزبوڵای نوجەبا، گەورەترین میلیشیای عێراقی سەر بە ئێرانن لە سووریادا، بەڵێنیشیان داوە کە شەڕی داهاتوویان ئازادکردنەوەی بەرزاییەکانی جۆلان دەبێت، سووریاش لەو پێگەیەدا نییە کە بتوانێت رێگری لە فراوانخوازیی ئێران بکات، هەروەها هێرشە ئاسمانییەکانیش ئێران ناچار ناکات کە لە سووریا هەڵبکەندرێت، هەروەها شاڵاوی سەربازیش ئەمریکا ناچار دەکات کە بەرگری لە ناوچانە بکات دژی تاکتیکە غەیرە تەقلیدییەکانی هێزەکانی سووریا و ئێران، لەمەش زیاتر بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئێرانییەکان و حکومەتی سووریا جیهادییەکانیان کردووە بە سەرباز بۆ ئەوەی دژی هێزەکانی ئەمریکا شەڕ بکەن، لەمەشدا دەبێت ئەمریکا مەزندەی ئەوە بکات کە یارمەتییەکی ئەوتۆی

**حکومەتی سووریا بە پشتگیری ئێران لە هەموو ئەو شوێنانە کاتێک زانیویەتی لە بەرژەوەندی خۆیەتی شکستی بە ئاگربەستەکە هێناوە، واتە ئەو چوار زۆنەی راگەیەندرابوون کە توندوتیژییەکانی تێدا کەم بکرێتەوە، تەنیا ئەدلیب لە سەرەتاوە کەمکردنەوەی توندوتیژییەکانی بەخۆیەوە بینی، هێزە ئاسمانی و زەمینییەکانی ئەسەد بەردەوام بوون لە هێرشکردنە سەر باکووری حومس و لە رۆژهەڵات و باشوور و رۆژئاوای دیمەشق**

لەلایەن تورکیاوە بۆ ناکرێت لە هەر کێشەیەکدا کە لەگەڵ ئێران بۆی دروست بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ کوردەکانی سووریا ئەگەری هاریکاری لە نێوان ئەنکەرە و تاران دروست کردووە، بۆ ئەمەش لە مانگی ئاب بۆ یەکەمین جار لەدوای ساڵی ١٩٧٩وە سەرۆك ئەرکانی سوپای ئێرانی سەردانی ئەنکەرای کردووە، بۆیە هیچ کەسێك ناتوانێت مەزندەی ئەوە بکات، ئەو شەڕە چەند دەخایەنێت، هەتا بتوانرێت نفووزی ئێرانی لە سووریا سنووردار بکرێت، یان بمانەوێت سەرکەوتوو بین بەسەریدا. هەربۆیە زۆر لە سیاسەتسازانانی واشنتۆن و ئۆرشەلیم ئومێدی ئەوە دەخوازن کە رووسیا بتوانێت سنوورێك بۆ نفووزی ئێران لە سووریا دابنێت، کە پێویستی بە رووبەڕووبوونەوەی سەربازی نەبێت، ئەم ئومێدە روون نییە، لەبەر ئەوەی رووسیا پەیوەندییە سیاسی و بازرگانییەکانی ناخاتە مەترسییەوە، لەگەڵ ئێرانیش بەرژەوەندی هاوبەشیان لە قەوقاز و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست هەیە.

واشنتۆن و ئۆرشەلیم دەبێ دان بەو راستییەدا بنێن کە دەبوو چەند ساڵێك پێش ئێستا ئەو بژارەیان هەڵبژاردایە، پاش ئەوەی رازیبوون کە ئەسەد لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەوا دەبێت ئەمریکا لە هەمانکاتدا نفووزی تازەی ئێرانیش قبووڵ بکات.

بۆ خۆشبەختی، ئەمریکا دەتوانێت لەگەڵ نفووزی زیاتری ئێران لە سووریا هەڵبکات، راستە بوونی ئێران لە سووریا ئاسایشی ئیسرائیل ئاڵۆز دەکات، بەڵام هەڕەشە نابێت بۆ سەر وجوودی ئیسرائیل، هەڕەشەی لەمە خراپتر ئەوەیە کە جیهادییەکان جارێکی دیکە لە سووریا خاك داگیربکەنەوە و بیکەنە بنکەیەك بۆ هەناردەکردنی تیرۆر بۆ دەرەوە، ئەمەش مەترسی راستەقینەیە، لەبەر ئەوەی جیهادی تازە لەسەر پاشماوەی کۆنەکە دووبارە دروست دەبێتەوە. هەر بۆ نموونە لەساڵی ٢٠١١ بەرەی نوسرە لە قاعیدەی عێراقەوە سەریهەڵدا، سەرەتا کەمتر دڕندە بوون و لە تیرۆریستانی پێش خۆیانەوە فێربوون، چەندین هاوپەیمانی گرووپە غەیرە جیهادییەکانیان لەخۆ گرت، هەتا ئەو کاتەی خشتەکەی خۆیان گۆڕی و پاشان

یەك لەدوای یەك هەموویان تیكشكاندن، بۆیە ئەگەر شێوەیەكی نوێی قاعیدە لە سووریا سەرهەڵبداتەوە، ئەوا ئەوانیش لە بەرەی نوسرەو داعشەوە فێردەبن و پەند وەردەگرن، بۆیە زۆر قورس دەبێت كە بتوانرێت، ناسنامەیان دیاری بكرێت، یان بتوانرێت كارەكانیان جڵەوگیر بكرێت.

باشترین رێگە بۆ رێگرتن لەپەیوەندیكردن بە توندڕەوكان و تیرۆریستانەوە كە هەتا ئێستاش لەو ناوچانەن بوونیان هەیە كە لەژێر دەستی ئۆپۆزسیۆندان، ئەوەیە كە ئابووریی لۆكاڵی ئەو ناوچانە ببووژێندرێتەوە، هەورەها لە رووی ئابورییەوە هاوكاری ئەو خەڵكە هەژارەی دانیشتووانی دەورووبەری حەلەب و دیمەشق و حومس بكرێت كە هەر ئەم هۆكارە بووە هۆی هەڵایسانی راپەڕینەكانی ٢٠١١ كە ئەو هەموو كاولكارییەی لێكەوتەوە.

بەپێی راپرسییەك كە كۆمپانیای بۆرسون مارستیلر لە ٢٠١٧ ئەنجامی داوە، ٢٥٪ی گەنجەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆچوونیان بەو جۆرە بووە كە خوێندنێكی باش و دۆزینەوەی هەلی كار باشترین هۆكارە بۆ بەرەنگاریكردنی داعش، تەنیا ١٣٪یان پێیانوابووە كە چارەسەركە لە كردەوەی سەربازیدایە، لە ئێستادا گەشەی ئابووری ئەگەرێكی دوورە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تەنیا دوای كۆتاییهاتنی شەڕ ئەو هەلە دەڕەخسێت كە كۆمپانیاكان دووبارە ئیدارەكانی خۆیان بكەنەوە و حكومەت دەتوانێت خزمەتگوزاری سەرەكی وەك ئاوی پاك و كارەبا و نەخۆشخانە و قوتابخانەكان دابین بكاتەوە، ستراتیژی و دیپلۆماسیی رووسی ئەو زۆنانەی دروستكردووە كە توندوتیژی تێدا هەڵنەكشێت، كە ئەمەش زەمینەیەكی باشتر بۆ حكومەتە لۆكاڵەكان و بووژانەوەی ئابووری لەو زۆنانە دروست دەكات. ئەگەر حكومەتی سووریا رێز لەو ناوچانە بگرێت. لەم حاڵەتەدا ئەمریكا دەبێت پشتگیری ئەم ئاراستەیەی رووسیا بكات، بەڵام بەو مەرجەی ناردنی هاریكارییەكان پەیوەست بێت بە رێزگرتن لە ئاگربەستەكە. لەبەر ئەوەی گەرەنتی تەنانەت لانیكەمی رێزگرتن لە مافەكانی مرۆڤ و پێوەرەكانی دیموكراتی و حوكمڕانییەكی باش بۆ ئێستای سووریا مەحاڵە، هەر بۆیە رووسیا ئومێد دەخوازێت كە رۆژئاوا سەرەنجام هاوكاری بۆ دووبارە بونیادنانەوەی ئەو بەشانەی سووریا پێشكەش بكات كە لەژێر دەسەڵاتی حكومەتی ئەسەددایە، بەڵام پرۆگرامە مرۆییەكانی ئەم دواییەی نەتەوە یەكگرتووەكان لە سووریا ئەوەی سەلماندووە ئەم هەوڵانە هەموو فێڵكردن و چەواشەكارییە، لەبەر ئەوەی دەبێت هەموو هاریكارییەكی دەرەكی بە رێگەی حكومەتی سووریا بێت، لەم حاڵەتەشدا بەشی هەرە زۆری ئەو هاوكارییانەی كە نەتەوە یەكگرتووەكان دەینێرێت، دەچێتە دەستی حكومەت و گیرفانی ئەو گرووپانەی پشتگیری ئەسەد دەكەن، بەڵام لەهەموو حاڵەتێكدا ئەو سزایانەی ئەمریكا لەسەر حكومەتی سووریا سەپاندوویەتی، وادەكات سەركەوتنی پرۆگرامی هاوكارییەكان لە ئایندەیەكی بەرچاودا مەحاڵ بێت، هەندێك لە شرۆڤەكاران وەك جۆشا لاندیز كە تایبەتمەندە لە سەر سووریا جەخت لەوە دەكاتەوە كە دەبێت ئەو سزایانە هەڵبوەشێندرێنەوە، لەبەر ئەوەی راستەوخۆ سزای خەڵكی سووریا دەدات، بەڵام ئەم بیانووە گرنگترین خاڵی لەبیر كردووە، ئەویش ئەوەیە كە خەڵكی سووریا بەدەست گەندەڵیی بەرپرسان و دڕندەیی حوكمڕان و خراپی بەڕێوەبردنی ئابوورییەوە دەناڵێنن، بۆیە هەڵوەشاندنەوەی سزاكانی سەر سووریا پرسێك نییە كە واشنتۆن و هاوپەیمانی دەیكەن، بەڵكو پرسیار ئەوەیە كە: چۆن سەرچاوەكانی هاریكاری ئەمریكا بۆ حكومەتی سووریا بە هەدەر نەدرێت.

ئەسەد و وتەبێژەكانی بە بەردەوامی باس لەوە دەكەن كە حكومەت دەسەڵاتی تەواوی خۆی بەسەر هەموو وڵاتەكەدا دەسەپێنێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە، ئایدیۆلۆژیەتی بەعس كە ئەم وڵاتەی پەروەردە كردووە، سیستمی لامەركەزی رەتدەكاتەوە، هەروەها سووریا لاوازە لە دانانی كارمەندی لێهاتووی ئیداری لە شار و قەزاكاندا، ئەزموونی گەندەڵكاری عێراقیش ئەوەی دەرخستووە كە سەركەوتنی لامەركەزی چەند قورسە لە دەوڵەتێكی بەعسیدا، هەر بۆیە ئەسەد پێی باشترە میللەتەكەی لە ژێر سایەی دەوڵەتێكی لاوازی سەنتراڵی سەركوتكاردا بژی، نەك چاكسازییەكی راستەقینە پێشكەش بكات، ئەمەش بژارەیەكە كە لە چەندین ساڵی رابردوو هەڵیبژاردووە.

**دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر دەستپێكردنی هەڵمەتەكانی سەرۆك ئۆباما دژی داعش، ئەو هاوپەیمانییەی كە ئەمریكا سەرۆكایەتی دەكات، توانی ٦٠٪ی ئەو خاكە كۆنترۆڵ بكاتە كە پێشتر داگیركرابوو، باجی ئەم سەركەوتنەش قوربانی مرۆیی و دیپلۆماتیەت بوو، شاڵاوە ئاسمانییەكانی ئەمریكا بە سەدان هاووڵاتی سیڤلی كردۆتە قوربانی، هەروەها پشتگیری ئەمریكا بۆ هێزە كوردییەكانی سووریا بۆتە هۆكاری ئەوەی زیانی بە پەیوەندیەكانی ئەمریكا و توركیا داوە**

**لە ٢٠١٦ توركیا و ئەمریكا نەیانتوانی هاوكاری ئەو كوردانە بكەن كە ئەمریكا پشتیگری دەكردن بۆ شەڕی دژی داعش، ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەك ناوچە كوردییەكانی سەرسنوور بەرەو سەربەخۆیی بچن، هەروەها هەڵمەتەكانیان دژی رژێمی ئەسەد كەم كردەوە و دووبارە هاوكاریی ئەو یاخیبووانەیان كرد كە شەڕیان لە دژی كورد دەكرد**

### لە شاڵاوی بەرەنگاربوونەوەی ئێراندا...

# ترەمپ پێداگیرییەکی زیاتر لەسەر یەمەن دەکات

لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتە گەرموگوڕەی کە ئەنجامی دەدات، ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لەو بڕوایەدایە کە یەمەن گۆڕەپانێکی هەستیارە و ئامانجیشی لەوەدا دانانی سنوورێکە بۆ قەڵەمڕەویی ئێران لە جیهانی عەرەبیدا، واشنتۆن زۆر نیگەرانە بە تایبەتیش لەئاست ئەو توانایەی کە ئێران بەدەستی هێناوە لە رووی دابڕینی هەموو دەروازەیەکی هەناردەکردن لە دەریای سووردا کە بە پێگەیەکی بنەڕەتیی بازرگانیی وزەی جیهانی دادەنرێت.

بە گوتەی بەرپرسیارانی ئیدارەی ئەمریکا، زێدەبوونی هەوڵەکان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی یەمەن، هاوڕێیە لەگەڵ دەرفەت و ریسکەکان پەیوەست بە کۆشکی سپی، نەخاسمە لەگەڵ هەڵکشانی شەڕەقسەو لێدوان لەهەمبەر ئێراندا، بۆیە بڵاوەپێکردنی چڕی هێزەکانی هاوپەیمان لە یەمەندا، کە زۆربەیان لە سعودیەو ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتووە دەکرێ تا ئەمڕۆش ببێتە پشتیوان بۆ شاڵاوێکی سەرکەوتوو دژی ئەو میلیشیایانەی کە ئێران پشتگیرییان دەکات لەگەڵ ئاستێکی کەمی دەستتێوەردانی ئەمریکا، ئیدارەی ئەمریکا ئەو پشتیوانییە هەواڵگری و لۆجیستییەی کە پێشکەشی هاوپەیمانانی دەکات چڕترکردۆتەوە و چەندین هێرشی مووشەکی کردۆتە سەر چەکدارانی رێکخراوی ئەلقاعیدە لە یەمەن. بۆیە ئەمریکا هەوڵەکانی لەسەر هەردوو ئاست زێدەتردەکات، لەو سۆنگەیەوە کە پێیوایە ئێران چەك و راوێژی سەربازی دەداتە یاخیبووانی حووسی، ئەوانەی شەڕدەکەن دژی حکومەتەکەی عەبد رەبە مەنسور هادی کە لەلایەن دەوڵەتانەوە دانی پێدانراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ولایەتە یەکگرتووەکان رووبەڕووی مەترسیی تێوەگلانی کردارەکی دەبێتەوە لە شەڕی یەمەندا، کە وا دیارە گرنگییەکەی لە پرسەکانی دیکە کەمترە بە بەراورد لەگەڵ شەڕێکی فراواتر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەلایەکی دیکەوە ئێران و هاوپەیمانەکانی لەم مانگانەی دواییدا دەستکەوتگەلێکی زۆریان لە شوێنەکانی دیکە بەدەستهێناوە، بە تایبەتیش کە لەم دواییەدا دەستیان بەسەر شاری کەرکووك لە هەرێمی کوردستاندا گرتووە، لە سووریاش وا دیارە رژێمی ئەسەد هێشتا بە پشتیوانیی زۆری ئێران رەگی لە دیمەشق داکوتاوە، لەکاتێکدا حزبوڵا و هێزەکانی ئێران بوونەتە هەڕەشەیەکی زۆر بۆ سەر سنووری ئیسرائیل.

**ئێران و هاوپەیمانەکانی لەم مانگانەی دواییدا دەستکەوتگەلێکی زۆریان لە شوێنەکانی دیکە بەدەستهێناوە، بەتایبەتیش کە لەم دواییەدا دەستیان بەسەر شاری کەرکووک لە هەرێمی کوردستاندا گرتووە، لە سووریاش وا دیارە رژێمی ئەسەد هێشتا بە پشتیوانیی زۆری ئێران رەگی لە دیمەشق داکوتاوە، لەکاتێکدا حزبوڵا و هێزەکانی ئێران بوونەتە هەڕەشەیەکی زۆر بۆ سەر سنووری ئیسرائیل**

**کەواتە بۆچی پێداگیری لەسەر حووسییەکان؟**

هەروەك لە هەفتەی رابردوودا ئاماژە بەوە کرابوو کە ستراتیژییەتی تازەی سەرۆك ترەمپ لەهەمبەر ئێراندا بە شێوەیەکی زۆر جەخت لەسەر توانای تاران دەکاتەوە لە رووی فراوانخوازیی ئیقلیمی ئەویش لەمیانی چەکدارکردنی میلیشیا شیعییەکان



نووسینی: جەی سۆلۆمۆن*

**ئەم وتارە لە سایتی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك بڵاو کراوەتەوە.**

و بڵاوەپێکردنی راوێژکارە سەربازییەکان لە دەرەوەدا، بەرپرسانی پایەبەرزی ئەمریکاش دەڵێن کە هێزی دەستەبژێری ئێران واتا پاسدارانی ئێران، سیستەمی پێشکەوتووی چەکی بە شێوەیەکی فراوان داوەتە بریکارە ئیقلیمییەکانی، کە بریتین لە سیستەمی پێشکەوتووی مووشەك کە بە حووسییەکان دراوە.

بە راو بۆچوونی ئیدارەی ئەمریکا پێویستییەکی زۆر لە ئارادایە بە تایبەتی بۆ سنووردارکردنی ئەو یارمەتییانە لەبەر ئەوەی کە حووسییەکان چەندین جارە مووشەکی دژە کەشتی بەکاردێنن لە لێدانی کەشتییە سەربازییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان کە لە ئاوەکانی بەرامبەر کەناری یەمەن دەپەڕنەوە، ئەمەو رۆژانە زیاتر لە سێ ملیۆن بەرمیل نەوت لە گەرووی بابولمەندەب دەپەڕێتەوە ئەو شوێنەی کە کەنداو بە دەریای سوور دەبەستێتەوە، جا لەبەر ئەوەی ئێران لە گەرووی هورمزی کەنداوی عەرەبی نزیکە، بۆیە پرۆسەی گواستنەوەی مووشەکەکان لەلایەن حووسییەکانەوە ترسی ئەوەی ناوەتەوە لە ئەگەری ئەوەی کە رەنگە ئێران هەر بەخۆی بتوانێت کۆنترۆڵی ئەو دوو گەرووەی وزە بکات لە ناوچەکەدا.

لەبەر ئەوە ئەمرۆ یەمەن پێگەیەکی لەپێشینەو ناوەندیی لە ستراتیژییەتی تازەی ئەمریکادا هەیە لە بەرامبەر ئێراندا، ئەمەش بەگوتەی ئەو راوێژکارە پلەبەرزەی کە بەشداری لە دارشتنی ئەو ستراتیژییەتەیدا کردووە، ئەو بەرپرسە هەروەها دەڵێت: ئاستی پرۆسەی گواستنەوەی چەك مایەی قبوڵ نییە، لەمەشدا ئاماژە بەوە دەکات کە حووسییەکان چەند مووشەکێکیان لە نێو خاکی باشووری یەمەنەوە بە ئاراستەی سعودیە هاویشتووە،. واشنتۆنیش زۆر نیگەرانە لەوەی کە ئەگەری ئەوە هەیە ئێران حووسییەکان بکاتە هێزێکی سیاسی و سەربازی لە شێوەی (حزبولا) کە ئەمرۆکە دەکرێ تا رادەیەکی زۆر بە بەهێزترین گەمەکار دابنرێت لە لوبنان.

بەرپرسانی پایەبەرزی ئێران رەتی دەکەنەوە کە چەکیان بە حووسییەکان دابێت، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی هاوپەیمان دەڵێن: لەم چەند ساڵەی دوییدا رێگەیان لە گواستەوەی چەکی ئێران بۆ یەمەن گرتووە، ئەو چەکانەی کە زۆربەیان بە رێگەی بەلەمی چارۆکەداری بچووکەوەو بێ ئاڵای ئێرانی بە قاچاغ دەگوازرێنەوە، لە ١٢ی تشرینی یەکەمدا، میدیای فەرمیی ئێران لە زاری فەرماندەی سەربازیی حووسییەکان محەمەد عەلی حووسییەوە رایگەیاندووە کە گوایە گوتوویەتی هێزەکانیان سەرقاڵی پەرەپێدانی تواناکانیانن تایبەت بە دروستکردنی چەکی بالیستی، بەڵام ناوی ئەو لایەنەی ئاشکرا نەکرد کە تەکنەلۆجیای پێویستی بۆ ئەم کارە دەستەبەرکردووە، هەرچی ئەمریکییەکانە

**حووسییەکان کە سەر بە مەزهەبی شیعەی ئیسلامین و نزیکایەتیی زۆریان لەگەڵ ئێراندا هەیە لە ئەیلولی ٢٠١٤ پایتەختی یەمەنیان کۆنترۆڵکردو و لەوەتەی دوو ساڵە کەوتوونەتە نێو شەڕێکی ناوخۆی دژوارەوە لەگەڵ حکومەتی هادی و هاوپەیمانەکانی لە دەوڵەتانی کەنداو.لە ئاداری ٢٠١٥ دا سعودیەو ئیماراتی عەرەبی رووبەڕووی کێشەکە بوونەوەو چەکی دژە فڕۆکەو هێزی وشکانییان بەکارهێنا لە هەوڵێکدا بۆ رێگەگرتن لە حووسییەکان و هێزەکانی دیکەی سەرۆکی پێشوو عەلی عەبدوڵا ساڵحی هاوپەیمان**

**جۆن کیری وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا لەم مانگانەی دواییدا کە لە پۆستەکەیدا مابوو هەوڵی زۆری دا بۆ گەیشتن بە ئاگربەست کاتێ لە مانگی تشرینی دووەمی رابردوودا راستەوخۆ لەگەڵ سەرانی حووسی لە سوڵتانشینی عومان کۆبۆوە، بەگوتەی بەرپرسانی ئێستا و پێشووی ئەمریکا ئەو هەوڵانە هەرەسیان هێنا دوای ئەوەی چەکداران هەستیان کرد کە سیاسەتی کۆشکی سپی لەسەردەمی ترەمپدا ئاراستەیەکی دیکە دەگرێتە بەر**

**بەرپرسانی ئێستاو پێشووی ئەمریکا پێیانوایە کە بەرەنگاربوونەوەی بوونی ئێرانی و حووسی لە دەریادا تەحەددییەکی گەورەیە و رەنگە پەلبکێشێت بۆ هەڵکشانی گرژیی سەربازی. بەپێی رۆژنامەی(نیویۆرک تایمز) لە شوباتی رابردوودا، جیمس ماتیس وەزیری بەرگریی ئەمریکا بیری لەوە کردبۆوە کە چۆن دەتوانێت بریاری قەدەغەکردنی چەک دەربکات بۆ کەشتییەکی ئێرانی کە مەزەندەدەکرا چەک لەنێو دەریای ئەلعەرەب بۆ حووسییەکان بگوازێتەوە، بەڵام لە دوا چرکەدا وازی لەم بریارە هێنا**



پێیانوایە ئێران لەپشت ئەم کارەوەیە.

لەلای خۆشیانەوە، سەرکردە پایە بەرزە سیاسییەکانی ئێران و فەرماندەکانی پاسدارانی ئێران ستایشی لێهاتوویی سەربازیی حووسییەکان دەکەن و سەرکەوتنەکانی ئەوانیان بە دەستڕۆیشتوویی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە بەستۆتەوە. هەروەها وتەبێژی پاسدارانی ئێران حوجەتولئیسلام عەلی سەیدی لە حوزەیرانی رابردوودا ئاماژەی بەوە کردووە کە کاریگەریی رۆحیی کۆماری ئیسلامی گەیشتۆتە بابولمەندەب. لە درێژەی قسەکانیشیدا دەڵێت: سنووری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ئەمڕۆ لە دەریای ناوەڕاستەوە بەرەو ئاوەکانی بەرامبەر کەناری یەمەن درێژدەبێتەوە.

هەنگاوەکانی دواتر لە شەڕدا

حووسییەکان کە سەر بە مەزهەبی شیعەی ئیسلامین و نزیکایەتیی زۆریان لەگەڵ ئێراندا هەیە لە ئەیلولی ٢٠١٤ پایتەختی یەمەنیان کۆنترۆڵکردو و لەوەتەی دوو ساڵە کەوتوونەتە نێو شەڕێکی ناوخۆی دژوارەوە لەگەڵ حکومەتی هادی و هاوپەیمانەکانی لە دەوڵەتانی کەنداو.لە ئاداری ٢٠١٥ دا سعودیەو ئیماراتی عەرەبی رووبەڕووی کێشەکە بوونەوەو چەکی دژە فڕۆکەو هێزی وشکانییان بەکارهێنا لە هەوڵێکدا بۆ رێگەگرتن لە حووسییەکان و هێزەکانی دیکەی سەرۆکی پێشوو عەلی عەبدولا ساڵحی هاوپەیمان. بە پێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر لە ١٥ هەزار هاووڵاتی سڤیلی یەمەنی لەم شەڕەدا گیانیان لەدەستداوە، کە وێڕای ئەمە نەخۆشیی کولێراو برسێتیش تەنگی پێ هەڵچنیون.

هەروەك پێشتریش ئامەژەمان پێدا، ئیدارەی ترەمپ لەوەتەی دەسەڵاتی وەرگرتووە بەردەوام کاری کردووە بۆ زیادکردنی یارمەتییەکانی بۆ هاوپەیمانان لە یەمەن بە سەرۆکایەتیی سعودیە، بەرپرسانی ئەمریکا و عەرەبییش دەڵێن: پشتیوانیی هەواڵگری و لۆجیستی کە بنتاگۆن پێشکەشی ریازو ئەبوزەبی دەکات لەم مانگانەی دواییدا زۆر زیادی کردووە، لەم رووەوە بەرپرسێکی باڵای ئەمریکا گوتی: هەمیشە سعودییەکان شەرێکی راستەقینە نین بەڵکو ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین کە هەواڵگریی خۆشمان بەشداریی پێ بکەین، بۆیە پێویستە بەیەکەوە مامەڵە بکەین، هاوکات کۆشکی سپی بریاری قەدەغەکردنی لەسەر فرۆشتنی چەك هەڵگرت کە تەنیا بۆ سعودیە دەچێت تاکو لە یەمەن بەکاری بهێنێت( ئیدارەی ئۆباما فرۆشتنی ئەو چەکانەی سڕکردبوو لە ترسی کوشتنی ئەو هاووڵاتییە سڤیلانەی کە لەم دواییەدا زۆریان لێکوژرابوو).

بەرپرسانی باڵا لە ئیدارەی ئەمریکا باس لەوە دەکەن کە ئەو هاوکارییە چڕەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشکەشی هاوپەیمانی دەکات وا دەخوازێ سنوورێك بۆ ژمارەی کوژراوانی سڤیل دابنێت و گوشار بخاتە سەر حووسییەکان تاکو بێنە سەر مێزی وتووێژ بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی. بەڵام لەوەتەی ولایەتی ئیدارەی ئۆباما کۆتایی هاتووە دیبلۆماسییەت پەکی کەوتووە، جۆن کیری وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا لەم مانگانەی دواییدا کە لە پۆستەکەیدا مابوو هەوڵی زۆری دا بۆ گەیشتن بە ئاگربەست کاتێ لە مانگی تشرینی دووەمی رابردوودا راستەوخۆ لەگەڵ سەرانی حووسی لە سوڵتانشینی عومان کۆبۆوە، بەگوتەی بەرپرسانی ئێستا و پێشووی ئەمریکا ئەو هەوڵانە هەرەسیان هێنا دوای ئەوەی چەکداران هەستیان کرد کە سیاسەتی کۆشکی سپی لەسەردەمی ترەمپدا ئاراستەیەکی دیکە دەگرێتە بەر.

سەبارەت بە هەرەشەی دەریایی، بەرپرسانی ئەمریکا دەڵێن کە بنتاگۆن هەوڵی زۆر دەخاتە گەڕ بۆ پاراستنی رێڕەوە ستراتیژییەکانی ئاو لەبەرامبەر



کەناری یەمەندا، ئەم پرۆسەیەش لەسەروبەندی کۆتاییهاتنی ئیدارەی پێشووی ئەمریکا زیاتر خێرایی بەخۆیەوە دیبوو، لە تشرینی یەکەمی رابردوودا سەرۆك ئۆباما ڕێگەی دا کە مووشەکی کروز لە لێدانی سێ بنکەی رادار لە کەنار بەکاربهێنرێت لەو شوێنانەی کە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی حووسییەکان دوای هێرشێکی سەرنەکەوتوو بۆ سەر وێرانکەرێکی ئەمریکی لە دەریای سووردا. حووسییەکان پەلاماری چەند کەشتییەکی سعودی و ئیماراتیشیان دابوو، هەروەها هێزی دەریایی ئەمریکا هۆشداری دا لەبەرامبەر ئەو مینانەی کە حووسییەکان لە نێو ئاودا بڵاویان کردبۆوە بە پشتیوانی و هاوکاریی راوێژکارانی ئێرانی.

بەرپرسانی ئێستاو پێشووی ئەمریکا پێیانوایە کە بەرەنگاربوونەوەی بوونی ئێرانی و حووسی لە دەریادا تەحەددییەکی گەورەیە و رەنگە پەلبکێشێت بۆ هەڵکشانی گرژیی سەربازی. بەپێی رۆژنامەی(نیویۆرك تایمز) لە شوباتی رابردوودا، جیمس ماتیس وەزیری بەرگریی ئەمریکا بیری لەوە کردبۆوە کە چۆن دەتوانێت بڕیاری قەدەغەکردنی چەك دەربکات بۆ کەشتییەکی ئێرانی کە مەزەندەدەکرا چەك لەنێو دەریای ئەلعەرەب بۆ حووسییەکان بگوازێتەوە، بەڵام لە دوا چرکەدا وازی لەم بڕیارە هێنا.

لە راستیدا، بەرپرسانی پلەباڵای ئەمریکا دەڵێن کە دەرك بەوە دەکەن ئێران و پاسدارانی ئێران پشتگیرییان بۆ بریکارە بیانییەکانیان زیاتردەکەن لەبەر رۆشنایی تێڕوانینێکی توندتر کە هەفتەی رابردوو سەرۆك ترەمپ پشتی پێ بەستبوو، بەڵام بە بۆچوونی ئیدارەی ئەمریکا، ئەم ئاراستەیە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ڕێی ناوچەکە روون بۆتەوە، لەگەڵ ئەو کۆمەکەی ئێران دەیداتە هاوپەیمانەکانی لە سووریاو کوێت و بەحرەین و ناوچە شیعییەکانی رۆژهەڵاتی سعودیە، هەروەك بەرپرسێك دەڵێت: ئەو چالاکییە لەوەتەی گەیشتن بە ڕێکەوتنی ناوکی لە ساڵی ٢٠١٥ زیاتر پەرەی سەندووە، بۆیە پێناچێت لەخۆیەوە سستی تێ بکەوێت.

هاوکات هەڵکشانی پشتیوانیش بۆ هاوپەیمانی سعودیە زۆر ئاڵۆزە، چونکە بەرپرسانی ئەمریکاو عەرەب دەرکیان بەوە کردووە کە ئەو شەڕە بە چارەسەری سیاسی کۆتایی نایەت، هەرچەندە دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا گوشارە بۆ سەر حووسییەکان تاکو دیبلۆماسییەت پەیڕەوبکەن، بەڵام ئەوە دەبێتە هۆی دانانی سنوورێك بۆ ریاز تاکو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی هەڵپەسێرێت، بە تایبەتی کە دەبینێت قێیشکەوتنێکی گرنگ هاتۆتە پێشەوە.



## نەبیل تکریتی

### شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# سەرهەڵدانی گرووپە توندڕەووەکان دەرهاویشتەی ناسەقامگیریی ئابووری و نائومێدیی سیاسین

**کاتێک سیاسەتی ئیقلمی سیاسەتێکی ئارام بێت، ئەوا تایفەگەری خامۆش دەبێت، هەرچۆنێک بێت، لە ئێستادا ئێمە لە دۆخێکی لەم چەشنەدا نین**

**لەبەر ئەوەی ئێران بەشێکە لە کێشەکە ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانێت ببێتە بەشێک لە چارەسەرەکەش، ئەگەر هاتوو کاراکتەرەکانی دیکەش هاتنەسەر خەت**

**سەرجەم دەوڵەتانی کەنداو، سعودیە، تورکیا، رووسیا، ناتۆ و ئەمریکا و چەند کاراکتەرێکی دیکە دەستێوەردانی زیاتر، یان کەمتر ئیجابی ناکەن بە بەراورد بە ئێران لەم ساتەوەختەدا**

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت و ئایا ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانە چین کە مایەی زۆرترین نیگەرانین؟**

- ئەوەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی رابردوودا بەردەوام خراپتر و خراپتر بووە. هەر کاتێکیش وا بزانین کە دۆخەکە بە خراپترین حاڵەت گەیشتووە، ئەوا دەبینین زیاتر ڕۆدەچێت و پتر خراپتر دەبێت. ئەوە مایەی زۆرترین نیگەرانییە، هەڵکشانی بەردەوامی توندوتیژی، نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و توندوتیژیی سیاسیە، واتە ناوچەکە بۆتە نموونەی ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرێت لەسەر ئاستی جیهانی ڕوربدات.

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە ئەگەرەکانی بە دیموکراتیزەکردن دەڕوانیت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەتایبەتی لە دوای ئەوەی پێی دەڵێن (بەهاری عەرەبی)، ئایا دەکرێت بڵێین دەرفەتەکان بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی دیموکراسی لاوازن؟**

- لە ڕاستیدا و لەم ساتەوەختەدا ئەگەرەکانی بە دیموکراتیزەکردن زۆر لاوازن. واتە نەك تەنیا پێناچێت دیموکراتیزەکردن کارێکی کردەنی بێت لەم چرکەساتەدا، بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا پێدەچێت پرسیارێکی هەڵەش بێت، مەبەستم ئەوەیە بڵێم دۆخەکە بە چەشنێك پەرەی سەندووە کە زۆر دوورە بتوانین بە دیموکراتیکردن بە ئامانجێکی واقیعیبینانە لە قەڵەم بدەین لە مەودای نزیکدا.

*** هەندێ جار وا دەردەکەوێت کە کێشە و ناکۆکی و تەحەددییە درێژخایەنەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قابیلی چارەسەرکردن نەبن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تەنگژەکانی ئەم ناوچەیە هێندە ئاڵۆزن کە چارەسەرکردنیان سەخت و دژوار بێت، ئەگەر نەڵێین مەحاڵ بێت؟**

- من پێموایە ئەگەر گۆڕانکاریی گەورە ڕوونەدات لە هۆشیاریی کۆمەڵگەدا، ئەوا کێشە سەرەکییەکان وەك کێشەی سیستماتیکی دەمێننەوە، بەو پێیە قابیلی چارەسەریش نابن. هەندێ کەس پێیانوایە تەحەددییەکان پەیوەستن بە درەنگکەوتنی سەرمایەدارییەوە واتە داڕووخانی دەوڵەتی سۆشیالیزمی لە ناوچەکە و دەوڵەتە خۆشگوزەرانەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە پرسی ئیستیغلاکردنی بەربڵاو و سوودمەندبوون لە دۆخی جەنگ، بەو پێیە ئەگەری ئەوە نییە دۆخەکە بەرەو باشتر بچێت بەم نزیکانە.

*** هەروەك دەزانن لە ئێستادا چەندین گرووپی ڕادیکاڵی و تیرۆریستی هەن لە ناوچەکەدا، کە بوونەتە هۆی هێنانەئارای کوشتار و کاولکارییەکی بێ پێشینە، ئایا هۆکارە بنەڕەتییەکانی سەرهەڵدانی ئەم گرووپانە چین و چۆن دەکرێت بەرپەرچیان بدرێتەوە؟**

- سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەم گرووپانە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی ناسەقامگیریی ئابووری، بێئومێدیی سیاسی و دەستێوەردانی نێودەوڵەتین کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا ئەم ناوچەیەیان گرفتار کردووە. کەواتە پێویستە ئەم هۆکارە بنەڕەتییانە چارەسەر بکرێن، ئەگەرنا ئەم گرووپانە یەك لە دوای یەك سەرهەڵدەدەن.

*** چۆن لە پەیوەندیی ئایین و سیاسەت دەڕوانیت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بۆچی توندوتیژی ئەوەندە بەربڵاوە لەم ناوچەیەدا؟**

- ئایین سیاسەتە و بە پێچەوانەشەوە. هۆکارە بنەڕەتییەکان- بە تایبەتی دەستێوەردانی دەرەکی- ئاگری توندڕەوی خۆش دەکەن، کە خۆی لە خۆیدا سرووشتێکی سیاسی هەیە، بەڵام گوزارشتێکی ئایینیان لێدەکرێت.

*** بۆچوونت چییە لەبارەی دەستێوردانی دەرەکی لەم ناوچەیەدا؟ ئایا باوەڕت وایە کە هەمیشە بوونەتەهۆی خراپترکردنی دۆخەکە، یان هێزە دەرکییەکان دەتوانن ڕۆڵی ئیجابی ببینین لە**

**نەبیل تکریتی خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری مێژوودا کە لە زانکۆی شیکاگۆ بەدەستی هێناوە، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێك دەدات، وەك مێژووی عوسمانی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ و کاروباری مرۆیی. لە میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشە و تەحەددی و تەنگژەکانی ئەم ناوچەیە و ڕێگاچارەی یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنیان، کە لێرەدا دەقەکەی بڵاو دەکەینەوە.**

**بارودۆخی ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە؟**

- لە کاتێکدا دەکرێت هێزە دەرەکییەکان ڕۆڵی بنیادنەر ببینن لە ناوچەکەدا، بەڵام ئێمە بۆ چەندین ساڵە، ئەگەر نەڵێین چەندین دەیە دەبێت، نموونەیەکمان نەبینیوە لەم ڕووەوە. داگیرکردنی عێراق لەلایەن- ئەمریکا و بەریتانیاوە- ساتەوەختێکی یەکلاکەرەوە بوو، پێموایە ئەو ئامانجەی پێکا کە بۆی دانرابوو، واتە تێکشکاندنی بونیادی دەوڵەتەکە بۆ کارئاسانیکردن بۆ کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەکان، واتە ئامانج و ئەرکەکە هێنرانەدی.

*** چۆن لە دەستڕۆیشتوویی ئێران دەڕوانیت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ ئایا پێتوایە ئێران سەرچاوەی کێشەکەیە یان دەکرێت ببێتە بەشێك لە چارەسەرەکە؟**

- حاڵی ئێران حاڵی هەر دەوڵەت و کاراکتەرێکی دەرەکی یان ناوخۆیی دیکەیە لە ناوچەکەدا، مەبەستم ئەوەیە نە زیاتر و نە کەمتر مایەی کێشەیە بە بەراورد بەو وڵاتانە. سەرجەم دەوڵەتانی کەنداو، سعودیە، تورکیا، ڕووسیا، ناتۆ و ئەمریکا و چەند کاراکتەرێکی دیکە دەستێوەردانی زیاتر، یان کەمتر ئیجابی ناکەن بە بەراورد بە ئێران لەم ساتەوەختەدا. هەروەها لەبەر ئەوەی ئێران بەشێکە لە کێشەکە ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانێت ببێتە بەشێك لە چارەسەرەکەش، ئەگەر هاتوو کاراکتەرەکانی دیکەش هاتنەسەر خەت.

*** کێشەیەکی دیکە هەیە کە ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش بریتییە لە ڕکابەریی تایفەگەری نێوان سوننە و شیعە، چۆن دەکرێت مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکرێت؟**

- ئەم کێشەیە گرێدراوی کێشەکانی دیکەیە. کاتێك سیاسەتی ئیقلمی سیاسەتێکی ئارام بێت، ئەوا تایفەگەری خامۆش دەبێت، هەرچۆنێك بێت، لە ئێستادا ئێمە لە دۆخێکی لەم چەشنەدا نین.

*** ڕاوبۆچوونت چییە لەبارەی کێشەی ئیتنی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی کە ئێستا کێشەیەکی گەورە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا هەیە، پێتوایە ئایندەی ئەم کێشە و ناکۆکییانە بەرەو کوێ دەچن؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە ساتەوەختێکی مەترسیدارە بۆ کوردی عێراق و بۆ خودی عێراق خۆی، تەنانەت بۆ ناوچەکەش، من نازانم ئایا ئەم ناکۆکی و مانۆڕە سیاسییانەی نێوان سیاسییەکانی کورد و دەوڵەتی عێراق چۆن دەکەونەوە، بەڵام ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا ڕوویدا مایە دڵگەرمی نین.

*** زۆر جار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ڕێگاچارەی جۆراوجۆر دەخرێنەڕوو، ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە لەم بارەیەوە و ئایا پێتانوایە ڕێگاچارەی گونجاو بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە چییە؟**

- من پێموایە هەر چارەسەرێك کە دەگیرێتەبەر، پێویستە بەرئەنجامی گفتوگۆ بێت، نەك بەکارهێنانی هێز. هەروەها من بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ بوونی دەوڵەتی گەورەدام نەك، دەوڵەتی بچووك لە ناوچەکەدا. لەبەر ئەوەی توانایەکی زیاتریان دەبێت لە پاراستنی سەربەخۆیی خۆیاندا.

*** پێشبینییەکانت چین بۆ ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایا باشترین و خراپترین سیناریۆ چین کە چاوەڕێی ئەم ناوچەیە بکەن؟**

- یەکێك لە سیناریۆ خراپەکان بریتییە لە لێکترازانی زیاتری بونیادی دەوڵەتانی وەك تورکیا، سعودیە، یان ئێران. یەکێك لە باشترین سیناریۆکانیش بریتییە لە ئەگەری گەشەکردنی ئەوەی پێی دەوترێت ئابووریی نیولیبراڵی و کۆتاییهێنان بە بارمتەگرتنی سیاسەتی دەوڵەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ناکۆکی لەسەر ئاستی جیهان.

**هۆکارە بنەڕەتییەکان و بە تایبەتی دەستێوەردانی دەرەکی ئاگری توندڕەوی خۆش دەکەن، کە خۆی لە خۆیدا سرووشتێکی سیاسی هەیە، بەڵام گوزارشتێکی ئایینیان لێدەکرێت**

**دۆخەکە بە چەشنێك پەرەی سەندووە کە زۆر دوورە بتوانین بە دیموکراتیکردن بە ئامانجێکی واقیعییانە لە قەڵەم بدەین لە مەودای نزیکدا**

**ئەگەر گۆڕانکاریی گەورە ڕوونەدات لە هۆشیاریی کۆمەڵگەدا، ئەوا کێشە سەرەکییەکان وەک کێشەی سیستماتیکی دەمێننەوە، بەو پێیە قابیلی چارەسەریش نابن**

# ستراتیژییەتی نوێی ئەمریکا بەرامبەر ئێران

**ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی کۆنگرێسە، کە بە هاوکاریکردنی توندوتۆڵ لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکادا یاسایەک دەربکات و لەبەرامبەر کارە تیرۆریستییەکان و پرۆگرامە مووشەکییەکەدا سزای گونجاو بەسەر ئێراندا بسەپێنێت**

**لە راستیدا خودی رژێمی ئێران مایەی کێشەیە و سنوردارکردنی لایەنێکی پرۆگرامی چەکە ئەتۆمییەکەی، لە کاتێکدا کە دەستی بە ملیارەها دۆلاردا رادەگات، نەک تەنیا پاداشتکردنەوەی رژێمەکەیە لەبەرامبەر دەیان ساڵی کاری تێکدەرانە، بەڵکو لە راستیدا و لە کۆتاییدا دەبێتەهۆی دەستەبەرکردنی دارایی بۆ کردەوەگەلێک کە راستەوخۆ زیان بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەگەیەنێت**

ئەم ستراتیژیەتە، نوێترین دەستپێشخەری ئیدارەی ترەمپە بۆ دووبارە دارِشتنەوە (یان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا) هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنە نێودەوڵەتییە جۆراوجۆرەکان کە ئیدارەی پێشووتر ئەنجامی دابوون و دەرئەنجامەکەشیان خەسارەتێکی ستراتیژی بوو بۆ ئەمریکا. خۆ ئەگەر بێتو رێککەوتنێك هەبوبێت کە زیانێکی روون و ئاشکرا و بێ پاساوی دووچاری ئەمریکا کردبێت، ئەوا بریتییە لەو رێککەوتنە ئەتۆمییەی کە ئیدارەی ئۆباما لەگەڵ ئێراندا واژۆی کرد.

کاتێك لە وتارەکەیدا ئەوەی دووپات کردەوە کە ئێران پابەند نەبووە بە رێککەتنەکەوە- کە ئیدارەی ئۆباما ئەنجامی دابوو لەگەڵیدا-، سەرۆك ترەمپ جەختی لەسەر ئەو خاڵە کردەوە کە کێشە بنەڕەتییەکەی رێککەوتنەکە بریتییە لەوەی تەنیا یەك لایەنی کێشە بنچینەییەکەی ئێرانی لەبەرچاو گرتووە- واتە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران-، و سەرجەم کێشە جددییەکانی دیکەی لەگەڵ تاراندا نادیدە گرتووە. بۆ نموونە، ئێران وەك دەوڵەتێك زۆر چالاك و پشتیوانکاری بەرچاوی تیرۆریزمەو سوپای پاسدارانیش زۆرێك لە کارە تیرۆریستییەکانی رژێمی ئێران جێبەجێ دەکات، هەروەها پرۆگرامە مووشەکییەکەی ئێرانیش مایەی کێشە و گرفتە. چونکە مووشەکە دوورهاوێژەکان بریتین لە سیستمی هەڵدانی کڵاوە ئەتۆمییەکان. بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای مووشەکیش دژوارترە بە بەراورد بە دروستکردنی چەکیی ناوکی. ئێمە ئەم حاڵەتە لە کۆریای باکوور بەدی دەکەین. کە بۆ ماوەیەکە خاوەنی چەکی ناوکییە، بەڵام بەدەستهێنانی سیستمەکانی هەڵدانیان کارێکی زەحمەتترە.

پلانە نوێیەکەی ترەمپ لە ئاست ئێراندا کشانەوەی دەستبەجێی ئەمریکا لە رێککەوتنەکە ئەتۆمییەکە لە خۆناگرێت. لەبری ئەوە، ئەمریکا کار لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی ئێرانییەکان بە راستی پابەند دەبن بە رێککەوتنەکەوە. کە هیچ چاوپۆشییەکیش ناکرێت لە هەر خۆدزینەوەیەکی لە پابەندبوونەکانی. لەگەڵ ئەوەشدا، کارێکی دژوارە خۆدزینەوەی ئێران لە پابەندبوونەکانی پشتراست بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێران باوەڕی بەوە نییە کە پشکنەرە نێودەوڵەتییەکان دەستیان بە پێگەکانی سوپادا رابگات، کە پێشتر کردەوە نایاساییەکانی لەو پێگانەدا بەڕێوە دەبرد. هەرچۆنێك بێت، ئەو بەشانەی رێککەوتنەکە کە دەکرێت پشکنینیان بۆ بکرێت، دەکەونە ژێر چاودێری ورد و جددییەوە. ئەوەی لێرەدا شایستەی بیرهێنانەوەیە ئەوەیە تەنانەت سەرۆك ئۆباماش ئیعترافی بەوە کرد کە خودی رێککەوتنەکە تەنیا چەند مانگێکی کەم و تاوەکو ساڵێك ئەو ماوەیە دوادەخات کە ئێران تێیدا دەتوانێت چەکی ناوکی بەدەست بهێنێت، ئەمە ئەگەر هاتوو تاران بڕیاریدا کە بە تەواوەتی خۆی لە رێککەوتنەکە بدزێتەوە، یاخود بڕیاریدا چاوەڕێی بەسەرچوونی بڕگەکانی رێککەوتنەکە بکات و دواتر لەو ماوەیەدا ئەو کارە ئەنجام بدات. بە دڵنیاییەوە، لەو کاتەدا، ئەمریکا ناتوانێت پرۆگرامی مووشەکی ئێران رابگرێت، چونکە بۆی هەیە رژێمی ئێران تا



نووسینی: ڕێبێکا هاینریکس

لە سایتی Hudson Institute بڵاو کراوەتەوە

ئەو کاتە کاری لەسەر پەرەپێدانی مووشەکی بالیستی کیشوەربڕ کردبێت کە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ئەتۆمییان هەبێت.

کەواتە گرنگە سەرجەم مەترسییەکانی ئەو ڕژێمە لەبەرچاو بگیرێن و چارەسەر بکرێن، نەك تەنیا تەرکیز لەسەر لایەنێکی بچووکی پرۆگرامی چەکەکەی بکرێتەوە، ئەمە ئەگەر هاتوو ئەمریکا ویستی پەند لە مێژوو وەربگرێت. لە ڕاستیدا خودی ڕژێمی ئێران مایەی کێشەیە و سنوردارکردنی لایەنێکی پرۆگرامی چەکە ئەتۆمییەکەی، لە کاتێکدا کە دەستی بە ملیارەها دۆلاردا رادەگات، نەك تەنیا پاداشتکردنەوەی ڕژێمەکەیە لەبەرامبەر دەیان ساڵی کاری تێکدەرانە، بەڵکو لە ڕاستیدا و لە کۆتاییدا دەبێتەهۆی دەستەبەرکردنی دارایی بۆ کردەوەگەلێك کە ڕاستەوخۆ زیان بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەگەیەنێت. با لە یادمان بێت کە ئێران بەرپرسە لە کوشتنی زیاتر لە ٥٠٠ جەنگاوەری ئەمریکا، ئەمەش ڕاستییەکی زانراو بوو کاتێك سەرۆك ئۆباما کاری بۆ شەرعیەتدان بە ئێران دەکرد لە ڕێی ئەنجامدانی ڕێککەوتنەوە لەگەڵیدا.

هەروەها، ئەوەی گرنگ بوو سەرۆك ترەمپ ئاماژەی بە گەلی ئێران کرد لە وتارەکەیدا. ئەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەمریکا کێشەی لەگەڵ ڕژێمی حوکمڕانی ئێراندا هەیە، نەگ لەگەڵ گەلەکەیدا. تەنانەت گەلی ئێران زۆرترین قوربانیی دەستی دڵڕەقی و دەستدرێژی ڕژێمی ئێرانن. کەواتە تاوەکو ڕژێمی ئەو وڵاتە ڕەوتی سیاسەتی خۆی نەگۆڕێت، یاخود تاوەکو ئەوەندە لاواز نەکرێت کە گەلی ئێرانی- ئەوانەی خواستی فرەیی و سەربەخۆییان هەیە- بتوانن ڕژێمەکە بگۆڕن، یان بیڕووخێنن، ئەوا کردەوە و سیاسەتە لێکدابڕاوەکان، وەك ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، تەنیا کاریگەرییەکی لاوەکییان دەبێت. گرفتی ڕێککەوتنەکە لەگەڵ ئێراندا ئەوەیە نابێتەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکە. سەرۆك یەکەم هەنگاوی هەڵگرت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیە.

ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی کۆنگرێسە، کە بە هاوکاریکردنی توندوتۆڵ لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکادا یاسایەك دەربکات و لەبەرامبەر کارە تیرۆریستییەکان و پرۆگرامە مووشەکییەکەدا سزای گونجاو بەسەر ئێراندا بسەپێنێت. خۆ ئەگەر هاتو ئەم هەنگاوانەش بوونە هۆی ئەوەی ئێران لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە، هیچ کێشە نییە با بکشێتەوە. بە گوزارشتی بەرپرسەکانی نێو ئیدارەی ئۆباما: نەبوونی ڕێککەوتن باشترە لە بوونی ڕێککەوتنێکی خراپ.

پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەمە ستراتیژییەتێکی زۆر باشە. ئەوەی ئەمریکا پێویستی پێیەتی بوونی ڕێچکەیەکی ڕوون و واقیعبینانەیە لە ئاست ئێراندا، کە لە دەرئەنجامدا ببێتەهۆی پاراستنی ئاشتی لە مەودای نزیك و دووردا. جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتەش پێویستی بە کار و کۆششێکی گەورەی دیپلۆماتی هەیە. خۆ ئەگەر هاتوو ئەمریکاش سەرکەوتوو بوو لەم ڕووەوە، ئەوا ئەمە ئاماژەیە بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیرییەکی درێژخایەن.

**ئێران وەک دەوڵەتێک زۆر چالاک و پشتیوانکاری بەرچاوی تیرۆریزمەو سوپای پاسدارانیش زۆرێک لە کارە تیرۆریستییەکانی ڕژێمی ئێران جێبەجێ دەکات**

**پلانە نوێیەکەی ترەمپ لە ئاست ئێراندا کشانەوەی دەستبەجێی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە ئەتۆمییەکە لە خۆناگرێت. لەبری ئەوە، ئەمریکا کار لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی ئێرانییەکان بە ڕاستی پابەند دەبن بە ڕێککەوتنەکەوە. کە هیچ چاوپۆشییەکیش ناکرێت لە هەر خۆدزینەوەیەکی لە پابەندبوونەکانی**